# ڕووداو RÛDAW

ژمارە (551) دووشەممە 2019/4/22 - 3ی گوڵان 2719 (750) دینار


## لە هەولێر کۆمپانیایەک 210 ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان دەدزێ

**ڕووداو- هەولێر**

ئاسایشی هەولێر چوار کەسی بەتۆمەتی فێڵکردن لە هاووڵاتیان دەستگیر کرد کە بەناوی کۆمپانیایەکی بەڵێندەرایەتی لە هەولێر 210 ئۆتۆمبێلیان لە خەڵک وەرگرتووە و فرۆشتوویانن.

حوسێن حەمەد کە ماوەی مانگێکە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکە کردووە و ئوتومبێلێکی بە کرێ داوەتە ئەو کۆمپانیایە، دەڵێت: "ئەوان گوتیان ئێمە کاری بەڵێندەرایەتی لەگەڵ کونسوڵخانەی ئەمریکا دەکەین و پێویستمان بە تەنکەرێک هەیە. مانگانە 1500 دۆلار کرێت دەدەینێ. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئەوانەی لە کۆمپانیاکە بوون دەستگیرکران، چونکە دەرکەوت دز بوون و تەنکەرەکەشیان فرۆشتووە".

حوسێن وایزانیوە کۆمپانیاکە تەنیا ئۆتۆمبێلی ئەویان بردووە، بەڵام دەرکەوتووە ئۆتۆمبێلی خەڵکی دیکەشیان بردووە و فرۆشتووە "دوای ئەوەی بەدواداچوونمان کرد، زانیمان کۆمپانیاکە 210 ئۆتۆمبێلیان لە خەڵک وەرگرتووە، ئەو ئۆتۆمبێلانەش کە وەریانگرتوون، تەنکەر، بارهەڵگر، تادانۆ، پیکاب و چەند جۆرێکی دیکەی ئۆتۆمبێل بوونە، ئێستا کەس نازانێت ئەو ئۆتۆمبێلانە لەکوێن، چوار کەسیش لەو کۆمپانیایە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون". کۆمپانیاکە بەناوی PMS بۆ بازرگانیی گشتی بووە و ئۆفیسەکەیان لەسەر ڕێگەی کەسنەزان بووە.

2



**زریان ڕۆژهەڵاتی:**
"لافاوەکەی ئێران" عێراقیش دەبات؟
18

داعش بێباکانە لە مەخموور دەسووڕێتەوە
4

**سەرۆکی شارەوانیی ئیستانبووڵ بۆ (ڕووداو):**
لەسەر دەستەخۆشکیی ئیستەنبوڵ و هەولێر قسە دەکەین
6

### لە دوو ڕۆژی داهاتوودا پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنەکەیان واژۆ دەکەن

# پارتی و گۆڕان ڕێککەوتن

### ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان: رازین سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێ



**ڕووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان بە پارتی ڕاگەیاندووە کە ئەوان نایانەوێ ببنە هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت. ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش تەئکیدی کردەوە کە پارتی و گۆڕان گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی ڕێککەوتنەکەیان.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێککەوتنی نێوان بزووتنەوەکەی و پارتی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ چاوەڕوانکراو بوو کە ڕێکدەکەون، چونکە گۆڕان نەیدەویست ببێتە هۆی تێکدانی پرۆسەکە "ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان ڕازی بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێت".

گۆڕان بە چەند مەرجێک ڕازی بوو بە زیادکردنی جێگرێک بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەویش پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی ئەو جێگرەوە هەبوو لەگەڵ پێشخستنی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە.

یەکێتی بە پارتی گوتووە کە ئەوان بەو مەرجانە ڕازین و ئامادەن ڕێککەوتنەکە لەگەڵ پارتی واژۆ بکەن. هەر بەپێی زانیارییەکان، پارتی لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو کە لەگەڵ گۆڕان لەسەر هێڵ بووە، بۆ نیەتپاکیی بە گۆڕانی گوتووە ئامادەیە دەقی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی بخاتە بەردەستی گۆڕان، بۆ ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان بێت و یەکێتیش لاری نەبووە.

جەلال محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کە گۆڕانە، دەڵێت: "دەتوانین بڵێین پارتی و گۆڕان گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی ڕێککەوتنەکەیان و ئەگەری بەهێز ئەوەیە ڕۆژی چوارشەممە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان دیاری بکرێت".

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ، لە سەرەتاوە ئێمە ڕەتماندەکردەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێت، بەڵام ئێستا "لەبەر ئەوەی پرۆسەکە لەوە زیاتر دوانەکەوێ، گەیشتووینەتە هەنگاوی کۆتایی ڕێککەوتنەکە و چاوەڕوان دەکرێ دووشەممە یان سێشەممە بە فەرمی ڕێککەوتنەکە ڕابگەیێندرێ و دواتر پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنەکەیان واژۆ بکەن".

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەهۆی هەستیاریی دۆخەکە نایەوێت ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "تاوەکو ئێستا بەهۆی یەکێتی و دواتریش بەهۆی نیگەرانییەکانی گۆڕانەوە پرۆسەکە پەکیکەوتبوو. ئەگەر گۆڕان بە دوو جێگر ڕازی ببێت و یەکێتی و گۆڕان گرفتی دیکە لە نێوانیان دروست نەبێ لەسەر بابەتی دەسەڵاتەکانی ئەو دوو جێگرە، بێگومان لە ڕۆژانی داهاتوودا هەنگاوە کردەییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبینین".

3

# چوار کەس بڕیار لەسەر بەربژێرەکانی یەکێتی دەدەن

### مستەفا چاوڕەش: داوام لە یەکێتی کردووە بمکەنە وەزیری پێشمەرگە

**ڕووداو – سلێمانی**

چوار بەرپرسی یەکێتی ڕاسپێدراون بۆ ئەوەی لیستی کۆتایی بەربژێرانی یەکێتی بۆ وەرگرتنی پۆست لە کابینەی داهاتووی حکومەت بخەنە بەر دەستی سەرکردایەتی و دەنگیان لەسەر بدرێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش دەڵێ: "ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەسەر بەربژێرەکان دەکرێت، دواتر لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەنگیان لەسەر دەدرێ".

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی بەربژێرەکانی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو بابەتە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بۆ ڕێکدەخرێ، کۆبوونەوەکەش ڕۆژێک دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ پارتی دەبێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، سازانی نێوخۆیی بە یەکێک لە ڕێگاکانی پاڵفتەکردنی بەربژێرەکانیان دەزانێ "بەڵام لە هەموو دۆخێکدا دەبرێتە نێو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، چونکە خەڵکی زۆر داواکارییان پێشکەش کردووە".

وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت، ئەگەرە بەهێز و چاوەڕوانکراوەکە ئەوەیە، دواجار هاوکێشەکە بەو جۆرە بێت. ماڵی تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و وەزارەتێک. باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ، سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری پلاندانان و وەزارەتێک. ئەوانەشی لە بەرهەم ساڵحەوە نزیکن، دوو وەزارەت وەربگرن.

ناوی بەربژێرەکان زۆرن و بۆ هەر وەزارەتێک زیاتر لە ناوێک هەن. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت کە میکانیزمی ئاسانکردنی لیستی ناوەکان، دراوەتە دەست چوار کەس: "بافڵ تاڵەبانی، بەرهەم ساڵح، شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ و لاهور شێخ جەنگی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی لیستی ناوەکان بەشێوەیەک کورت بکەنەوە کە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا بە ئاسانی بتوانرێ بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ". گوتیشی: "لەو کۆبوونەوانەی کە د.بەرهەم ئامادە نابێت، عەدنان حەمەی مینا، بە نوێنەرایەتی ئەو بەشداری دەکات".

وەزارەتی پێشمەرگە، بەرکەوتەی یەکێتییە و یەکێکە لەو وەزارەتانەی زۆرترین ناو چاویان تێبڕیوە. مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، ئەو ڕۆژەی ڕوون بووەوە کە ئەو وەزارەتە بۆ یەکێتی دەبێت: "نامەیەکم نووسی بۆ مەکتەبی سیاسی و داوام کرد لەو پۆستەدا خزمەت بکەم... بەڵام مەکتەبی سیاسی ئازادن لەوەی کێ دادەنێن".

3

# سکاڵا لەسەر 12 پەرلەمانتار تۆمار دەکرێ

**ڕووداو – سلێمانی**

12 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکرێ و گومان لە شەرعییەتی یاساییان دەکرێ. یەکێک لەو پەرلەمانتارانەش دۆسیەکەی لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە یەکلایی بووەتەوە.

یونادم یوسف کەننا کە سکاڵای لە دژی ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق بەناوی بورهانەدین ئیسحاق تۆمار کردووە. بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چیدیکە بورهانەدین ئەندامی پەرلەمان نییە. بورهانەدین لەو هەڵبژاردنەدا 930 دەنگی هێناوە و لەسەر لیستی بابلیون گەیشتووەتە پەرلەمان، بەڵام ئێمە 6 هەزار و 82 دەنگمان هێناوە و نازانین چۆن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێگە بە تێپەڕینی ئەوە دراوە. هەر بۆیە چاوەڕوانین لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەو هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە، چونکە دادگا بۆی دەرکەوتووە دەنگەکان لە کۆمسیۆنەوە یاریی پێکراوە"

وێنەیەکی نووسراوەکەی دادگای ئیتیحادی کە ژمارە 214 ی بەسەرەوەیە و بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەو کێشەیە داوە، لادانی بورهانەدینی دووپات کردووەتەوە، کۆپییەکی ئەو نووسراوەش دراوەتە (ڕووداو).

جگە لەو پەرلەمانتارە مەسیحییە، 11 پەرلەمانتاری دیکەش سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوەکە دوویان کوردن، یەکێکیان لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە سکاڵاکارەکەی هەر بەربژێرێکی لیستی پارتییە، هەروەها ناوی ئاڵا تاڵەبانی دەهێنرێ. یونادم یوسف دەڵێ: "سەید سەفوان لە فراکسیۆن پارتی و ئاڵا تاڵەبانی و محەممەد دەڕاجی و محەممەد کەربولی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە".

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە چەند ئەندامێکی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، ئەوان ڕەتیاننەکردەوە کە ئاڵا تاڵەبانی یەکێک بێت لەوانەی سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، بەڵام بە پاساوی ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان نین، قسەیان لەبارەوە نەکرد.

ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت ئەو سکاڵایانە نوێ نین "هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی پەرلەمانەوە ئەو سکاڵایانە هەن"، بەڵام بەهۆی ئەوەی دادگا کاری لەسەر دەکات و بابەتەکە بووەتە پرسێکی یاسایی، ڕەتیدەکاتەوە ئەوان دەستتێوەردانی تێدا بکەن "ئێمە لەگەڵ بڕیاری دادگاین، دادگا بڕیار بدات ماف هی کێیە و پێویستە بۆ کێ بگەڕێتەوە، ئێمە پشتیوانی دەکەین".

4

**ڕاپۆرت** 5

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ پێنج سکاڵا دەدۆڕێنێ



**شرۆڤە** 14

ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی 21 یان 22ی نیسانە؟

**ئابووری** 8

مانگانە 150 کۆمپانیای تازە لە کوردستان تۆمار دەکرێن



**ژنان** 12

سناپچات کچانی عەودڵی جوانکاری کردووە



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 551 ) - دووشەممە 2019/4/22



## ڕێنمایی نوێ بۆ زەویی "دابەش دوو" دەردەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر رایگەیاند، لەبارەی کردنەوەی زەوی "دابەش دوو" کەمتر لە 250 مەتری، ڕێنمایی نوێ دەرچووە و لە ئێستاوە ئەو هاووڵاتیانەی پێشتر مامەڵەی کردنەوەی زەوییەکانیان کردووە دەتوانن بیکەنە خانوو. نەبەز محێدین، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی مژاری رادیۆی (ڕووداو) گوتی "شارەوانی ڕێنمایی نوێی لەبارەی زەوی "دابەش دوو" کەمتر لە 250 مەتری دەرکردووە و لە ئێستاوە ئەوانەی پێشتر مامەڵەی زەوییەکانیان کردووە دەتوانن بیکەنە خانوو، هەروەها ئەو زەوییانەشی نیوەیان کراوەتە خانوو، ڕێگەی پێدەدرێ نیوەکەی دیکەش بکاتە خانوو".

## ئاسایش چوار کەسی دەستگیر کردووە

# لە هەولێر کۆمپانیایەک 210 ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان دەدزێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئاسایشی هەولێر چوار کەسی بەتۆمەتی فێڵکردن لە هاووڵاتیان دەستگیر کرد کە بەناوی کۆمپانیایەکی بەڵێندەرایەتی لە هەولێر 210 ئۆتۆمبێلیان لە خەڵک وەرگرتووە و فرۆشتوویانن، چەند کەسێک لە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکان سکاڵایان لەسەر کۆمپانیاکە تۆمار کردووە و داوای ئۆتۆمبێلەکانیان دەکەنەوە.

حوسێن حەمەد کە ماوەی مانگێکە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکە کردووە و ئوتومبێلێکی بە کرێ داوەتە ئەو کۆمپانیایە، دەڵێت: "ئەوان گوتیان ئێمە کاری بەڵێندەرایەتی لەگەڵ کونسوڵخانەی ئەمریکا دەکەین و پێویستمان بە تەنکەرێک هەیە. مانگانە 1500 دۆلار کرێت دەدەینێ. ئێمەش تەنکەرەکەمان پێدان، ڕۆژی 2019/3/17 گرێبەستمان لەگەڵیان کرد. زیاتر لە 20 ڕۆژ ئۆتۆمبێلەکەیان لەلا بوو، 1100 دۆلار کرێی ئەو ماوەیان دامێ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئەوانەی لە کۆمپانیاکە بوون دەستگیرکران، چونکە دەرکەوت دز بوون و تەنکەرەکەشیان فرۆشتووە".

حوسێن وایزانیوە کۆمپانیاکە تەنیا ئۆتۆمبێلی ئەویان بردووە، بەڵام دەرکەوتووە ئۆتۆمبێلی خەڵکی دیکەشیان بردووە و فرۆشتووە "دوای ئەوەی بەدواداچوونمان کرد، زانیمان کۆمپانیاکە 210 ئۆتۆمبێلیان لە خەڵک وەرگرتووە، ئەو ئۆتۆمبێلانەش کە وەریانگرتوون، تەنکەر، بارهەڵگر، تادانۆ، پیکاب، کیا و چەند جۆرێکی دیکەی ئۆتۆمبێل بوونە، ئێستا کەس نازانێت ئەو ئۆتۆمبێلانە لەکوێن، چوار کەسیش لەو کۆمپانیایە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون".

دوو برا لەڕێگەی هاوڕێیەکیان کۆمپانیاکە دەناسن و پێنج ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریان دەدەنێ. هیمداد عەبدوڵلا لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "هاوڕێیەکم پێیگوتم نزیکەی شەش مانگە ئۆتۆمبێلەکەم داوە بە کۆمپانیایەک لە هەولێر و مانگانە کرێی کارکردنیم دەدەنێ، گرێبەستیان لەگەڵ کردووم، مانگانەش کرێیەکەم بەتەواوی



> هەشت ئۆتۆمبێلمان بە کرێ داوەتە کۆمپانیاکە و هیچیان دیار نین
>
> هاووڵاتییەک

دەدەنێ، بۆیە ئێمەش متمانەمان بە کۆمپانیاکە کرد".

کۆمپانیاکە بەناوی PMS بۆ بازرگانیی گشتی بووە و ئۆفیسەکەیان لەسەر ڕێگەی کەسنەزان بووە. هیمداد دەڵێت "لە 2019/2/20 گرێبەستێکمان بۆ ماوەی 6 مانگ واژۆ کرد لەگەڵیان. لەگەڵ براکەم پێنج ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرمان دایە کۆمپانیاکە. بەپێی گرێبەستەکەی نێوانمان، بڕیار بوو مانگانە بۆ هەر بارهەڵگرێک 1500 دۆلارمان بدەنێ. کرێی مانگێکیان دا بە ئێمە، بەڵام دواتر زانیمان لەلایەن ئاسایشەوە بەتۆمەتی بردن و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکان دەستگیرکراون".

هیمداد ویستوویەتی ئۆتۆمبێلێکی دیکەش بداتە کۆمپانیاکە. ئەو دەڵێ: "نرخی ئەو ئۆتۆمبێلانەی من و براکەم کە لەلای ئەوانە نزیکەی 100 هەزار دۆلارە، بەتەمابووم بارهەڵگرێکی دیکەشیان بدەمێ، بەڵام ئەمجارە کە چووم لەخۆمەوە گومانم بۆ دروست بوو، پەشیمان بوومەوە، ویستم گرێبەستەکەش هەڵبوەشێنمەوە، بەڵام نەمدەتوانی، چونکە سزای هەڵوەشاندنەوەی هەر گرێبەستێک 5000 دۆلار بوو".

هیمداد دەڵێت کۆمپانیاکە مەرجی زۆریشی بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە دادەنا کە وەریدەگرتن: "دەبوو ئۆتۆمبێلەکە مۆدێلی بەرز بێت، زیاتر لە 50 ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا هایلۆکسی مۆدێل بەرزیان بردووە".

دارۆ سەعید و کەسوکارەکەشی نزیکەی 6 مانگە 8 ئۆتۆمبێلیان داوە بە کۆمپانیاکە و سکاڵایان لەدژی کۆمپانیاکە تۆمار کردووە. دارۆ لەوبارەوە دەڵێت: "ئەوان شێوازێکی زۆر کاریگەریان هەبوو بۆ بڕواپێهێنانی خەڵک، بۆیە متمانەمان پێکردن، من و برازاکەم دوو بارهەڵگر و دوو هایلۆکس، دوو زاواشمان بارهەڵگر و هایلۆکسێک و خزمەکانیشم دوو هایلۆکس و بارهەڵگرێکیان داوە بە کۆمپانیاکە. مانگانەش پارەیان داوە بە ئێمە، بەڵام ئێستا دەستگیرکراون و ئۆتۆمبێلەکانیشمان کەس نازانێت لە کوێن".

کۆمپانیاکە بۆ هەر بارهەڵگرێکی گەورە و مامناوەند 1500 دۆلار کرێیان داوە، بۆ پیکابیش 1000 دۆلار. بەڵام دواتر کرێی پیکابەکانیشیان کردووەتە 1500 دۆلار.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) نزیکەی هەفتەیەکە چوار کەس بەناوەکانی (س)، (پ.س)، (ع)، (ع) کە هەموویان کوردن و نیشتەجێی هەولێرن، لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام هێشتا نازانرێت ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە کرێ لە خەڵکیان وەرگرتووە لەکوێن و هیچ ئۆتۆمبێلێکیش رادەستی خاوەنەکەی نەکراوەتەوە. تا ئێستاش چوار کەس سکاڵایان تۆمار کردووە.

پشتیوان وەرتی، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆر حاڵەتی وا دێنە لامان و خەڵک بەدواداچوون بۆ ناوی کۆمپانیایەک دەکەن و دەیانەوێت بزانن لەلای ئێمە تۆمار کراوە یان نا؟ بەشێکیش لەو ناوانەی خەڵک دەیڵێن لەلای ئێمە تۆمار نەکراون، بۆیە پێیاندەڵێین ئەگەر کێشەیەکتان لەگەڵیان هەیە یان فێڵیان لێکردوون دەتوانن بچن لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن".

سەبارەت بەو کۆمپانیایەش، پشتیوان وەرتی دەڵێ: "هیچ کۆمپانیایەک بەناوی PMS لەنێو داتاکانی ئێمەدا نییە، بەڵام ناتوانین بڵێین وەهمییە، چونکە ژمارەیەک کۆمپانیا هەن کە هێشتا مامەڵەکانیان تەواو نەبووە و نەخراونەتە نێو تۆماری کۆمپانیاکانمان لە هەولێر".

# باڵەخانەی بازرگانی بەناوی یەکەی نیشتەجێبوون دەفرۆشرێن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی وەبەرهێنان دەڵێت بەشێک لە وەبەرهێنەران مۆڵەتی پرۆژە و باڵەخانەی بازرگانییان وەرگرتووە و بەناوی یەکەی نیشتەجێبوون فرۆشتوویانەتەوە بە خەڵک، بۆیە مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێننەوە.

ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بە سێ بڕیاری ژمارە (109) لە 2012/6/27 و ژمارە (154) لە 2013/12/16 و (199) لە 2014/9/15 بڕیاری ڕاگرتنی هەموو پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی دەرکرد. موخڵیس سەلیم، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی و کارگێڕی لە دەستەی وەبەرهێنان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم سێ بڕیارە بەهۆی کێشە زۆرەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دراون، تەنانەت فراوانکردنی پرۆژەکانیش ڕاگیراون".

بەگوتەی ئەو بەڕێوەبەرە، بەشێک لە وەبەرهێنەران ڕێگەیەکی دیکە بۆ فێڵکردن لە هاووڵاتیان دەگرنەبەر: "بەشێک لە وەبەرهێنەران داوای مۆڵەتی پرۆژە و باڵەخانەی بازرگانی دەکەن، بەڵام ئەوان وەکو یەکەی نیشتەجێبوون بە هاووڵاتیانی دەفرۆشنەوە".

زۆربەی ئەو پرۆژە بازرگانیانەی وەکو یەکەی نیشتەجێبوون بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێنەوە، بە موساتەحە وەرگیراون. موخلیس سەلیم گوتی: "بەگوێرەی یاسای وەبەرهێنان هەموو مۆڵەتێک پێش ئەوەی بڕیاری تەملیکی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بۆ دەربچێت، گرێبەستی (موساتەحە)یە و موڵکیەتی زەوییەکە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، وەبەرهێن خۆی کرێگرتەی حکومەتە، بۆیە تاوەکو بڕیاری تەملیککردن دەرنەچێت ناتوانێت هیچ یەکەیەک بفرۆشێت، بۆیە پێویستە هاووڵاتیان ئاگادار بن لەکاتی کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوون و دڵنیاببنەوە لەوەی باڵەخانەکە بازرگانی نییە".

ئەو بەرپرسەی دەستەی وەبەرهێنان گوتی کە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانە دەگرنەبەر. چونکە وەک ئەو دەڵێت: "یەکێک لە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی و گەشتیاری ئەوەیە کە نابێت بکرێن بە یەکەی نیشتەجێبوون، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەستەی وەبەرهێنان دەستکراوە دەبێت لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەبەرهێنەرەکە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی پرۆژەکە".

> مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێنینەوە و دەیاندەینە دادگا
>
> دەستەی وەبەرهێنان

گوتیشی: "داوا لەو هاووڵاتیانە دەکەین کە یەکەی نیشتەجێبوونیان لە باڵەخانەی بازرگانیدا کڕیوە سەردانمان بکەن و سکاڵا لەسەر وەبەرهێنەرەکە تۆمار بکەن، ئێمە خۆشمان کاریان لەسەر دەکەین و دوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکانیان، لەڕێگەی دادگاوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگرینەبەر، چونکە ئەمە فێڵکردنە لە هاووڵاتیان".

فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون لەنێو باڵەخانەی بازرگانیدا لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڕێوەبەری گشتی یاسایی دەستەی وەبەرهێنان دەڵێ: "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە حاڵەتەکانی فرۆشتنی شوقەی نێو باڵەخانەی بازرگانی کە بە موساتەحە دراون بە وەبەرهێنەر، لە هەموو پارێزگاکاندا هەبووە. پێشتریش چەند حاڵەتێک هەبوون کە پرۆژەی بازرگانی و گەشتیاری کراون بە پرۆژەی نیشتەجێبوون و ڕێکاری یاساییمان بەرامبەر گرتوونەتەبەر. سزاش دراون، پاشان ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بڕیاری داوە بکرێن بە پرۆژەی نیشتەجێبوون".

دەستەی وەبەرهێنان دڵنیایی دەداتە خاوەن یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەمەودوا هیچ وەبەرهێنەرێک ناتوانێت پارەی بەشداربووان بخوات یان بیبات، موخلیس سەلیم گوتی: "وەبەرهێنەر ناتوانێت پێش جێبەجێکردنی 10 %ی پرۆژەکە گرێبەست لەگەڵ بەشداربووەکانی بکات، دواتریش بەپێی ڕێژەی کارەکەی، پارە لە بەشداربووەکان وەردەگیرێ و کاتێک پرۆژەکە 100 % جێبەجێ کرا و یەکەکەیان ڕادەست کرا، ئینجا لە زۆرترین بڕدا 60 %ی پارەی یەکەکەی لە بەشداربوو وەردەگرێت و 40 %یشی بە قیستی درێژخایەن دەدرێت".

موخلیس پێیوایە بەهۆی ڕێکارە نوێیەکانی دەستەی وەبەرهێنان، چیدی هاووڵاتیان مافیان لە یەکەکانی نیشەجێبوون نافەوتێ، بە مەرجێک پابەند بن بە ڕێنماییەکانی دەستەکە.

موخڵیس سەلیم گوتی: "حیسابێکی هاوبەش کراوەتەوە لە بانک لەنێوان دەستەی وەبەرهێنان و نوێنەری نووسینگەی ئەندازیاری سەرپەرشتیار کە بەرپرسە لە کواڵیتی پرۆژەکان و نوێنەری وەبەرهێنەرەکە، ئێمە بەپێی ڕێژەی کاری ئەنجامدراو ئەو پارەیەی لە حیساب بانکییەکەدایە دەدەین بە وەبەرهێنەرەکە، بۆیە نابێت هاووڵاتیان پارەکانیان بە کاش بدەن بە وەبەرهێنەر یان کەسێکی دیکە".

هەرچەندە سێ بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بۆ ڕاگرتنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دراون، بەڵام دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەت بە هەندێک پرۆژە دەدات، موخلیس سەلیم دەڵێ: "چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون بەپێی پێویستی مۆڵەتیان پێدەدرێ، ساڵی ڕابردوو مۆڵەتمان بە چوار پرۆژەی نیشتەجێبوون لە گەرمیان داوە، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش مۆڵەتمان بە چەند پرۆژەیەک داوە".

## 19 ساڵ بوو لە زیندان بوو

# هەولێر.. لێکۆڵینەوە لە مردنی بەندکراوێک دەکرێ

**ڕووداو – هەولێر**

سزادراوێکی چاکسازی گەورانی هەولێر بەهۆی نەخۆشییەوە دەمرێ. چەند سزادراوێک دەڵێن ئەو سزادراوە پێشتر داوای پزیشکی کردووە، بەڵام ئیدارەی زیندان بە هانایەوە نەهاتوون بۆیە مردووە، بەڕێوەبەری چاکسازییەکەش دەڵێت ئەوان هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەبووە و چارەسەری پێویست بۆ سزادراوەکە کراوە. کەسوکاری مردووەکەش چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین.

مەریوان عەبدولخالق، ماوەی 19 ساڵ بوو لەگەڵ سێ کەسی دیکە بە تۆمەتی کوشتنی پیاوێک بەند کرابوو، بەڵام دایکی ڕەتیدەکاتەوە کە ئەو دەستی لەو تاوانەدا هەبووبێت. دڵارام کەمال، دایکی مەریوان دەڵێت: "کوڕەکەم تەمەنی 18 ساڵ بوو، دەیویست بەڕێگەی قاچاخ بچێتە لای براکەی لە ئەوروپا، بۆیە دەچێتە ڕانیە و لەوێ لەگەڵ سێ کەسی دیکە بە ئۆتۆمبێلێک دەڕۆن، بەڵام بە تۆمەتی کوشتنی کەسێک دەستگیر دەکرێن".

دایکی مەریوان دەشڵێ: "کوڕەکەم سێ کەسەکەی نەدەناسی، بەڵام سێ کەسەکەی دیکە لە وتەکانیاندا گوتبوویان ئەویش لەکاتی تاوانەکە لەگەڵیان بووە، کوڕەکەشم دوای ئەوەی ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، گوتوویەتی کە هاوکاریی کردوون لە تاوانەکە، کەسوکاری کوژراوەکەش دەیانزانی کوڕەکەم بێتاوانە، ڕازیشبوون ئازاد بکرێ، بەڵام دایکی کوژراوەکە ڕازی نەبوو، بۆیە ئەوە 19 ساڵ بوو لە زیندان بوو".

> داوای پزیشکی کرد، بەڵام بەدەمیەوە نەهاتن
>
> سزادراوێک

بەگوتەی کەسوکارەکەی، مەریوان نەخۆشیی گورچیلەی هەبووە و شەوی 2019/4/17 لە زیندان مردووە. یەکێک لەو بەندکراوانەی لەگەڵ مەریوان بووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو شەوە مەریوان نەخۆش بوو، ماوەی دوو سەعات داوامان کرد چارەسەر بکرێ، بەڵام پزیشک نەهات و نەیبینی، بۆیە مرد".

ئەو سزادراوە پێیوایە خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەشی سزادراوان ناکرێت "ماوەی ساڵێکە خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازییەکە وەکو پێویست نین، بەتایبەت خزمەتگوزاری تەندروستی زۆر خراپە و دەرمانی پێویست نییە، تاوەکو ئێستاش چەند کەسێک بەهۆی نەخۆشییەوە مردوون".

دایکی مەریوانیش دەڵێ بەشێک لە دەرمان و چارەسەرەکانیان بۆ کوڕەکەی لەسەر ئەرکی خۆیان کڕیوە: "کوڕەکەم نەخۆشیی گورچیلەی هەبوو، هەموو دەرمانەکانی لەنێو چاکسازیدا نەبوو، بەشێک لە دەرمانەکانی بەتایبەت ئەو دەرمانانەی نرخیان گران بوو، بۆمان دەکڕی".

بەڵام بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی هەولێر ڕەتیدەکاتەوە هیچ کەمتەرخەمییەکیان کردبێت.

هێمن نانەکەلی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو سزادراوە نەخۆشیی گورچیلەی هەبوو، خێزانەکەشی دەزانن، ماوەیەکی زۆرە چارەسەر وەردەگرێت، هەفتەیەک پێش مردنی، لەسەر قسەی سەرپەرشتیاری تەندروستی چاکسازی، ویستمان سزادراوەکە بنێرین بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی چاکسازی، بەڵام ئەو بە پەنجەمۆر و ڕەزامەندی خۆی نەچوو".

هێمن نانەکەلی گوتیشی: "سەعات 11ی شەوی ڕووداوەکە، مەریوان ڕەوانەی لای پزیشکی نێو چاکسازی کراوە، پزیشکەکە هێڵکاری دڵی بۆ کردووە و باش بووە، بۆیە بەپێویستی نەزانیوە بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەی دەرەوە و دەرزییەکی لێداوە و ناردوویەتییەوە شوێنی خۆی، بەڵام سەعات 2:30ی شەو مردووە، بۆیە ئەوەی پێویست بووبێت بۆ ئەو سزادراوە کردوومانە".

ئێستا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی مەریوان پێکهێنراوە. هێمن نانەکەلی گوتی: "هەر حاڵەتێکی وا ڕوودەدات خۆم لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم، لیژنەم لەسەر پێکهێناوە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن کە چەندجار سەردانی نەخۆشخانەی کردووە، ئەو پزیشکانەی بینیویانە کێن و نەخۆشییەکەی چییە، ڕووداوەکە بەهۆی نەخۆشی بووە یان کتوپڕ بووە، هەر ئەو شەوەش تەرمەکەمان ڕەوانەی پزیشکی داد کردووە".

ئەمە یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدان نییە لەنێو چاکسازی گەورانی هەولێر، هێمن نانەکەلی دەڵێ: "لە ساڵی 2017ـەوە تاوەکو ئێستا چوار بەندکراو بەهۆی نەخۆشی لەنێو چاکسازی گەورانی هەولێر مردوون. بەڵام هیچیان بەهۆی کەمتەرخەمی ئێمەوە نەبووە، نەخۆش هەبووە بەهۆی شێرپەنجەوە مردووە".

> پشکنینی بۆ کراوە و پێویستی بە چوونە دەرەوە نەبووە
>
> بەڕێوەبەری گرتووخانەکە

بەڕێوەبەری چاکسازی نایشارێتەوە کە هەموو خزمەتگوزارییەکی پزیشکی لەنێو چاکسازییەکەیاندا نییە، هێمن نانەکەلی دەڵێ: "هەر سزادراوێک کە دێتە لای ئێمە سەرەتا پشکنینی تەندروستی بۆ دەکەین، ئەگەر نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت فایلی بۆ دەکەینەوە، لەلایەن سەرپەرشتیاری تەندروستی چاکسازییەوە هاتوچۆی لای پزیشکی پێدەکرێت و لە نەخۆشخانە حکومییەکان چاودێرییان دەکرێت و چارەسەر وەردەگرن، چونکە ئێمە ناتوانین سزادراوی نەخۆش بنێرین بۆ نەخۆشخانەی ئەهلی، ئەگەر سزادراوەکە نەخۆشی گواستراوەشی هەبێت تێکەڵی ئەوانی دیکەی ناکەین".

بنەماڵەی مەریوان چاوەڕوانی ئەنجامی ڕاپۆرتی پزیشکی دەکەن تاوەکو هۆکاری مردنەکەی بزانن، یەکێک لە براکانی دەڵێ: "ئەگەر مردنی براکەم بەهۆی کەمتەرخەمی پزیشک و کارمەندانی چاکسازییەکە بووبێت سکاڵا تۆمار دەکەین".

## حەوت بەرپرسی کۆمەڵ دەستلەکاردەکێشنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی هەینی ڕابردوو، سەلیم کۆیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی، سەعید هەرکی، بەرپرسی مەڵبەندی 11ی دەوروبەری هەولێر و ئیسماعیل ڕەسول، بەرپرسی مەڵبەندی 3ی هەولێری کۆمەڵ دەستیان لە کارکێشایەوە. ڕۆژی 2019/4/21 چوار کارگێڕی مەڵبەندی سێی ئەو حیزبەش دەستیان لەکارکێشایەوە. کاروان خەلیل، کارگێڕی مەڵبەندی سێی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەی خۆیانی لە کۆمەڵ پشتڕاستکردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە هەریەک لە کەمال ئەسکەندەر، حاجی محەممەد سماقوڵی، سەعدی مستەفا، کاروان خەلیل کە کارگێڕی مەڵبەندین لە سنوری شاری هەولێر، دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان لە کۆمەڵی ئیسلامی ڕادەگەیێنین."

# پارتی و گۆڕان ڕێککەوتن

## لە دوو ڕۆژی داهاتوودا پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنەکەیان واژۆ دەکەن

**نەوزاد مەحموود و هاوکار یاسین**
**ڕووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان بە پارتی ڕاگەیاندووە کە ئەوان نایانەوێ ببنە هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت. ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش تەئکیدی کردەوە کە پارتی و گۆڕان گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی ڕێککەوتنەکەیان.

ڕۆژی سێی نیسانی ڕابردوو، پارتی و یەکێتی لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت ڕێککەوتن و کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەموار و کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد، بەڵام خاڵێکی ڕێککەوتنەکەی نێوان ئەو دوو هێزە، بزووتنەوەی گۆڕانی نیگەران کرد، بەهۆی زیادکردنی جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێککەوتنی نێوان بزووتنەوەکەی و پارتی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ چاوەڕوانکراو بوو کە ڕێکدەکەون، چونکە گۆڕان نەیدەویست ببێتە هۆی تێکدانی پرۆسەکە و "ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان ڕازی بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێت".

گۆڕان بە چەند مەرجێک ڕازی بوو بە زیادکردنی جێگرێک بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەویش پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی ئەو جێگرەوە هەبوو لەگەڵ پێشخستنی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە. یەکێتی بە پارتی گوتووە کە ئەوان بەو مەرجانە ڕازین و ئامادەن ڕێککەوتنەکە لەگەڵ پارتی واژۆ بکەن، بەڵام ئەوە هەموو بابەتەکە نییە. هەر بەپێی زانیارییەکان، پارتی لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو کە لەگەڵ گۆڕان لەسەر هێڵ بووە، بۆ نیەتپاکیی بە گۆڕانی گوتووە کە ئامادەیە دەقی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی بخاتە بەردەستی گۆڕان، بۆ ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان بێت و یەکێتیش لاری نەبووە.

جەلال محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کە گۆڕانە، دەڵێت: "دەتوانین بڵێین پارتی و گۆڕان گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی ڕێککەوتنەکەیان و ئەگەری بەهێز ئەوەیە ڕۆژی چوارشەممە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان دیاری بکرێت".

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ، لە سەرەتاوە ئێمە ڕەتماندەکردەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێت، بەڵام ئێستا "لەبەر ئەوەی پرۆسەکە لەوە زیاتر دوانەکەوێ، گەیشتووینەتە هەنگاوی کۆتایی ڕێککەوتنەکە و چاوەڕوان دەکرێ دووشەممە یان سێشەممە بە فەرمی ڕێککەوتنەکە ڕابگەیێندرێ و دواتر پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنەکەیان واژۆ بکەن".

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەهۆی هەستیاریی دۆخەکە نایەوێت ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "تاوەکو ئێستا بەهۆی یەکێتی و دواتریش بەهۆی نیگەرانییەکانی گۆڕانەوە پرۆسەکە پەکیکەوتبوو. ئەگەر گۆڕان بە دوو جێگر ڕازی ببێت و یەکێتی و گۆڕان گرفتی دیکە لە نێوانیان دروست نەبێ لەسەر بابەتی دەسەڵاتەکانی ئەو دوو جێگرە، بێگومان لە ڕۆژانی داهاتوودا هەنگاوە کردەییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبینین".

بزووتنەوەی گۆڕان بە چڕی سەرقاڵی ئامادەکردنی ناوی بەربژێرەکانیەتی بۆ ئەو پۆستانەی بەری کەوتوون. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی 11 کەسی پێکهێناوە، تاوەکو ئەو لیژنەیە پاڵفتەی ناوەکان بکەن و بیخەنە بەردەم جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە. لیژنەکە لە سەفین مەلا قەرە، هیوا جەلال، کەمال موسلیم، ئاکۆ وەهبی، شێخ کامل پێنجوێنی، ئاواتی محامی، کاوە مامەعەبە، ئاسۆ ڕەحیم، شۆڕش حاجی .د.دەرباز محەممەد و هۆشیار عومەر عەلی پێکهاتوون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کاروباری لیژنە پێکهێنراوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەکە بۆ هەر پۆستێکی وەزاری لە نێو بەربژێرەکاندا "یەک ناو دەهێڵێتەوە و دەیخاتە بەردەم جڤاتی نیشتمانی بۆ پەسەندکردن".

دواهەمین لیستی بەربژێرەکانی گۆڕان بۆ پۆستەکان بەو شێوەیە: مستەفا سەید قادر، بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم، جەلال جەوهەر، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی. ئاواتی شێخ جەناب و هاوار شێخ ڕەئوف و عەدنان عوسمان بۆ وەزارەتی دارایی. دانا عەبدولکەریم و عەبدولڕەحمان موهەندیس و چالاکی موهەندیس بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە. کاروان هاشم و بەشدار حەسەن و ساماڵ سەردار بۆ وەزارەتی بازرگانی. کوێستان محەممەد و ئاراس وەلی و زمناکۆ جەلال بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی.

کاوەی مامە عەبە، ئەندامی لیژنەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "هێشتا کۆنەبووینەتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی ناوەکان، بەڵام بڕوانامە و ئەزموونی کارکردن، پێوەری هەڵسەنگاندنی بەربژێرەکان دەبێت".



## ڕازین سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جێگری هەبێ

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان

## سەرۆکایەتی هەرێم بەڕووی حیزبەکاندا دەکاتەوە

# نێچیرڤان بارزانی سەرقاڵی دروستکردنی ستافی سەرۆکایەتییە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرچەندە هێشتا هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی ڕێککەوتنی لایەنەکانە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی، دەستی بەئامادەکاری کردووە بۆ دروستکردنی ستافی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هەوڵەکانی سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "ئامانجی ئەوەیە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دوور لە ڕەچاوکردنی ناسنامەی حزبی لەگەڵی کاربکەن".

عەبدولسەلام بەرواری، چاودێری سیاسی و پەرلەمانتاری پێشووی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، مادام دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەزگایەکی نیشتمانییە و دەبێت نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان بکات "گرنگە هەوڵ بدرێت کەسانی ناحیزبی و تەکنۆکرات و تێکەڵ لە هەموو لایەنەکانی تێدا بێت".

بەراوری دەڵێت لە ماوەی ڕابردووشدا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەروا کاری کردووە: "سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کەسێکی پارتی نەبووە، زۆر کەسی تر دەناسم لەوێ کاریان کردووە و پارتیش نین، بۆیە پێویستە نەک تەنیا نێچیرڤان بارزانی، هەموو دەزگاکانی دیکەش ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە دەزگا و وەزارەتەکانیان نەکەنە شوێنی حیزبایەتی".

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پێکهاتەیەکی سیاسی، ئیداری و یاساییە. بەپێی ماددەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەیە.

مەسعود بارزانی، لە کانوونی دووەمی 2005، وەک یەکەمین سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرا. چوار ساڵ دواتر بە ڕێگەی دەنگدانی گشتی هەڵبژێردرایەوە. بەڵام لە کۆتایی 2017 ڕایگەیاند کە جارێکی دیکە خۆی بەربژێر ناکاتەوە بۆ ئەو پۆستە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجوومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نێچیرڤان بارزانی جگە لە نووسینگە گشتییەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان "ئەو بڕیاری داوە هەردوو نووسینگەکەی بکاتەوە بەڕووی کەسانی پارتی و دەرەوەی پارتیدا، داوای کردووە سەرۆکایەتی هەرێم بە جددی ڕەنگدانەوەی هەموو لایەنەکان بێت و هەموو هەوڵێک بدات بۆ تێپەڕاندنی واقیعی تاڵی دوو ناوچەیی".

گوتیشی: "هەرچەندە بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە تیمێکی شارەزا و پسپۆڕی ڕاوێژکاری هەیە، بەڵام دوای ئەوەی بە کردەیی هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دەستپێکرد، ڕوونتر دەبێتەوە کە دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت".

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، پێیوایە بەربەستی سەختی بەردەم نێچیرڤان بارزانی کە دەبێت کاری لەسەر بکات، تەنیا دروستکردنی تیمێکی هەمەڕەنگ و دوور لە ڕەچاوکردنی ئینتیمای حیزبی نییە: "چونکە دەبێت واقعی دابەشبوون و دوو ئیدارەیی و پەیوەندی نێوان حیزبەکان و سروشتی حکومەتەکە و پێداویستییەکانی بە دامەزراوییکردنی سەرۆکایەتی هەرێم ڕەچاو بکرێت و کاری لەسەر بکرێت".

هێڤیدار ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی، پەسنی نێچیرڤان بارزانی دەدات و پێیوایە "کەسێکی ئیدارییە و بەپێی ئەزموونی کارکردنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان لایەنەکان ڕادەگرێت. هەرکەسێک کاری لەگەڵ کردبێت، لە پارتییەکان باشتر لێی تێدەگات".

لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەن. ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە دامەزراون کە بەیاسا خراونەتە ئەستۆی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییەکانیش پێکهاتوون لە: کارگێڕی و دارایی، هەماهەنگی و بەدواداچوون، کاروباری یاسایی، پەیوەندییەکان، کاروباری کۆمەڵایەتی و سکاڵا و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن.

هەرچەندە زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە یەکێکی دیکە لە بیرۆکەکانی نێچیرڤان بارزانی کردنەوەی نووسینگەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە لە سلێمانی، بەڵام سەرچاوە ئاگادارەکەی (ڕووداو) گوتی: "هێشتا باس لەوە نەکراوە".

# چوار کەس بڕیار لەسەر بەربژێرەکانی یەکێتی دەدەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرچەندە بەرپرسانی یەکێتی دەڵێن چاوەڕێی واژۆی ڕێککەوتنی کۆتاییان لەگەڵ پارتی دەکەن بۆ ئەوەی ناوی بەربژێرەکانیان بۆ پۆستەکانی کابینەی نوێ یەکلایی بکەنەوە، بەڵام هەوڵە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە بەردەوامە بۆ ساخکردنەوەی ناوەکان.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) چوار بەرپرسی یەکێتی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی لیستی درێژی ناوەکان کورتبکەنەوە و وای لێبکەن لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا بتوانرێ دەنگیان لەسەر بدرێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ: "ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەسەر بەربژێرەکان دەکرێت، دواتر لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەنگ لەسەر بەربژێرەکان دەدرێ".

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی بەربژێرەکانی یەکێتی دەڵێت: "ئەو بابەتە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بۆ ڕێکدەخرێ، کۆبوونەوەکەش ڕۆژێک دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ پارتی دەبێ".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، سازانی نێوخۆیی بە یەکێک لە ڕێگاکانی پاڵفتەکردنی بەربژێرەکانیان دەزانێ "بەڵام لە هەموو دۆخێکدا دەبرێتە نێو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، چونکە خەڵکی زۆر داواکارییان پێشکەش کردووە".

وەرگرتنی پۆست لە هەرسێ سەرۆکایەتییە باڵاکەی هەرێمی کوردستان، دەرگایەکی چارەسەری لەسەر ململانێ نێوخۆییەکانی یەکێتی کردەوە و هاوکێشەی ڕازیکردنی هەموو باڵە جیاوازەکانی ئاسانتر کرد، بەڵام یەکێتی شەش وەزارەتیش وەردەگرێ.

وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت، ئەگەرە بەهێز و چاوەڕوانکراوەکە ئەوەیە، دواجار هاوکێشەکە بەو جۆرە بێت. ماڵی تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و وەزارەتێک. باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ، سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری پلاندانان و وەزارەتێک. ئەوانەشی لە بەرهەم ساڵحەوە نزیکن، دوو وەزارەت وەربگرن.

ناوی بەربژێرەکان زۆرن و بۆ هەر وەزارەتێک زیاتر لە ناوێک هەن. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت کە میکانیزمی ئاسانکردنی لیستی ناوەکان، دراوەتە دەست چوار کەس: "بافڵ تاڵەبانی، بەرهەم ساڵح، شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ و لاهور شێخ جەنگی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی لیستی ناوەکان بەشێوەیەک کورت بکەنەوە کە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا بە ئاسانی بتوانرێ بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ".

گوتیشی: "لەو کۆبوونەوانەی کە د.بەرهەم ئامادە نابێت، عەدنان حەمەی مینا، بە نوێنەرایەتی ئەو بەشداری دەکات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی زۆریی ژمارەی بەربژێرەکان دەڵێ: "بەشێک لەوانەی خۆیان بەربژێر کردووە، نایانەوێ پۆست وەربگرن، بەڵکو دەیانەوێ ناوی بەربژێرەکان زۆربن بۆ ئەوەی مەکتەبی سیاسی وەک کابینەکانی پێشوو ناوەکان یەکلایی نەکاتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ڕای سەرکردایەتی".

وەزارەتی پێشمەرگە، بەرکەوتەی یەکێتییە و یەکێکە لەو وەزارەتانەی زۆرترین ناو چاویان تێبڕیوە. هەریەکە لە شۆڕش ئیسماعیل، جەعفەر شێخ مستەفا، مستەفا چاوڕەش و جەبار یاوەر داوایان کردووە بکرێنە وەزیری پێشمەرگە، بەڵام دواجار جەعفەر شێخ مستەفا کشایەوە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، ئەو ڕۆژەی ڕوون بووەوە کە ئەو وەزارەتە بۆ یەکێتی دەبێت "نامەیەکم نووسی بۆ مەکتەبی سیاسی و داوام کرد لەو پۆستەدا خزمەت بکەم، بەپێی ساڵانی ئەزموونم لە بواری پێشمەرگایەتی و بەرپرسیارێتییە جۆراوجۆرەکانم لە پێشمەرگایەتیدا، بەڵام مەکتەبی سیاسی ئازادن لەوەی کێ دادەنێن".

پشکی یەکێتی لە کابینەی داهاتوو، سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی هەرێم، وەزارەتەکانی پێشمەرگە، پلاندانان، کشتوکاڵ، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری بەغدا دەبێت. هەروەها بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی ناوخۆ، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، دەستەی گەشتوگوزار، دەستەی ناوچە کوردستانیەکان و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دوو نوێنەرایەتی دەرەوە.

**مستەفا چاوڕەش:**

## داوام لە یەکێتی کردووە بمکەنە وەزیری پێشمەرگە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هەندێک لە بەربژێرەکانی یەکێتی کشاونەتەوە. جگە لە جەعفەر مستەفا، سەعدی ئەحمەد پیرە کە بەربژێری بەهێزی وەرگرتنی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو، کشاوەتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "ئەوەندەی من ئاگاداربم کاک سەعدی حەزی لەوەیە لە بری کشتوکاڵ، وەزیری هەماهەنگی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا وەربگرێت. ململانێی وەزارەتی پێشمەرگەش لە نێوان مستەفا چاوڕەش و شۆڕش ئیسماعیلە. دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵیش لە وەزارەتی پلاندانان ساردبووەتەوە و دەیەوێ بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش وەربگرێ، بەڵام دواجار هەر وەزارەتی پلاندانان وەردەگرێتەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی، وەزارەتی کشتوکاڵ، چەند ناوێکی دیکە داوایان کردووە، تەنیا ئاسۆس عەلی لەسەر ئاستی سەرکردایەتییە و ناوبراو پسپۆڕییەکەشی لە بواری کشتوکاڵە: "بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری لە نێوان حەمەی حەمەسەعید، جەمال حوسێن و ئارامی حەمەی مینا ماوەتەوە. حەمەی حەمەسەعید بەهێزترینیانە. ڕێواس فایەقیش بۆ سەرۆکی پەرلەمان لە بێگەرد تاڵەبانی چانسی بەهێزترە. بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاش تاوەکو ئێستا د.یوسف گۆران ڕکابەرێکی ئەوتۆی نییە".

# داعش بێباکانە لە مەخموور دەسووڕێتەوە

رۆبێرت ئێدواردز و محەممەد ڕواندزی
رووداو- هەولێر

دەشتاییەکانی داوێنی چیای قەرەچوغ بەهۆی ئەو بارانە زۆرەی باریوە، سەوز دەچنەوە، بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا ژمارەی چەکدارە ریشدرێژەکانیش لە گردەکانی ناوچەکە زیادیان کردووە. ئەمەش لای خەڵکی ناوچەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی داعش خەریکە دەگەڕێتەوە.

دوایین خاڵی پشکنینی پێشمەرگە سەعات و نیوێک لە هەولێرەوە دوورە و لای باشووری ڕۆژئاوای شارەکە هەڵکەوتووە. دوای ئەوە چۆڵاییەکی بەرین دەستپێدەکات کە لە ئۆکتۆبەری 2017 وە وەک بۆشاییەکی ئەمنی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتی عێراقدا دروستبووە.

ئەو ناوچەیە دوورە لە چاودێریی حکومەت و بووە بە گۆڕەپانی تەراتێنی گرووپە چەکداری و میلیشیا جۆراوجۆرەکان، هەر ئەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق خۆشکردووە.

داعش لە هاوینی 2014 دەستی بەسەر مەخموور و گوندەکانی دەوروبەریدا گرت، بەڵام هەرزوو لەلایەن پێشمەرگە و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەکە دەرکران. پاشماوەکانی ئەو گروپە لە بیابان و ناوچە شاخاوییەکان خۆیان حەشاردا، لەوێشەوە دەستیان بە تەکتیکە کۆنەکانی خۆیان کردووەتەوە، لەوانەش ڕفاندن، بۆسەدانانەوە، تەقینەوە و کوشتن.

حەمە، دانیشتوویەکی مەخموور کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی نەگوتووە، لەبارەی شوێنی چەکدارەکانی داعش بە (رووداو)ی گوت: "ئەوان لە ناوچە شاخاوییەکانی قەرەچوغ لە دوو شوێنن (عەلی ڕەش و گەلی مەنجەڵان)".

لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ئەمساڵ، حەمە بۆ کۆکردنەوەی دومەڵان ڕووی لە دەشتی نزیک گوندی عەلی ڕەش کرد، بەڵام لە ناکاو بینی دوو پیاو لێی نزیک دەبنەوە و یەکسەریش زانی چ باسە. حەمە، تەمەن 23 ساڵ، بەدەم هەڵقوڕاندنی چایەکی ڕەشەوە گوتی: "کاتێک داعشەکانم بینی، زۆر ترسام، یەکێک لەوان کە جلی ئەفغانی لەبەر بوو، پرسی: بۆچی دەترسی؟ پاشان دەستی خستە سەر شانم".

> ## چەقۆکانمان بۆ شیعەن
> چەکدارێکی داعش

گەنجە کوردەکە چاوەڕێی خراپترین چارەنووسی بۆ خۆی دەکرد، بەڵام چەکدارەکە پێیگوتبوو: "دەزانین خەڵکی مەخموور هەژار و ڕاستگۆن". هەرچەندە چەکدارەکە زمانێکی نەرمی بەکارهێنابوو، بەڵام ڕواڵەتەکەی هەر گوزارشتی لە توندوتیژیی ڕێکخراوەکەی دەکرد. حەمە لەویارەوە گوتی: "چەقۆیەکی گەورەی سەربازی پێبوو، پێیگوتم نیگەران مەبە، پاشان پرسی: دەزانی ئەم چەقۆیە بۆ کێیە؟ ئەوە تەنیا بۆ شیعەیە".


چەکدارانی داعش لە بناری چیای قەرەچووخ 2019/2/21

پێدەچێ چەکدارانی داعش بێباکترین لە جاران، چونکە بە ڕۆژی ڕووناک بەناو دەشتاییەکانی دیوی باشووری چیای قەرەچوغدا دەسووڕێنەوە. لە یەکێک لەو ڕۆژانەشدا حەمە بۆ جاری دووەم لە 29ی ئادار چاوی بە چەکدارانی داعش کەوت.

حەمە لەویارەوە گوتی: "جاری دووەم لە گەلی مەنجەڵە چاوم پێیانکەوت، ئەوجارەیان زۆر نەترسام، سڵاوم لێکردن و گوتم بۆ دومەڵان دەگەڕێم، پیاوێکی تەمەن 50 ساڵانیان لەگەڵ بوو، یەکێک لەوانەی لەگەڵم بوو منداڵێکی خۆی هێنابوو. پیاوە 50 ساڵانەکە بە منداڵەکەی گوت: وەرە خۆم دومەڵانت بۆ دەردێنم. منداڵەکەی ماچ کرد، دەستی منداڵەکەی گرت و لەگەڵی بە دەشتەکەدا دەسووڕایەوە".

حەمە سوور بوو لەسەر ئەوەی زانیارییەکانی خۆی لەبارەی بێباکیی چەکدارانی داعش پشتڕاست بکاتەوە، بۆیەش تەلەفۆنی بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی بەناوی شوان کرد کە لە ناوچەی قەراج شوانە. شوانیش ئامادە نەبوو ناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵێ و گوتی: "ئەم داعشانە هەواڵگرییەکی بەهێزیان هەیە". بە مەزندەی شوان 50 بۆ 150 چەکداری داعش و خێزانەکانیان لە ئەشکەوت و دۆڵەکاندا خۆیان شاردووەتەوە. حەمە پێیوایە ٪99ی هۆکاری وجوودی داعش لەو ناوچەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشمەرگە ئەوێی جێهێشتووە.

> ## وا بڕوات داعش ساڵێکی دیکە ئێرە کۆنترۆڵ دەکات
> مەخموورییەک

(رووداو) پرسیاری لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کرد ئاخۆ ئاگاداری جموجۆڵەکانی داعش لە مەخموورە یان نا. جەیمز ڕۆلینسن، گوتەبێژی سوپای ئەمریکا لە وەڵامدا گوتی: "ڕەنگە داعش هەوڵی خۆگونجاندن، خۆڕێکخستنەوە و ئەندام کۆکردنەوە بدات لە دەوروبەری مەخموور. داعش دەیەوێ سەقامگیری ناوچەکە تێکبدات، ئامانجی هاوپەیمانان ئەوەیە هێزە ئەمنییە لۆکاڵییەکان بەهێز بکات بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە کۆنترۆڵ بکەن و شکستی پێ بهێنن و خەڵک لەبارەی سروشتی هەڵخەڵەتێنەری هەوڵەکانی داعش هۆشیار بکەینەوە".

بەو ئاستە نزمەی ئێستای هاوئاهەنگییەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، حەمە گەشبین نییە و دەڵێ "لە مەخموور هەست بە ئەمان ناکەم، داعش شانەی نوستووی زۆرن، ئەگەر ڕەوشەکە ئاوا بەردەوام بێ، داعش لە شەش مانگ بۆ یەک ساڵی داهاتوودا ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ دەکات".

# ئەورووپا بەرەوڕووی خەلافەتە سایبرییەکەی داعش دەبێتەوە



زنار شینۆ
رووداو- دوسلدۆرف

داواکاری گشتی ئەڵمانیا لە شاری کارڵسروە لە 17ی نیسانی ئەمساڵ ڕایگەیاند، کەسێکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمان کە تەمەنی 28 ساڵە، بە تۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ چوونە نێو داعش دەستگیرکراوە. لە هەمان ڕۆژدا لە شاری میلانۆی ئیتاڵیا پۆلیس دوو کەسی دەستگیرکرد.

لەدوای کۆتاییهێنان بە خەلافەتی داعش، ئەم جۆرە هەواڵانە زوو زوو لە میدیای ئەورووپیدا بڵاودەبنەوە. ژمارەی ئەو کەسانە دیار نییە کە تا ئێستا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتانی ئەورووپاوە بە تۆمەتی ئەندامێتی و پەیوەندی بە گروپە توندئاژۆکانەوە دەستگیرکراون.

تۆماس هاڵدنڤانگ، بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی ناوخۆی ئەڵمانیا لە هەڤپەیڤینێکدا دەڵێت: "مەترسی داعش کۆتایی نەهاتووە، دەبێ هەموو کاتێک حیساب بۆ ئەوە بکەین کە لەنێو ئەڵمانیا هێرش بکەن".

دەزگاکەی هاڵدنڤانگ ئەرکی کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی هەر کەسێک کە تەمەنی لە 18 ساڵ زیاتر بێ و گومانی لێبکرێ پەیوەندی بە گروپێکەوە هەیە. بەپێی ئاماری دەزگاکە، ساڵی ڕابردوو چاودێری 2240 کەسی کردووە کە گومان دەکرێ هەڵگری بیری توندڕەوی بن، لە ساڵی 2017شدا 300 کەس خراونەتە ژێر چاودێرییەوە.

لە مانگی یەکی ساڵی 2018 لە بەندیخانەیەکی فەرەنسا باوکی کلیمینس باور سەردانی کوڕە دەستگیرکراوەکەی کرد کە لە نیسانی 2017 لە مارسیلیا لەگەڵ دوو کەسی دیکە دەستگیرکران. کلیمینس لە خێزانێکی کاتۆلیکی لە شارۆچکەی ئێرمۆنت لەدایکبووە. باوکی خاوەن کۆمپانیایەکی مامناوەندییە و دایکیشی خەریکی بزنسە. دوای ئەوەی دەبێتە موسوڵمان دێتە ئەڵمانیا و داوای مافی پەنابەرێتی دەکات. لە بەلجیکا و ئەڵمانیا پەیوەندی بە گروپە ڕادیکاڵەکانەوە دەکات، ئەو هێرشانەی لە 13ی نۆڤێمبەری 2015 لە پاریس کران، هاوبیرەکانی کلیمینس کردیان. ئەو کەسەی خانووەکەی بە سەلاح عەبدولسەلام (هێرشبەرەکە) دابوو، کلیمینس پێیدەڵێت "هاوڕێ"..

کەیسی ئەنیس عامر کە لە 19ی دیسێمبەری 2016 بە بارهەڵگرێکەوە بەنێو بازاڕێک کەوت، هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی دەرکەوت هێرشە تیرۆرستییەکانی پاریس و بڕۆکسل و بەرلین پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، لانیکەم ئەو کەسانە لە ڕێگای کەناڵەکانی پەیوەندی دیجیتاڵی ئاگایان لە یەکدی هەبووە. کلیمینس و ئەنیس 26 جار پەیوەندییان بە یەکدییەوە کردووە، هەندێکجار بە تێلیگرام و هەندێکجاریش بە کەناڵەکانی دیکەی میدیای دیجیتاڵ. ئەوان لە یەک مزگەوتی بەرلین نوێژیان کردووە کە دواتر ئیمامی مزگەوتەکەش دەستگیر کرا.

> ## داوا دەکەن یاسایەکی نوێ دەربکرێت بۆ ڕێگەدان بە چاودێریی کەناڵەکانی پەیوەندی بۆ کەسانی خوار تەمەن 18 ساڵان

ئەم کەسانە و هێرشەکانیان بوونەتە هەوێنی بیرکردنەوەیەکی تازە لەلای ئەورووپییەکان، بۆیەش هاڵدڤانگ داوا دەکات یاسایەکی نوێ دەربکرێت بۆ ڕێگەدان بە چاودێریی کەناڵەکانی پەیوەندی بۆ کەسانی خوار تەمەن 18 ساڵان. ئەو بە کۆنکرێتیش دەڵێت: "کەناڵەکانی پەیوەندی دیجیتاڵی". بەرپرسە ئەمنییەکەی ئەڵمانیا لە بەردەوامیی ئەو قسانەی بۆ ڕۆژنامەی (دی ڤێڵت)ی کردووە دەڵێت: "خەلافەتی سایبەری هانی هەوادارانیان دەدەن بۆ ئەنجامدانی هێرش".

بەرپرسێکی ڕۆژئاوای کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە بیاننییە دەستگیرکراوەکانی داعش لەلای ئەوان گەیشتووەتە نزیکەی 1000 دیل.

فەرەنسا، بەلجیکا و ئەڵمانیا تا ئێستا حکومەتەکانیان ڕازی نین ئەو هاووڵاتیانەیان وەربگرنەوە کە چوونەتە نێو داعش. فەرەنسا دەیەوێ لە عێراق و سووریا دادگایی بکرێن، ئەڵمانیا تەنیا ئافرەتێک و سێ منداڵی بۆ گەڕاوەتەوە کە هەر لە فڕۆکەخانە دەستگیرکرا. بەلجیکاش کار بۆ ئەوە دەکات لانیکەم ئەو منداڵانە وەربگرێتەوە کە لە دایک و باوکی بەلجیکین.

## سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە و دوویان کوردن

# گومان لە شەرعیەتی یاسایی 12 پەرلەمانتاری عێراق دەکرێ

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

یونادم یوسف کەننا ماوەی چەند مانگێکە بە دوای سکاڵایەکەوە دێت و دەچێ کە لە دژی ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق بەناوی بورهانەدین ئیسحاق تۆماری کردووە. یونادم، کاتێک بڕیاری دا ئەو سکاڵایە لە ڕێگای پارێزەرێکەوە بجووڵێنێ کە هەستی کرد یەکێک لە بەربژێرەکانی نێو لیستەکەیان بەناوی بەیدا لە لیستی کۆتای کریستیانەکان چەند هێندەی بورهانەدین دەنگی هێناوە، بەڵام بەیدا نەچووە پەرلەمان".

یونادم کە سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە، بۆ (رووداو)ی باسکرد، کاتێک سکاڵاکەیان گەیشتووەتە دادگای باڵای ئیتیحادی، بۆی دەرکەوتووە 11 پەرلەمانتاری دیکەش هەمان سکاڵایان لەسەرە.

یونادم یوسف کەننا، دەڵێ ئەوەی ئێستا بە تەواوی یەکلایی بووەتەوە و دادگا بڕیاری کۆتایی لەبارەوە داوە، سکاڵاکەی ئەوە "چونکە ئێستا چیدیکە بورهانەدین ئەندامی پەرلەمان نییە. بورهانەدین لەو هەڵبژاردنەدا 930 دەنگی هێناوە و لەسەر لیستی بابلیون گەیشتووەتە پەرلەمان، بەڵام ئێمە 6 هەزار و 82 دەنگمان هێناوە و نازانین چۆن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێگە بە تێپەڕینی ئەوە دراوە".

سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، هەروەها دەڵێ: "بزووتنەوەی بابلیون، مافی بەدەستهێنانی دوو کورسییان هەیە و لە لیستی کۆتاکاندا بەیدا دەبوو بچووایەتە پەرلەمان کە کریستیانە و خەڵکی پارێزگای دهۆکە. هەر بۆیە چاوەڕوانین لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەو هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە، چونکە دادگا بۆی دەرکەوتووە دەنگەکان لە کۆمسیۆنەوە یاریی پێکراوە".

وێنەیەکی نووسراوەکەی دادگای ئیتیحادی کە ژمارە 214 ی بەسەرەوەیە و بڕیاری کۆتایی لەبارەی ئەو کێشەیە داوە، لادانی بورهانەدینی دووپات کردووەتەوە، کۆپییەکی ئەو نووسراوەش دراوەتە (رووداو).

ئێستا ژمارەیەک پەرلەمانتاری دیکە، ترسیان هەیە لەوەی بڕیارەکانی داهاتووی دادگا ئەوانیش لە پەرلەمان دووربخاتەوە.

ئەو 11 پەرلەمانتارەی دیکە کە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە دوویان کوردن. یەکێکیان لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە سکاڵاکارەکەی هەر بەربژێرێکی لیستی پارتییە، هەروەها ناوی ئاڵا تاڵەبانی دەهێنرێ. یونادم یوسف دەڵێ :"سەید سەفوان لە فراکسیۆن پارتی و ئاڵا تاڵەبانی و محەممەد دەڕاجی و محەممەد کەربولی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە".

بەهار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بە مادەی 52 ی دەستووری عێراق دەکات کە هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە تانە بدات لە ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر گومانی ئەوەی هەبێت لە هەڵبژاردن مافی خوراوە: "ئەگەر بە دەنگی 2 لەسەر 3ی ئەندامانی پەرلەمان تانەکەی پەسەند کرا، کەسی سکاڵا لەسەر تۆمارکراو مافی ئەوەی نییە ئەندامی پەرلەمان بێت، بەڵام ئەگەر گرفتەکە لە نێوان ئەو دووە مایەوە، ئەوا پەنا دەبەنە بەر دادگای باڵای فیدراڵی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە".

ئێستا دادگا کار لەسەر سکاڵاکانی دیکەش دەکات و لە ماوەی داهاتوودا ئەوانیش یەکلایی دەبنەوە.

(رووداو) پەیوەندی کرد بە چەند ئەندامێکی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، ئەوان ڕەتیاننەکردەوە کە ئاڵا تاڵەبانی یەکێک بێت لەوانەی سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، بەڵام بە پاساوی ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان نین، قسەیان لەبارەوە نەکرد.

نۆ پەرلەمانتارەکەی دیکە کە گومان خراوەتە سەر یاساییبوونی ئەندامێتیان لە پەرلەمانی عێراق، دابەش بوون بەسەر فراکسیۆنەکانی سوننە و شیعەدا. پەرلەمانتارەکەی پارتیش کە سکاڵای لەسەرە، لە پارێزگای نەینەوایە و ناوی سەید سەفوانە.

ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت ئەو سکاڵایانە نوێ نین "هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی پەرلەمانەوە ئەو سکاڵایانە هەن"، بەڵام بەهۆی ئەوەی دادگا کاری لەسەر دەکات و بابەتەکە بووەتە پرسێکی یاسایی، ڕەتیدەکاتەوە ئەوان دەستێوەردانی تێدا بکەن "ئێمە لەگەڵ بڕیاری دادگاین، دادگا بڕیار بدات ماف هی کێیە و پێویستە بۆ کێ بگەڕێتەوە، ئێمە پشتیوانی دەکەین".

فەرمانبەرانی خۆی شەش سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە

# سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ پێنج سکاڵا دەدۆڕێنێ




سالح قادر
ڕووداو- هەولێر

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن فەرمانبەرانی دەستەکەیەوە شەش سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێ و پێنجیان دەدۆڕێنێ، شەشەمین سکاڵاشی لەژێر دادبینیدایە. سەرۆکی دەستەکە دەڵێت ئەو یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەکەی بەتەواوی جێبەجێ کردووە.

سێ لەو سکاڵایانە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دەستەکەوە تۆمارکراون. دوویان لەلایەن بەرپرسی ڕاگەیاندنی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی و سکاڵایەکیش لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ.

تاڤگە عومەر، بەڕێوەبەری گشتی یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ، سەبارەت بە هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵاکە بە (ڕووداو)ی گوت: "من وەکو بەڕێوەبەری گشتی، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان مافی خۆمە داوای مۆڵەت بکەم، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژێک زووتر یاداشتم نووسیوە و بە فەرمی داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتم کردووە، لە کاتێکدا من ڕەسیدیشم هەبووە، بەڵام ئەو بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی و کارگێڕی مۆڵەتەکەی منی ڕەتکردووەتەوە و بڕیاری داوە ئەو دوو ڕۆژەم بە نەهاتوو بۆ هەژمار بکرێ".

تاڤگە عومەر لە ڕۆژی 2018/12/24 لە دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم سکاڵای تۆمار کردووە. دەستەی بەرزەفتکردنیش لە ڕۆژی 2019/2/13 بڕیاری خۆی لەبارەی سکاڵاکە داوە. تاڤگە دەڵێت: "بڕیاری دادگا لە بەرژەوەندی من دەرچوو".

لە بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردندا، لەبارەی دۆسیەی تاڤگە عومەر هاتووە: "ئەو بڕیارەی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەرهەق بەو کەسە داویەتی، بڕیارێکە پێچەوانەی یاسایە، چونکە ئەو کەسە بەڕێوەبەری گشتییە و مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەبووە، مافی خۆی بووە داوای مۆڵەت بکات".

زیا بتڕوس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ڕەتیکردەوە لە خۆڕایی تاڤگە عومەری سزا دابێ و دەڵێت: "تاڤگە دەوامی نەکردووە و غیاب دراوە. ئەو دەڵێت من بەڕێوەبەری گشتیم، چۆن دەبێ غیاب بدرێم".

سکاڵایەکی دیکە کە لەسەر سەرۆکی دەستی مافی مرۆڤ تۆمار کراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014 کە لەلایەن هەڵشۆ عەبدولفەتاح، بەرپرسی ڕاگەیاندنی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی تۆمار کراوە. ناوبراو دوای ئەوەی بابەتێکی لەسەر دەستەکە لە پاشکۆی ڕای گشتی لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاوکردووەتەوە، لەلایەن سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤەوە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکدەهێنرێ و سزا دەدرێ.

هەڵشۆ عەبدولفەتاح، بە (ڕووداو)ی گوت: "من پێشتر بابەتێکم لەسەر دەستەکە نووسی، بەناوی دەستەی مافی مرۆڤ و چەندین پێشێلکاری. بە ئامانجی ئەوەی دەستەکە چاکسازی تێدا بکرێ. ئەو لێژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنام و سزای دام، منیش قبوڵم نەکرد و تانەم لە بڕیارەکە دا، بەڵام ئەو تانەکەی ڕەتکردەوە، لەدوای ئەوە داوایی یاساییم لەسەر تۆمارکرد. دادگاش بەپێی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، سزاکەیان هەڵوەشاندەوە".

دوای هەڵوەشاندنەوەی سزاکە، هەڵشۆ عەبدولفەتاح لە دادگای ئیداری لە هەولێر سکاڵایەکی دیکەی لەسەر سەرۆکی دەستەکە تۆمار کرد و داوای قەرەبووی مادی و مەعنەوی کرد. هەڵشۆ دەڵێت: "خۆشبەختانە ئەو داوایەشم لێ بردەوە، دادگا بڕیاری دا بە سێ ملیۆن دینار قەرەبوو بکرێمەوە و قەرەبووەکەشم وەرگرت".

سەبارەت بە سکاڵاکەی هەڵشۆ، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ گوتی: "ئەوە سەر بە گۆڕانە، گۆڕان یەک هەفتە لە پەرلەمان تەپڵیان لێدا بۆ ئەوەی من نەبم بە سەرۆکی دەستە، ئەو هەڵشۆیە یەک لاپەڕەی لەسەر من نووسیوە، تەشهیری پێکردووم، لێژنەی لێکۆڵینەوەم پێکهێنا، تەنیا ئینزارم داوەتێ، چووە سکاڵای تۆمارکردووە، دادوەریش بەرگری لێدەکات و دەڵێت ئەوە ئازادیی ڕادەبڕینە".

زۆرترین سکاڵا کە لەسەر سەرۆکی دەستەکە تۆمارکرابێ، لەلایەن عەبدوڵڵا عەبدولکەریم محەممەد، سەرۆکی دیوانی دەستەکە بووە کە دوو لە سکاڵاکان لە دادگا لە بەرژەوەندی عەبدوڵڵا عەبدولکەریم یەکلایی بوونەتەوە و دەڵێت 100% سکاڵای سێیەمیش لە بەرژەوەندیی ئەو دەبێ.

عەبدوڵڵا عەبدولکەریم کە لە ساڵی 2006 لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرۆکی دەستە دەیویست گەندەڵی بکات، ئیشی نایاسایی بکات، من ڕێگریم لێکردووە، ئیدی دەیویست لەوێ نەمێنم، لە 2013 دەسەڵاتەکانی لێسەندمەوە. منیش لە دادگا سکاڵام لەسەر تۆمار کرد و داواکەم بردەوە".

بەڵام سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەڵێت: "منەتم نییە، هەر شتێکی هەیە با بڵاوی بکاتەوە. ئەوە منم نەمهێشتووە کاری نایاسایی و کاری خراپ بکات. بۆیە دژایەتیم دەکات".

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لەلای (ڕووداو)ن، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم لە ڕۆژی 2013/8/21 داوایەکی ئاڕاستەی دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم کردووە، دەستەکە لە ڕۆژی 2013/11/19 بڕیاری خۆی لەبارەی داواکە داوە کە تێیدا هاتووە "بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە 19 کە لەلایەن سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەرهەق بە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی دەستەکە دراوە، سەبارەت بە لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی".

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ واز لە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دەستەکەی ناهێنێ، بۆیە لە 2018/3/1 جارێکی دیکە دەسەڵاتەکانی لێوەردەگرێتەوە و لە پۆستەکەشی دووردەخاتەوە، بە پاساوی ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی دیوان بکالۆریۆسی لە بواری کارگێڕی یان داراییدا نییە، بۆیە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی دووبارە لە دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان سکاڵای لەسەر تۆمار دەکاتەوە.

عەبدوڵڵا عەبدولکەریم دەڵێت: "پاساوی سەرۆکی دەستەکە بۆ لادانەکەم ئەوە بووە کە من بکالۆریۆسم لە کیمیادا هەیە و نابێ ئەو پۆستەم هەبێ، لە کاتێکدا خۆی بکالۆریۆسی لە فیزیادا هەیە، بۆیە دەسەڵاتەکانی منی بە نایاسایی دایە جێگرەکەم، منیش سکاڵام لەسەر تۆمار کرد".

بەڵام سەرۆکی دەستە دەڵێت: "بە گوێرەی یاسا پێگەکەی عەبدوڵڵا نایاساییە، چونکە ئەو کەسەی لەو شوێنە دادەنرێ دەبێ بکالۆریۆسی لە کارگێڕی یان داراییدا هەبێ. سەبارەت بە بڕوانامەکەی من، لە یاسای دەستەدا تەنیا ئەوە هاتووە کە بکالۆریۆسی هەبێ، باسی پسپۆڕی نەکراوە".

عەبدوڵڵا عەبدولکەریم کە لە 2018/4/5 سکاڵاکەی تۆمار کردووە، لە 2018/7/8 ئەنجامەکەی وەرگرتووەتەوە، لە بڕیاری دادگادا هاتووە: "داوالێکراو بڕیارێکی ئیداری دەرکردووە، کە داواکراوی لە هەموو دەسەڵاتەکانی داماڵیوە و هیچ دەسەڵاتێکی ئیداری و دارایی بۆ نەهێشتووەتەوە، بڕیاری دەستەکەش ئەوە بووە کە بڕیارەکەی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ نایاساییە و نەگونجاوە". واتە گەڕاندنەوەی عەبدوڵڵا ئیبراهیم بۆ پۆستەی.

دوای بڕیارەکەی دادگا، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بڕیاری داوە بە گەڕاندنەوەی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بۆ پۆستەکەی، بەڵام بە پاساوی ئەوەی لە بڕیاری دادگای تەمیز کە لە 2018/12/4 دەرچووە و باسی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکانی نەکردووە، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم تەنیا گەڕێندراوەتەوە شوێنەکەی خۆی. سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەڵێت "دادگا داوای کرد کە عەبدوڵڵا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، منیش گەڕاندمەوە، بەڵام باسی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکانی نەکردووە".

ئێستا بەڕێوەبەری گشتی دیوانی دەستەکە هانای بۆ پەرلەمان بردووە و داوا دەکات سەرۆکی دەستەکە بڕیارەکانی دادگای تەمیز و دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم جێبەجێ بکات و دەسەڵاتەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە.

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە دەست (ڕووداو) کەوتووە، پێشتر پەرلەمانی کوردستان نووسراوێکی بە ژمارە 768/3/4 لە ڕۆژی 2018/3/8 ئاراستەی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ کردووە و دوو خاڵی تێدا ڕوونکردووەتەوە.

یەکەم: سەرۆکی دەستە ماوەی یاسایی بەسەرچووە و وەکو کاربەڕێکەر لە پۆستەکەیدا بەردەوامە، بۆیە بەپێی یاسا دەسەڵاتی لادان و دانانی فەرمانبەرانی ئەو دەستەیەی نییە.

دووەم: لە ژێر ڕۆشنایی خاڵی یەکەم، فەرمانی دەستەکەتان کە بە ژمارە 22 لە ڕێکەوتی 2018/3/1 دەرچووە و تایبەتە بە لادانی بەڕێز عەبدوڵڵا عەبدولکەریم، هەڵبوەشێتەوە، لەگەڵ گەڕاندنەوەی گشت دەسەڵاتە کارگێڕییەکان و داراییەکان کە لێی سەندراوەتەوە.

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ دەڵێت: "نەک من زۆربەی دەستەکانی دیکە ماوەی یاساییان بەسەرچووە. ئەگەر ئەوان نایانەوێ بەردەوام بم، با پێم بڵێن فەرموو بڕۆ".

بەرپرسێکی پێشووی یەکێتی ژنان:

# بەرهەم ساڵح پرۆژەیەکی منی بەناوی خۆی پێشکەشی پەرلەمان کردووە

شکار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

لێپرسراوی پێشووی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێ ئەو پرۆژە یاسایەی بەرهەم ساڵح لە 2019/4/7 بەناوی پرۆژە یاسای ژنانی ئازادکراوی ئێزدی پێشکەشی پەرلەمانی عێراقی کرد، پرۆژەی ئەو بووە، بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار بەناوی خۆیانەوە پێشکەشی پەرلەمانی عێراقیان کردووە. ئەو دەڵێت هەندێک ڕاوێژکاری بەرهەم ساڵح پۆز بە پرۆژەکەوە لێدەدەن.

پەرێز عومەر، چالاکڤانی کۆمەڵی مەدەنی و لێپرسراوی پێشووی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەو کارەساتەی داعش لە ساڵی 2014 بەسەر ژنە ئێزدییەکانی هێنا، ماوەی دوو ساڵ لەگەڵیان بووم و هاوکاریم کردن، دوو نامەم نووسی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، نامەکەم بۆ حکومەت لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیا بوو لەگەڵ ڕزگاربووە ئێزدییەکانی ژێردەستی داعش کە بە پێزانینەوە نامەکەی بەهەند وەرگرت و بڕیاری دا میدیاکان بە پرەنسیپەوە مامەڵە لەگەڵ ڕزگاربووەکانی ژێردەستی داعش بکەن".

نامەی دووەمی پەرێز لەبارەی ئیمتیازاتی ژنە ڕزگاربووە ئێزدییەکانی ژێردەستی داعش بووە و دەڵێ: "نامەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد بۆ ئەوەی ڕزگاربووە ئێزدییەکان وەکو زیندانی سیاسی حیسابیان بۆ بکرێ، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە".

ساڵی 2016 پەرێز عومەر پرۆژەیاسایەک بۆ پێدانی ئیمتیاز ئامادە دەکات و دەیداتە پەرلەمانی عێراق، ئەو دەڵێ: "لەگەڵ کەریم بەحری، پەرلەمانتاری پێشووی کوردستان دانیشتین و ڕەشنووسی یەکەمی پرۆژەکەمان نووسی. پرۆژەکەمان لە 2016/3/9 دایە نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە هەولێر، دوای چەند مانگێکیش لە هەولێر کۆنفرانسێکمان کرد بۆ تەعدیلی پرۆژەکە، بەڵام لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە وەڵاممان نەدرایەوە".

پەرێز دوای ئەوەی نائومێد بووە لەوەی پەرلەمانی عێراق وەڵامی بداتەوە، پرۆژە یاساکەی دەنێرێ بۆ د.فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری پێشووی عێراق. لەوبارەوە دەڵێت: "کە زانیم لە پەرلەمان وەڵامم نادرێتەوە، چەند مانگێک پێش تەواوبوونی وادەی کابینەی پێشووی حکومەت،





لەگەڵ چەند چالاکڤانێکی ئێزدی و چەند ئەندام پەرلەمانێکی عێراق چووینە لای فوئاد مەعسوم، ئەویش پرۆژەکەی لێوەرگرتین، بەڵام بەداخەوە کاری لەسەر نەکرد".

ئەو چالاکڤانە لەڕێگەی پەرلەمانتارێکەوە دووبارە پرۆژەکە دەداتەوە سەرۆکایەتی کۆمار، پەرێز دەڵێ: "دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، لەسەر بەرپرسیارێتی و گیرفانی خۆم سێ جار چووم بۆ بەغدا، لەگەڵ حوسێن نەرمۆ کە پەرلەمانتارێکی ئێزدییە لە عێراق قسەم کرد و بەدەم پرۆژەکەمەوە هات، لەگەڵ سەرۆک کۆمار قسەی کرد، سەرۆکایەتی کۆمار بە ئامادەبوونی چەند پەرلەمانتارێک و خۆشم دوو کۆبوونەوەمان لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاساکە کرد، دوای تەعدیلکردنی کە یەکێکیان نزیکەی هەفتەیەک پێش نەورۆز و دووەمیشیان لە 2019/3/26 بوو، لە 2019/4/7 پرۆژەکە پێشکەشی پەرلەمانی عێراق کرا".

پەرێز کە چەند ساڵێکە کار لەسەر ئەو پرۆژەیە دەکات، نیگەرانە لەوەی سەرۆکایەتی کۆمار پرۆژەکەیان بردووە و دەڵێ: "ئێستا بەرهەم ساڵح پرۆژەیاساکەی بەناوی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، هەندێک ڕاوێژکاریشی لە فەیسبووک و لەلای عەرەبەکان پۆز بە پرۆژەیاساکەوە لێدەدەن کە لە کۆبوونەوەکانیشدا نەبوون، نیگەرانم لەوەی کە ئەوکاتەی نادیە موراد هاتەوە، بە دەستی خۆم پرۆژەکەم دایە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ئێستا سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت دەستخۆشی لە پرۆژەکەی دکتۆر بەرهەم دەکەین".

ئەو چالاکڤانە گوتیشی: "هەموو مافێکی یاساییم هەیە کە بەرامبەر سەرۆکایەتی کۆمار بیگرمەبەر، چونکە ئەو پرۆژەیە هی منە. ئەوان بە وشەیەکیش ئامادەنەبوون ناوی من بێنن یان بانگێشتم بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر بە ئامادەکردنی پرۆژەیاساکەوە ماندوو بووم و دەزانم ئەگەر لە پەرلەمان تێپەڕێنرێت بەهەزاران ژن لێی سوودمەند دەبن، بۆیە جارێ بێدەنگیم هەڵبژاردووە لە بەرامبەریان".

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزدیان پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەو پرۆژەیە هی کچە چالاکڤانەکەیە، حوسێن نەرمۆ، پەرلەمانتاری عێراق و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزدیان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەڵێ پرۆژەکە هی پەرێز عومەرە، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ڕۆحانیش باسمان کردووە، لە ماوەی ڕابردووشدا ئەم چالاکڤانە پەیوەندی بە منەوە کردووە و خۆم سەرۆکایەتی کۆمارم ئاگادارکردەوە و بە ئامادەبوونی پەرێز عومەر دوو جار گفتوگۆمان لەسەر کرد، بۆیە نابێت ناوی ئەو ئافرەتە پەراوێز بخرێت لە پرۆژە یاساکەدا و ئێمە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکە لە پەرلەمان بانگی دەکەین".

سەبارەت بە چارەنووسی پرۆژە یاساکەش، حوسێن نەرمۆ گوتی: "پرۆژەکە لە سەرۆکایەتی کۆمار تەواو بووە و ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان قسەم کردووە و ئەویش پشتیوانی پرۆژەکەیە و گوتی بەم نزیکانە دەیخەینە کارنامەی پەرلەمانەوە".

پەرلەمانتارێکی یەکێتیش پێیوایە دەبێت سەرۆکایەتی کۆمار ماندووبوونی پەرێز عومەر لەبەرچاو بگرێت، ئارەزوو مەحموود، پەرلەمانتاری عێراق لەوبارەوە دەڵێت: "پەرێز عومەر لە ساڵی 2014ـەوە خەریکی ئەم پرۆژەیەیە و زۆریش پێوەی ماندوو بووە، چەندینجار سەردانی مەیدانی کردووە بۆ لای ژنە ئێزدییەکان، ئێستاش کە پرۆژەکە بەناوی سەرۆکایەتی کۆمار پێشکەش کراوە، پێویستە سەرۆکایەتی کۆمار هەوڵ و ماندووبوونی ئەو ئافرەتە لەبەرچاو بگرێت و ڕێزی لێبگرێ، ئێمەش لەکاتی خوێندنەوەی پرۆژەکە لەنێو هۆڵی پەرلەمان بانگێشتی دەکەین".

سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ڕەتیدەکاتەوە ئەو ژنە چالاکڤانەیان پەراوێزخستبێ. سەگڤان موراد جندی، بەڕێوەبەری گشتی لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "پەرێز خان پەراوێز نەخراوە، بەشی یاسایی سەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵ خەڵکی شارەزا و پەرلەمانتار و دووجار لەسەر پرۆژەیاساکە کۆبوونەوە، لە هەردوو دانیشتنەکەش بانگێشتی پەرێز عومەر کراوە و بەشێک بووە لە گفتوگۆکان، دواتر بوو بە پرۆژە یاسا و نێردرا بۆ پەرلەمانی عێراق، ئێستاش کاری ئێمەیە وابکەین پرۆژەکە لە پەرلەمان تێپەڕێت".

## ئیمامئۆغڵو.. لە لەفەفرۆشییەوە بۆ سەرۆکی شارەوانیی ئیستانبوڵ

### ئەکرەم ئیمامئۆغڵو بۆ (ڕووداو):

# لەسەر دەستەخوشکیی ئیستەنبوڵ و هەولێر قسە دەکەین



> ئاگادارم کە هەولێر بە خێرایی گەشە دەکات

**کەمال ئاڤچی**
**ڕووداو – ئیستەنبوڵ**

بەر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان داوای دیدارێکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان-ی کرد، ڕۆژی 2019/1/11 بۆ ماوەی یەک سەعات دیداری لەگەڵ ئەردۆغان هەبوو، لەوێ بەبیری ئەردۆغانی هێنایەوە، ساڵی 1994 کاتێک سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ بووە، ڕۆژێک لەگەڵ ستافەکەی لە ڕێستورانتەکەی باوکی ئەودا نانی نیوەڕۆیان خواردووە، بەڵام لەو کاتەدا ڕووداوێک ڕوویداوە، بە پەلە ڕێستورانتەکەیان جێهێشتووە و پارەی خواردنەکەیان نەداوە.

کاتێک ئەکرەم ئیمامئۆغلو، ئەو بەسەرهاتە بۆ ئەردۆغان دەگێڕێتەوە، ئەردۆغان پێیدەڵێت "ئێمە قەرزداری ئێوەین، پارەکە چەندە با بتاندەینەوە". ئیمامئۆغڵو دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و دەڵێت: "ئەمە قەرزی ماددی نییە، با قەرزی مەعنەوی بێت. کاتێک بووم بە سەرۆکی شارەوانی، پێویستم بە پشتیوانیتان دەبێت. بەمە دەتوانن قەرزەکەتان بدەنەوە".

ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، دوای ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی لە ئیستەنبوڵ بەدەستهێنا، هەفتەی ڕابردوو وەکو سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئیستەنبوڵ دەستبەکار بوو. ئیمامئۆغڵو لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هێڵە گشتییەکانی کارکردنی خۆی دەکات.

ئیمامئۆغڵو، ساڵی 1970 لە ترابزۆن لەدایکبووە. دەرچووی کۆلێژی کارگێڕیی زانکۆی ئیستەنبوڵە. لە تیپە مێللییەکاندا وەک گۆڵپارێز یاری کردووە. بەڵێندەر بووە، بەڕێوەبەری خواردنگەکانی باوکی بووە. ساڵی 2008 چووەتە ڕیزەکانی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە). ساڵی 2014 بە کۆکردنەوەی 52%ی دەنگەکان بووە سەرۆک شارەوانیی شارۆچکەی بەیلیک دوزوو لە ئیستەنبوڵ. بەکۆکردنەوەی 48.80%ی دەنگەکانی ئیستەنبوڵ دەنگی یەکەمی ئیستەنبوڵی بەدەستهێنا و ڕۆژی 2019/4/17 بەفەرمی بووە سەرۆک شارەوانیی ئیستەنبوڵ.

### چۆن هەڵبژێردرا

ئەکرەم ئیمامئۆغڵو، بە بەراورد بە کاندیدەکەی پارتی دەسەڵات کە بینالی یڵدرم بوو، خاوەن ناوبانگ نەبوو، پێشتر سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەیەک بووە، ئەزموونی کارکردنی لەو شارەوانییە، بووە جێی پەسەندی سەرۆکی جەهەپە و لە نێوان چەندین بەربژێری بەهێز، پەنجەی لەسەر ناوی ئەو دانا.

ئیمامئۆغڵو ڕەتیکردەوە کە ئەو پرۆژەی کەس و لایەنێک بێ و دەڵێت: "من لە ژیانمدا نابمە پرۆژەی کەس، سەرۆکی جەهەپە دەیویست کەسێک بەربژێر بکات ئەزموونی لە شارەوانیدا هەبێ. دەبوو لەنێو سەرۆک شارەوانییەکاندا کەسێک هەڵبژێرێ، ئیدی لەسەر ناوی من ڕاوەستا، هەڵبەت خۆی هۆکارەکەی باشتر دەزانێ. بەڵام خۆم دەمزانی من بۆ ئەو کارە ئامادەم".

بۆچوونێک هەیە کە شارەوانیی ئیستەنبوڵ فلتەرێکە بۆ هەڵکشان بەرەو لوتکەی دەسەڵات، وەک چۆن ئەستێرەی بەختی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوڵەوە درەوشایەوە تا گەیشتە لوتکەی دەسەڵات.

> حیزبایەتی لە شارەوانی ناهێڵم

ئەکرەم ئیمامئۆغڵو بیری لەوە نەکردووەتەوە بە هەمان ڕێگەی ئەردۆغاندا بڕوات و دەڵێت: "دوای ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرام، ئامانجێکم لە بەردەمی خۆم داناوە کە چۆن ببمە کەسێک کاری هەرەباش بکات. من دەمەوێ ببمە سەرۆک شارەوانییەکی هەرە دیموکرات".

بەو پێیەی ئیستەنبوڵ شارێکی گەشتیارییە و لە چوار لای جیهانەوە خەڵک ڕووی تێدەکات، جگە لەوەش ژمارەی دانیشتووانەکەی 16 ملیۆن کەسە، بۆیە بەلای ئیمامئۆغڵووە بەڕێوەبردنی وەها شارێک ئاسان نییە، بەڵام ئەو شانی داوەتە بەر بەرپرسیارێتییەکە و دەڵێت: "بەو پێیەی پێشتر ئەزموونم هەبووە، شارۆچکەیەکم بەڕێوە بردووە کە دانیشتووانەکەی 350 هەزار کەس بووە، خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی تورکیای تێدابووە. ئەگەر کەسێک لە جیهان حاڵی نەبێ، ناتوانێ ئەو شارە بەڕێوەبباتە. من ئەو کەسەم دەتوانم پەیوەندی لەگەڵ هەموو کەسێک دروست بکەم".

### حیزبایەتی ناهێڵم

لە یەکەم کۆبوونەوەدا لە باڵەخانەی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، ئەکرەم ئیمامئۆغڵو چەند تێبینی و هۆشدارییەکی بە کارمەندانی دا. ئەو کارمەندانی دڵنیا کردووەتەوە کە "بە هیچ شێوەیەک یاری بە قووتی هیچ یەکێکیان ناکات، بەتایبەتی بە هۆی جیاوازیی بیرکردنەوەی سیاسی".

ئیمامئۆغڵو دەڵێت: "کێشەی هەرە سەرەکی تورکیا حیزبایەتییە، ئەو ڕێبەرایەتییەی لە ئیستانبوڵ هەیە بۆ حیزبەکەی کار دەکات، دەتوانم بڵێم بۆ بەڕێوەبەرانی پارتەکەیان و خۆیان کار دەکەن. دەبێ ئەم جۆرە کارکردنە بگۆڕدرێ. نابێ فێڵ لە خەڵک بکەین. من (ڕێککەوتنی ئیستەنبوڵ) م کە هەموو کەسێک خۆی تێدا ببینێتەوە".

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئیمامئۆغڵو زۆر بە کەمی لە مێتینگەکان بینرا، بەڵکو زۆرتر لە نێو بازاڕ و ماڵاندا دەگەڕا، لەوێ یەک بە یەک داواکارییەکانی لێوەردەگرتن. لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردن یەکێک لە ئەندامانی کەمپەینەکەی پێیگوتووە: چۆن ئەو هەموو پرسانە چارەسەر دەکەی؟ دەروونناسێکیش هەمان قسەی پێگوتووە. ئەمە تۆزێک ئیمامئۆغڵوی ترساندووە، بەڵام دواتر بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بووە. ئەو پێیوایە ئەگەر کەسێک ڕۆح و وزەی کارکردن لەگەڵ هاوکارەکانی بەش بکات، دەتوانێ لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ.

نزیکەی شەش ملیۆن کورد لە ئیستانبوڵ هەن، زۆربەیان لەسەر داوای پارتی دیموکراتی گەلان دەنگیان بە ئیمامئۆغڵو دا، هەر ئەمەش تەرازووی دەنگەکانی بەلای ئەودا شکاندەوە. گەلۆ ئیمامئۆغڵو چۆن پاداشتی کوردی ئیستەنبوڵ دەداتەوە؟

ئیمامئۆغڵو دەڵێت: "دەمەوێت خزمەتی سەرجەم پێکهاتەکان بکەم. دەرفەت بۆ ژنان دروستبکەم بۆ ئەوەی کاریان هەبێت و بتوانن باشتر منداڵەکانیان بەخێوبکەن، بەپێی لێکۆڵینەوەکان

> یارمەتی کوردی ئیستەنبوڵ دەدەم

منداڵانی گەڕەکەکانی دەرەوەی شار، کە پێیان دەڵێن ڤارۆش، کێشەی خوێندنیان هەیە، ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەر بکەم واتە کێشەی هاوشارییە کوردەکانم چارەسەر کردووە، هاوشارییە کوردەکانم دەڵێن: دەمانەوێت فێری زمانی خۆمان ببین. ئەمە مافێکی خۆیانە و من پێشتریش لە شارەکەی خۆم ئەو هاوکارییەم کردووە".

دەمیرتاش بەر لە هەڵبژاردن تویتێکی کرد و داوای لە لایەنگرانی هەدەپە کرد، دەنگی خۆیان بدەنە بەربژێری جەهەپە. ئیمامئۆغڵو زۆر پەسنی دەمیرتاش دەدات و دەڵێت: "زۆر سەرسامم بە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتکردنی. لە ڕاستیدا کەسێکی ئاشتیخواز، دانوستاندنکار و خاوەن بەها نیشتمانییەکانە، زمانی سیاسەتیشی لەم ڕوانگەیەدا بەکاردەهێنا. ئەگەر هەمان زمان و گوتاری ئاشتیخوازانە بەردەوام بەکاربهێنرێت، سوودی زۆری دەبێت بۆ تەواوی وڵات".

لەدوای گشتپرسی باشووری کوردستان، پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و هەولێر ساردیی تێکەوت، 270 کۆمپانیا کە لە ئیستەنبوڵ کاردەکەن، سەرمایەیان لە هەولێریش هەبوو، بەڵام هەموویان یان کارکردنیان ڕاگرت، یان کشانەوە. ئەمە کاریگەری لەسەر ئابووریی ئیستەنبوڵیش هەبووە.

ئیمامئۆغڵو لەوبارەیەوە دەڵێت: "من یەک لەو کەسانەم کە دەزانم پەیوەندی ئاشتیانە و پەیوەندی ئابووری لەگەڵ دراوسێکان لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتەدان و بە دانانی ئاستەنگ لەبەردەم وڵاتێکی دیکە، وڵاتی ئێمە ناتوانێ گەشە بکات. هەر بۆیە ئیستەنبوڵ دەبێ ببێ بە شەمەندەفەرێک، چونکە مۆتۆری تورکیا لە ئیستەنبوڵە. پەیوەندییەکان نەک هەر لەگەڵ هەولێر بەڵکو دەبێ لەگەڵ هەموو لایەنێک باش بێ".

لە ئیستەنبوڵ ژمارەیەکی زۆر پەنابەر هەن، ئیمامئۆغڵو لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن گوتبووی دەبێ ئەو پەنابەرانە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. ئەو پێیوایە قسەکەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە و دەڵێت "من گوتم هێزە ئەمپریالیستیەکانی جیهان، ئێوە لە بری ئەوەی بیر لە نەوتی ژێر خاکەکەیان بکەنەوە، پێویستە بیر لە ڕووتەختی خاکەکە بکەنەوە (واتە ئەو خەڵکەی لەسەر خاکەکە دەژین)، بۆ ئەوەی بە هەمووان ئاشتی بنیات بنێن. کێ هەیە حەز نەکات لە وڵاتی خۆی بژی؟ بۆیەش پێویستە کار لەسەر ئەوە بکەین و ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە سەر زێد و نێو ماڵ و حاڵی خۆیان".

ئایا هەولێر دەکاتە دەستەخوشکی ئیستەنبوڵ؟

> سەرسامم بە سیاسەتکردنی دەمیرتاش

ئەمە پرسیاری فانێکی پەیجی فەیسبووکی (ڕووداو) بوو بۆ ئیمامئۆغڵو. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "بۆچی نا؟ هەڵبەت پرۆژەی دەستەخوشکی دەبێ کاریگەر و درێژخایەن بێ. ئێمە دەمانەوێ پێشتر شرۆڤەیەکی ئەوە بکەین ئاخۆ دەستەخوشکی چییە و چی نییە. هەڵبەت هەولێر شارێکی گرنگی ئەم ناوچەیەیە و ناوەندێکی بازرگانیشە. گەلێک هاوڕێی منیش لەوێ کاردەکەن، چاوەڕوانیشیان زۆرە. من ئاگادارم کە هەولێر بە خێرایی گەشە دەکات. یێگومان ئێمە قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەین".

### کەلیموڵڵا تەوەحودی، نووسەر، شاعیر و موزیسیەنی کوردی خوراسان بۆ (ڕووداو):

# کوردی خوراسان دوو ملیۆن دەبن



**ڕووداو- هەولێر**

کەلیموڵڵا تەوەحودی نووسەر، شاعیر و موزیسیەنی کوردی خوراسان یەکەمجاریەتی بێتە باشووری کوردستان. لە دانیشتنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باس لە ڕەوشی کوردی خوراسان و پەیوەندییان لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مێژوویان و ناوچە جوگرافییەکەیان دەکات.

قسەی جیاواز لەبارەی ژمارە، بنەچە و پانتایی جوگرافی ناوچەکانی کوردی خوراسان هەیە. تەوەحودی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "هەتا ئێستا ئامارێکی ورد لەبارەی ژمارەی کورد لە خوراسان

> کورد مەغۆلیان لە خۆراسان دەرکرد

نییە، بەڵام لەوکاتەوەی کورد گوازراونەتەوە بۆ ئەو ناوچەیە لە شەڕەکانی قۆناغی سەفەوی و نادرشا و قاجارییەکان، هەر هیچ نەبێ یەک ملیۆن کورد کوژراون. چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەبوو سنووری پڕئاژاوەی خۆراسان لەهەمبەر هێرشی مەغۆل و تورکمەنەکاندا بپارێزن. ئێستا ئەو کوردانەی لە خۆراسانن کرمانجن و شیعە مەزهەبن".

بۆ دیاریکردنی ژمارەی کوردی خۆراسان پێویستە پێشوەخت ئەوە دیاری بکرێ کە دەستەواژەی "کوردی خوراسان" کام خەڵک دەگرێتەوە و پانتایی جوگرافیی ناوچەکەیان هەتا کوێیە. تەوەحودی لەوبارەوە دەڵێ: "لە شاترانلۆوە بگرە هەتا سەرەخس و لەوێوە بۆ وڵاتانی تورکمانستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، ئەفغانستان کورد هەیە و هەموشیان کوردی خۆراسانن، بەڵام بڵاوبوونەتەوە. کوردی کۆنی خۆراسانی گەورە لە پاکستان و هیندوستانیش هەن".

تەوەحودی ڕەتیدەکاتەوە کوردانی خۆراسان بە زۆر لە ناوچەکانی خۆیان هەڵکەندرابن و بۆ خۆراسان ڕاگوێزرابن، بە بۆچوونی ئەو "لەو قۆناغەدا خۆراسان لەدەستچووبوو، مەغۆلەکان گرتبوویان، بۆیەش لە کۆتایی سەدەی 15 و سەرەتای سەدەی 16 شا ئیسماعیلی یەکەم پێشنیازی کرد کورد بگوازنەوە بۆ ئەو ناوچەیە تاوەکو مەغۆلەکان لەوێ دەربکەن". بەگوتەی تەوەحودی، ئێستا زۆرترین ژمارەی کوردی خۆراسان لە تارانن، بەڵام ئەوانە باسیان ناکرێ. بە مەزندەی تەوەحودی کۆی گشتی ژمارەی کوردی خۆراسان کە لە ئێران دەژین نزیکەی دوو ملیۆن کەسن.

ڕێژەی زۆری بێکاری لە پارێزگای خۆراسانی باکوور وایکردووە خەڵکێکی زۆر ڕوو لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بکەن، بەگوتەی تەوەحودی زۆربەی ئەو کوردانەی خۆراسانی باکووریان جێهێشتووە لە تاران، هەر ئەو کوردانەش "ناوچەی فەردیس لە شاری کەرەجیان (لە نزیک تاران) دروستکردووە.

خۆراسان سەدان کیلۆمەتر لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دوورە، سەرەڕای ئەوەش خەڵکی ئەو ناوچەیە زمان و کولتووری خۆیان پاراستووە. وەک کەلیموڵڵا تەوەحودی دەڵێ: "قسە و گەپ، شیعر و مۆسیقای خەڵک بە کورمانجییە، ئەوان هەم زمانی فارسی فێربوون و هەم کورمانجیش".

سەبارەت بە بنەچەی کوردی خۆراسانیش دەڵێ: "زۆربەی ئەو کوردانەی لە بناری چیای ئاگرییەوە بۆ خۆراسان کۆچیان کردووە جەلالین". بەڵام زۆربەی ئەو کوردانەی لە باکووری کوردستان، پارێزگای ورمێ و قەوقاز هەن، لە پارێزگای خۆراسانیش هەن، لەوانەش کوردی بابان، جافکانلو، کاڤانلو یان شێخ ئەمیرلو کە لە دێرسیمەوە هاتوون، ئەمانە هەموویان لە خۆراسان هەن.

تەوەحودی یەکەم کەسە کە مێژووی کوردی خۆراسانی نووسیبێتەوە، ئەو دەڵێ: "هەوڵەکەی من کاریگەریی زۆری هەبوو، چونکە پێش ئەوەی من کتێبەکە بنووسم کورد هەر کتێبیان نەدەخوێندەوە، بەڵام دوای ئەوە دەستیان بە خوێندنەوە کرد، ئێستا تیراژی کتێبەکەی من زیاترە لە تیراژی نووسەرە فارسەکانی شاری مەشهەد، چونکە کورد، فارس، تورک و تورکمان پێشوازی لە کتێبەکانی من دەکەن".

> کوردی خوراسان لە پاکستان و هیندوستانیش هەن

هەژاریی ناوچەکە و نەبوونی پشتیوانی دارایی وایکردووە چالاکییە فەرهەنگی و ڕۆژنامەڤانییەکان لەو ناوچەیە یەکجار کەم بێ. جاران گۆڤارێکی کوردی لە خۆراسان دەردەچوو کە هی ڕادیۆی کوردی خۆراسان بوو، بەڵام پاش 10 بۆ 12 ژمارە بەهۆی کێشەی داراییەوە وەستا.

کەلیموڵڵا تەوەحودی دەڵێت: "شوێنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی لە خۆراسان بەڕاستی بەتاڵە. ڕادیۆی کوردی خوراسان لە 1956 هەتا ئێستا لە مەشهەدەوە بەرنامەی هەیە، لە تەلەڤزیۆن و لێرە و لەوێش شتی پچڕپچڕ هەیە، بەڵام جگە لەمانە هیچ شتێکی جدی لەئارادا نییە".

ئەدەبیات، هەڵپەڕکێ و جلوبەرگی تایبەتی کوردی خۆراسان کە بەهۆی ڕەنگاوڕەنگییەکەیەوە ناوبانگێکی زۆری هەیە، بەشێوەی پشتاوپشت بۆ نەوەی ئەمڕۆ گوازراونەتەوە. هەڵبەستڤانە کوردەکەی خۆراسان پێیوایە هەرچەند کوردی خۆراسان تاوەکو ئێستاش حەزیان لە کەلەپووری خۆیانە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو توخمە سەرەکییانەی دابونەریتی کوردی خۆراسان تۆمار بکرێن و ئەرشیف بکرێن.

سەبارەت بە هەوڵەکانی خۆی لەو بوارەدا تەوەحودی دەڵێ: "من خۆم زیاتر لە 400 ئاوازی کوردیم کۆکردووەتەوە، ئەوانەم لە ساڵی 1966 وە تۆمار کردووە و ئەرشیڤم کردوون، ناوەندی بەڵگەکانم دروستکردووە، مۆزەخانەی کولتووریی کورمانجم دامەزراندووە". تەوەحودی لە چەند دەیەی ڕابردوودا موزیسیەنە بەناوبانگەکانی کوردی خۆراسانی بردووەتە وێستگەی تۆماری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئێران و لەوێ ئاوازە کۆنەکانیانی تۆمار و ئەرشیف کردووە، جیا لەمە خۆیشی 120 سەعات موزیکی ئەرشیف کردووە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چالاکی کولتووریی کوردی خۆراسان گەشەی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، تەوەحودیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 20 لەو گەنجانەی خوێندنی زانکۆیان تەواو کردووە دەستیان بە نووسین و چاپی کتێب کردووە لەسەر گوند و ناوچەکانی خۆیان، ئەمەش "هەر خۆی گۆڕانکارییەکی جێی خۆشحاڵییە، کوردی خۆراسان خۆیان قۆڵیان لە پاراستنی کولتووری خۆیان هەڵکردووە، چونکە حکومەت پشتگیریمان ناکات".

موزیک یەکێکە لەو بوارانەی ناوبانگێکی زۆری بە کوردی خۆراسان داوە. تەوەحودی خۆیشی موزیک دەژەنێ و پێیوایە "موزیکی کوردی خۆراسان لە میوزیکی هەموو خەڵکانی دیکەی ئێران بەهێزترە". هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کوردی خۆراسان ئەوەی لە 500 ساڵی پاش کۆچیان بۆ ئەو ناوچەیە بەسەریان هاتووە، لەناو موزیکەکەیاندا تۆمار کراوە، بە جۆرێک مێژووی ئێمە موزیکی ئێمەیە و موزیکەکەمان مێژووی ئێمەیە".

فاکتەرێکی دیکەش ئەوەیە کوردی خۆراسان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی قەوقازەوە بەرەو خۆراسان چوون، بەڕای تەوەحودی لەو ڕێگا درێژە لەگەڵ گەلی جیاجیادا پەیوەندییان دروستکردووە و کاریگەرییان لەسەر یەکدی داناوە و ئاڵوگۆڕی کولتووری ڕوویداوە "ئەمەش کاریگەری لەسەر موزیکی ئێمە هەبووە".

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# دکتۆرێک نەیهێشت داعش گوللەبارانمان بکات



چیرۆکی چواردەم

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

"باوکم داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتی لە داعش کرد بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ خەڵکی گوندەکە بکات. دەتەوێ پێت بڵێم بارودۆخی دەروونیی باوکم چۆن بوو؟". منیش دەپرسم ئاخۆ دۆخی دەروونیی ئەو باوکە چۆن بووە کە تەنیا سێ ڕۆژ مۆڵەت بۆ ژیان لەبەردەم خۆی و منداڵەکانی و خەڵکی گوندەکەیدا بووە؟

"ئەو سێ ڕۆژە، مۆبایلەکەی لەگوێی نەبووەوە و بۆ ساتێک پشووی نەدا". باسی پیاوێک دەکات، لە یادەوەریی ئەوانەی لە ماوەی 15 ڕۆژ گەمارۆدانی گوندی کۆچۆدا لەوێ بوون، هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

هەدلە، کچی ئەحمەد جاسۆ، موختاری گۆڕبزری گوندی کۆچۆیە. ئەو پیاوەی لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا هەموو هەوڵێکی دا بۆئەوەی دەرچەیەکی هەڵاتن بەرەو چیای شنگال بدۆزێتەوە. ئەو بە ئەبوو حەمزە خاتوونیی گوتبوو کە دەرفەتەکەی بۆ ئەوەیە لەبارەی دەستبەرداربوونی ئاینەکەیانەوە قسە لەگەڵ خەڵکی گوندەکەی بکات: "بەردەوام تەلەفۆنی بۆ کوردستان و بۆ بەرپرسانی عێراقی دەکرد و داوای هاوکاری دەکرد، دوو سەعات پێش تەواوبوونی دەرفەتەکە، بیرمە تەلەفۆنی بۆ بەغدا کرد و داوای لێکردن بە فڕۆکە بۆردومانی گوندەکە بکەن، بۆئەوەی بتوانین هەڵبێین، ئەوەشیان نەکرد".

چیرۆکی گوندی کۆچۆ جیاوازە لە چیرۆکی هەر ناوچەیەکی ئێزدینشینی دیکە. ئەوان موختارەکەیان بۆ ماوەی دوو هەفتە

> ئەو شوفێرەی بڕیار بوو ڕزگارمان بکات خیانەتی لێکردین

دانوستاندنی لەگەڵ داعش کرد بە نێوەندگیریی دراوسێ عەرەبەکانیان، بەڵام ئەوان لە ئێش و ئازاریشدا هەر جیاواز بوون و ئەم دانوستاندنە بە گوللەبارانکردنی پیاوەکانیان کۆتایی هات.

هەدلە ئێستا کە بیر لەو ڕۆژانە دەکاتەوە، دەڵێت: "ئەوان نێوەندگیرییەکی خراپیان کرد". ئەو لەوباوەڕدایە کە ئەبوو حەمزە خاتوونی بە ئاسانی دەیتوانی دەرچەیەک بە ئاراستەی چیای شنگال بکاتەوە لەبەردەمیاندا "بە حیساب ئەو داعش نەبوو، بەڵام هەر ڕۆژە بیانوویەکی تازەی بە باوکم دەگرت و کارەکەی زەحمەت کرد".

دواجار لە سەعات 10ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 18ی ئاب هەموو خەڵکەکەیان لە قوتابخانەی گوندەکە کۆکردەوە. هەدلە، باوکی لەنێو پیاوەکاندا بینی ئەوکاتەی بەرەو دەرەوەی گوندەکە دەبران. ژن و کچەکانیش پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەرەو سۆلاخ گواسترانەوە: "ئێمە براینە تەلەعفەر، 21 ڕۆژ لەناو قوتابخانەیەکدا ماینەوە، ئەو پیاوە

> باوکم داوای لە سوپای عێراق کرد گوندی کۆچۆ بۆردومان بکات بۆ ئەوەی هەڵبێین

ئێزدییانەی بوونە موسوڵمان، دەرفەتیان پێدرا ژن و منداڵەکانیان ببەنە لای خۆیان".

## دڵێکی باش لە سینگی ئەبوو عەلیدا

هەواڵ هات بۆ سۆلاخ کە ئێزدییە دەستبەسەرەکان دەبەن بۆ سووریا. هەموو ئێزدییەکان بەبیستنی ئەو هەواڵە تاسان. چەند ئۆتۆمبیلێک لە کچان و ژنان بەڕێخران. هەراوزەنای سەرخستنی بە زۆری کچان و ڕاکێش ڕاکێشی جیاکردنەوەی کچان لە دایکیان و خوشکەکانیان ئەو ناوەی پڕکردبوو. لەو کاتانەدا یەکێک پەیدابوو بەناوی ئەبوو عەلی. داعشێک کە پێشتر کریستیان بووە "ئەوانە سەرمەخەن.. ئەوانە منداڵەکانی ئەحمەد جاسۆن" لەو کاتەدا هەدلە دەیویست سوپاسی بکات کاتێک لێی نزیک بووەوە و پێیگوت: "هەرکەسێک نیازی خراپ بوو لەگەڵتان، بڵێ من خزمی ئەبوو عەلیم، من ناوی باوکی تۆم بیستووە، پیاوێکی زۆر باش بوو".

بەهۆی ئەو چاکەیەی ئەبوو عەلی، هەدلە و منداڵەکانی لە تەلەعفەر مانەوە، ئێوارەی دواتر کەسێکی ئێزدی هەندێک قسەی بەگوێیدا چرپاند "ئێمە پلانی هەڵاتنمان ڕێکخستووە، ئێوە دێن؟" هەدلە، قسەکانی ئەو ئێزدییەی لە مێشکی خۆیدا لێکدەدایەوە، ئاخۆ وەک هەڵاتوویەک بکەوێتەوە دەستی داعش، ئەبوو عەلی لێ پەیدا دەبێتەوە جارێکی دیکە دەربازی بکات؟ سەرەڕای ترس و دڵەڕاوکێی زۆری، بەڵام ڕازی بوو خۆی و منداڵەکانی بداتە دەست

چارەنووسێکی نادیار.

هەدلە و ژمارەیەک کچ و ژنی دیکە کە هەموویان خزمی یەک بوون، بەو ئێوارەیە ڕۆحی خۆیان لەنێو ئۆتۆمبیلێکدا خستە قومارەوە و بەڕێکەوتن. نزیکەی دوو کاژێر لە تەلەعفەر دوورکەوتنەوە. لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا، شەرارەی سەرگەردانی، چاوە تەپوتۆزاوییەکانی سەرنشینەکانی ئاڵاندبووە یەک و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک قسە بکات، لەیەک تێدەگەیشتن "ئاخۆ ئێمە ڕزگارمان دەبێت و دەگەینەوە کوردستان؟"

شەو تاریکە و ئۆتۆمبیلەکە خێرایی کەمدەکاتەوە. لەناکاو ئۆتۆمبیلێکی چەکدارانی داعش پەیدا دەبن و دوایاندەکەون. دوای چەند خولەکێک گەمارۆ دەدرێن و دەهێنرێنە خوارەوە،

چەکدارێک ڕووی تفەنگەکەیان تێدەکات، چەند چرکەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی پەلەپیتکە بۆ وەستاندنی لێدانە خێراکانی دڵیان بجوڵێنێ "لەناکاو کەسێک بە چەکدارەکەی گوت تەقە نەکات. چونکە کوشتنی ژن و منداڵ ڕێگەپێدراو نییە" ئەو ئێستاش نازانێ دکتۆر ئەحمەد، ئەو پزیشکەی بۆ چارەسەر لەگەڵ چەکداران دەچووە بەرەکانی جەنگ، لەکوێوە پەیدا بوو: "ئەو ئێمەی بردە شەنگال و لەماڵێک داینان کە کارەبای نەبوو".

ئەوان گەڕابوونەوە شنگال، بەڵام لەسەر خاک و ئاو و لە نێو هەوا و ژینگەی خۆیان نامۆ بوون و سەرکزانە چاوەڕێی کاتیان دەکرد ئاخۆ چیدیکە دەقەومێ؟ ئەو لەگەڵ سێ خوشک و دوو ژنبرای و 12 کەسی دیکە. خوشکەکەی دەستی دکتۆر ئەحمەدی ماچ کرد و لەبەری پاڕایەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی هەڵاتنیان کوشتن نەبێت: "لەوکاتەدا کە دەپاڕایەوە، فڕۆکە بۆردومانی شنگالی کرد، بەپەلە گواستراینەوە بۆ گوندی گل زەرد، 30 چەکداری داعش لەو گوندە بوون. ئێمەیان بردە نهۆمی سەرەوەی بارەگایەک، یەکێک لەوان ناوی ئەبوو کەرەم بوو، هەرلەوێ من و خوشکەکەمی کردە کەنیزەکی خۆی".

کاژێر پێجی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر هەدلە چووە دەرەوە، بەڵام چی بینی؟ ئەو شۆفێرەی دەبوو بە ئۆتۆمبیلەکەی دەربازیان بکات. زەق زەق چاوەکانی بڕیبووە چاوی. هەدلە لێی نزیکبووەوە و دەرگای لەسەر ئازارە پەنگخواردووەکانی دڵی کردەوە "تۆ خائین بوویت. هەرچیمان بەسەربێت لە تۆی دەبینینەوە، ڕۆژێک دێت پاداشتی خۆت

وەردەگریتەوە". بەڵام شۆفێرەکە بەسەرخۆی نەهێنا و ڕۆشت.

## لە ماڵی پارێزگاری مووسڵ

ئەبوو کەرەم ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بچووکی هێنا. کچ و ژنەکانی تێکرد و بە نایلۆن دایپۆشی. لە بازگەی چوونە ناوەوەی مووسڵدا، هەدلە بە گوێیەکانی خۆی گوێی لە ئەبوو کەرەم بوو کە درۆی لەگەڵ چەکدارانی بازگەکە کرد "چەکی تێدایە". دواتر ئەوانیان بردە ماڵی (غانم بەسو) پارێزگاری مووسڵ لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سەددام. ئەبو لەیس، لەو ماڵەدا دەژیا، پیاوێکی کەتە و زرت و زەلام: "باوەڕم وایە بە دەستەکانی خۆی 100 کەسی سەربڕیبوو". دادگایی لەبەردەم ئەبوو لەیس دەستیپێکرد: "بۆچی ڕاتانکرد؟" خوشکەکەی وەڵامی دایەوە: "دەترساین بمانبەن بۆ ئەفغانستان".

پاش چەند ڕۆژێک ئەبوو لەیس گۆڕا، هەدلە دەڵێت کەوتبووە داوی جوانییەکەی عەمشی خوشکەزای، بەشێوەیەک عاشقی ببوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرێشانتر دەبوو. لەو ڕۆژانەی دواییدا وای لێهاتبوو، ئەبوو لەیس تکای لە عەمشی دەکرد لەگەڵ هیچ کەسێک نەڕوات و بۆ ئەو بێت و لەگەڵ ئەو بژی، نەشیدەتوانی دڵی عەمشی بشکێنێ و لە ئێمەی داببڕێ: "تەنانەت دوایی زانیمان، ئەبوو لەیس تکای لە دایک و باوکی خۆی کردبوو ئەگەر ئەو کوژرا، چاویان لە عەمشی بێت و ڕێگە نەدەن چەکداری دیکە بیبات".

ڕۆژێک ئاگادارکرانەوە کە بەخێرایی ئەو جێگایە چۆڵ بکەن، چونکە فڕۆکە دێت و بۆردومان دەکات "ئێمەیان بردە ژێرزەمینێک کە کۆگایەکی گەورە بوو. ژوورەکەی تەنیشتمان هەمووی (تی ئێن تی) و ژوورێکی دیکەش هەمووی چەک بوو. شەو چەند چەکدارێک هاتن

> جێگری بەغدای پێیگوتین بەس داوای ئازادبوون مەکەن، چیتان دەوێ بۆتان دەکەم

و چەند چەکێکیان برد. هەستمان کرد شتێکی گەورە ڕوویداوە. دواتر پاسەوانێک هات و گوتی شتێک هەیە نابێت عەمشی بیبیستێ و دڵگران

بێت، ئەبوو لەیس کوژراوە".

## عەشقی عەمشی لە کۆشکی بەغدادی

جێگرێکی ئەبووبەکر بەغدادی بەناوی ئەبوو موعتەز، خۆی گەیاندە مووسڵ. ئەو چیرۆکی عیشقی ئەبو لەیس و عەمشیی بیستبوو. کاتێک دەچێتە لایان خوشکەکەی داوای لێدەکات منداڵەکانیان بۆ بگەڕێننەوە "هەرچەندە بەڵێنی پێدابن ئەوەمان بۆ بکات، دوای ڕۆشتنی ئەبوو موعتەز، منداڵەکانیان بۆ هێنایەوە و پیشانیان داین، بەڵام نەیاندداینەوە و گوتیان چیدی منداڵی ئێوە نین".

ئەڤینی نێوان عەمشی و ئەبوو لەیس، خۆشەویستی ڕۆژگاری جەنگ بوو. عەمشی دەیزانی ئەبوو لەیس جیاوازی لەگەڵ ئەو چەکدارانەی دیکە نییە کە باپیری و پیاوەکانی کۆچۆیان گوللەباران کرد، بەڵام ئەبوو لەیس هەموو هەستەکانی لە بەردەم عەمشیدا دۆڕاندبوو. لەبەردەم جوانیی ئەودا، ئامادەبوو هەموو یاسا و ڕێساکانی خەلافەت بشکێنێ. بەمردنی ئەبوو لەیس، ژیان لەنێو خەلافەتەکەدا بۆ کەسوکارەکەشی گۆڕا بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ.

ئەوان گەڕێندرانەوە بۆ تەلەعفەر. چەند ڕۆژێکی کەم لەوێ مانەوە و لەناکاو بەیانییەک دەنگی ئاژاوەیەک بەخێرایی بڵاوبووەوە و شەڕ و هەراوزەنا دەستیپێکرد "دەمانبینی فڕۆکەکان بەسەر ئاسمانی تەلەعفەردا دەسوڕانەوە و وێنەیان دەگرت، خوشکەکەم دەستیکرد بە ڕاوەشاندنی دەستماڵە سپییەکەی، هەر نەبێ بۆ ئەوەی بمانبینن و بۆردومان بکەن، بەڵام فڕۆکەکان ڕۆیشتنەوە".

جوانییەکەی عەمشی، لەدوای کوژرانی ئەبوو لەیس، وەک ئەو ئەستێرەیەی دوای کشان ون دەبێت، ڕەونەقی لەدەستدا و هێدی هێدی بارگرانی بۆ ژیانی ئەوانی دیکەش دروستدەکرد. ئیدی بەهەموو جۆرێک ڕوخساری درەوشاوەی خۆی سەرکوت دەکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی کەسانی بێبەزەییەوە و بیبەن. ڕۆژێکیان چەند ئۆتۆمبیلێک کە لە مووسڵەوە هاتبوون و خواردنیان بۆ چەکداران هێنابوو، ئەوانیان سەرخست و بەرەو مووسڵ گواسترانەوە و لە هۆڵێکی گەورەدا خۆیان بینییەوە. جارێکی دیکە ئەبوو عەلی دەرکەوتەوە. ئەبوو عەلی پێشنیاری کرد لەگەڵ ئەوان بگەڕێنەوە بۆ تەلەعفەر و مەڕ و ماڵات بەخێو بکەن. چونکە ئەوە باشترین بژارەی ئەو ڕۆژانە بوو تاوەکو نەکەونە دەست هەوەسی چەکدارانی داعش. پێشینەی میهرەبانانەی ئەبوو عەلی، وای لە هەدلە کرد بیرۆکەکە پەسەند بکات "دیسان گەڕاینەوە بۆ تەلەعفەر".

ئەو ژنانەی پیاویان نەبوو، هەرزوو ڕەوانەی سووریا کران بۆ ئەوەی بکرێنە کەنیزەک. ئەو ژمارە کەمەش کە پیاوەکانیان موسوڵمان ببوون، لە پێڕی چانسدارەکان بوون و ئەرکی خزمەتکردنی مەڕوماڵات و کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان پێ سپێردرابوو. بەڵام لەو ڕۆژانە داعش بڕیاری دا خەرجییەک لە کۆڵی خەلافەتەکەی بکاتەوە. خەرجیی ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە "هەموو ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەبوو،

لە تەلەعفەر ناونووس کران بۆ ئەوەی ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە". ئەوە هەواڵێک بوو، ئازاری نەخۆشی لەبیری نەخۆشەکان بردەوە، بەڵام وادیار بوو داعش هێشتا دەیویست ئەو لەکۆڵخۆکردنەوەیەش بکاتە سەودا و مامەڵە. ئەوە کاتێک ڕوون بووەوە کە ئەبوو موعتەز،

> باوکم داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتی لە داعش کرد بۆ ئەوەی دەرچەیەک بۆ هەڵاتن بدۆزینەوە

جێگری خەلیفە گەیشتە تەلەعفەر.

## داواکارییەکانت چین عەمشە؟

ماوەی سێ مانگ، هەدلە و هاوڕێکانی ئاسنی ساردیان لە تەلەعفەر کوتا. خزمەتکاری مەڕوماڵاتی داعش بوون و هەواڵەکان هێندە ناخۆش بوون، ڕۆژێک لەگەڵ خۆیان بزەیەکیان نەهێنا، تا ڕۆژێک، چەند ئۆتۆمبێلێک کە ئەبوو موعتەزیان هێنابووە ئەوێ، دەرگای ئومێدێکی لێ کردنەوە.

**ئەبوو موعتەز: عەمشە بۆچی دەگری؟**

**عەمشە:** ئەوە کەی ژیانە ئێمەی تێداین؟

**ئەبوو موعتەز: چیت دەوێ بۆت بکەم؟ تەنیا مەڵێ ئازادم بکە.**

**عەمشە**: باشە من نا، کەسوکارەکەم ئازاد بکە.

**ئەبوو موعتەز: ئەبوو عەلی کەسوکاری عەمشە چەند کەسن ناونووسیان بکە.**

ئەبوو عەلی، دوای نیو سەعات گەڕایەوە بۆ لای ئەبوو موعتەز و پێیگوت کە 20 کەسی نووسیوە لە کەسە نزیکەکانی عەمشە. ئەبوو موعتەز فەرمانی دا ناوەکان بخاتە لیستی ئەوانەی کە دەنێردرێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام لەڕاستیدا کەین و بەینێکی دیکە هەبوو. ئەویش سەودا و مامەڵەیەک بوو کە ئەبوو موعتەز دەیویست بیکات و دواتر وەک پاداشتێک بیداتەوە بەنێو چاوانی عەمشەدا. ڕۆژانی دواتر دەست کرا بە ناونووسین و هەموو ئەو ژنە بەتەمەنانەی نەخۆشییان هەبوو، کرانە لیستێک و ئامادەکران بۆ ناردنەوە: "دوو خوشکی من نەخۆشیی شەکرەیان هەبوو، خۆیشم ماوەیەک بوو نەشتەرگەریم بۆ کرابوو، ئیدی ئاوا 220 ناو جیاکرانەوە و ڕەوانەیان کردینەوە".



## 200 ملیۆن دینار بۆ پاڵاوگە نایاساییەکان دانراوە

**ڕووداو- هەولێر**

بە بڕیاری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکان هەڵدەگیرێن. سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکانیش دەڵێت "200 ملیۆن دینار بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە". د.سامی جەلال، سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە بڕیارێکی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکان هەڵدەگیرێن و بۆ پرۆسەی تێکدان و هەڵگرتنیشیان بڕی 200 ملیۆن دینار تەرخانکراوە. سامی جەلال گوتیشی "بۆ هەمان مەبەست سێ پارچە زەوی لەلایەن شارەوانییەوە تەرخانکراوە بۆ ئەوەی پاشماوە و ئامێرەکانی تێدا کۆبکرێنەوە".

# نزیکەی نیوەی بودجەی عێراق بۆ کاڵای هاوردەکراوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی نەمانی شەڕی داعش و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق، ئاڵوگۆڕی بازرگانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهان ڕووی لە بووژانەوە کردووە، بەهای کاڵای هاوردەکراوی ساڵی ڕابردوو بەراورد بە ساڵی 2016 بەڕێژەی 21.1% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان کە پشتی بەداتای وڵاتانی هەناردەکار، ئاماری بانکی جیهانی، سەنتەری بازرگانیی نێودەوڵەتی، سەنتەری بازرگانیی یەکێتی ئەورووپا و ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری عێراق بەستووە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا عێراق بایی زیاتر لە 142 ملیار و 283 ملیۆن دۆلار کاڵای جۆراوجۆری لە 103 وڵات هاوردە کردووە.

پشکی شێر لەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، بەجۆرێک 51.3%ی کۆی کاڵا هاوردەکراوەکانی عێراق لەڕێگەی بازرگانانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانەوە بووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، ئاسانکاری، کەمکردنەوەی ڕۆتین لە پێدانی مۆڵەت، ستراتیژی خاڵە سنوورییەکان، هۆکار بوون بۆئەوەی هەرێمی کورستان ببێتە سەنتەرێکی بازرگانی بۆ هەموو عێراق و زیاتر لە نیوەی پێداویستییەکانی شارەکانی عێراق لە ڕێگەی بازرگانانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە بکرێت".

پاڵپشت بە پێوەری نێودەوڵەتی، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کاڵا هاوردەکراوەکانی دابەشی سەر 21 گروپ کردووە. هەر گروپێکیش بە سەتان کاڵای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

لەم سێ ساڵەدا بایی 30 ملیار دۆلار ئامێری میکانیکی و ئەلیکترۆنی و کارەبایی هاوردەکراوە. بایی 13 ملیار دۆلار خۆراک، خواردنەوە کحولیەکان، خواردنەوە گازییەکان و تووتن. بایی 11.68 ملیار دۆلار زێڕ و زیو، بایی 10.4 ملیار دۆلار ڕۆنی ڕووەکی و ئاژەڵی، بایی 10 ملیار دۆلار بەرهەمی کانزا فلزییەکان، بایی 9.3 ملیار دۆلاریش ئۆتۆمبیل و هۆکارەکانی گواستنەوە هاوردەکراون.

لە داتای دوو ساڵی ڕابردوودا دەردەکەوێت ڕێژەیەک لە پاشەکشێ لە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو، بەرهەمە ئاژەڵییەکان، ڕۆنی ڕووەکی و ئاژەلی، کاڵای بیناسازی، خۆراکی ئامادەکراو و خواردنەوە کحولی و گازییەکاندا ڕوویداوە. لەبەرامبەریشدا خواست لەسەر هاوردەکردنی بەرهەمە کانزاییەکان، بەرهەمی کیمیایی، پیشەسازی، ئامێری میکانیکی، ئەلیکترۆنی و کارەبایی، ئۆتۆمبیل و هۆکارەکانی گواستنەوە، بەرهەمی پلاستیکی و لاستیک و بەرهەمە فلزییەکان زیاد بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەکاربەری عێراقی بەهۆی باشبوونی باری دارایی، جارێکی دیکە ڕووی لە کڕینی پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی کردووە.

> "لە 15 پارێزگای عێراق تەنیا 1650 کۆمپانیای بیانی ئۆفیسیان هەیە، بەڵام هەرێمی کوردستان ئۆفیسی 3100 کۆمپانیای بیانی لێیە"

بەپێی داتاکان، لە ساڵی 2016 دا بازرگانان بایی 41 ملیار دۆلار کاڵایان هاوردەی عێراق کردووە. نزیکەی 16 ملیاری لە ڕێگەی بازرگانانی هەرێمی کوردستانەوە بووە. ساڵی 2017 بایی زیاتر لە 49.3 ملیار دۆلار کاڵا هاوردەکراوە، زیاتر لە 28.5 ملیاری لەلایەن بازرگانانی هەرێمی کوردستانەوە بووە. ساڵی ڕابردووش نزیکەی 52 ملیار کاڵا هاوردەکراوە، نزیکەی 28.7 ملیار دۆلاری لەلایەن بازرگانانی هەرێمی کوردستانەوە بووە.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "ئەو مۆڵەتانەی بازرگانان بۆ هاوردەکردنی کاڵا وەریدەگرن، زۆر زیاترە لە پێداویستی هەرێمی کوردستان، بۆمان دەرکەوتووە 75%ی ئەو کاڵایانەی لەلایەن بازرگانانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێنەوە".

مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی گشتی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "جگە لەوەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل تاکە دەروازەی وشکانییە بۆ عێراق بۆ هاوردەکردنی کاڵای تورکی و ئەورووپی، سەقامگیری و ئاسانکاری هەرێمی کوردستانیش بۆ بازرگانان وایکردووە زۆرترین کۆمپانیای بیانی و عێراقی لە هەرێمی کوردستان ئۆفیس بکەنەوە، بۆ نموونە لە 15 پارێزگای عێراق تەنیا 1650 کۆمپانیای بیانی ئۆفیسیان هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 3100 کۆمپانیای بیانی ئۆفیسیان هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر زیادبوونی قەبارەی هاوردە لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەبووە".

شێخ مستەفا عەبدولڕەحمان گوتیشی: "بەهۆی خراپیی بارودۆخی شارەکانیان، زۆربەی بازرگانانی مووسڵ، ئەنبار و بەغدا و هەندێ شاری دیکە ئۆفیسیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە و لێرەوە کاڵا بۆ شارەکانیان ڕەوانە دەکەن، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە بۆ زیادبوونی هاوردەکردنی کاڵا لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی کوردستانەوە".

گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراق لەساڵی 2003، گەشەی خێرای ژمارەی دانیشتووان، بەرزبوونەوەی داهاتی تاک بەهۆی فرۆشتنی زیاتری نەوت، بووەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی ئاستی هاوردەی کاڵا بۆ عێراق، بە جۆرێک لە ساڵی 2010 بۆ ساڵی 2017 لە 34.1 ملیارەوە بۆ 49.4 ملیار دۆلار زیاد بووە، بەواتایەکی دیکە لە بەرامبەر 24%ی گەشەی دانیشتووان بڕی هاوردەکردن 45% زیادی کردووە.

ئەم گەشەیە لەلایەک هۆکارێکە بۆ بووژانەوەی بازاڕ و چالاکییە بازرگانییەکان، لەلایەکی دیکەش توانای بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی ناوخۆیی لاواز کردووە، بۆ نموونە بڕی هاوردە لە بەرهەمە ئاژەڵییەکان، سەوزە، میوە، ڕۆن و خواردنەوەکان لە 9 ملیارەوە بۆ 11 ملیار زیادی کردووە.

جیاوازیی ڕەسمی گومرگی لە خاڵە سنوورییەکانی کوردستان بەراورد بە خاڵە سنوورییەکانی عێراق، هۆکاری ئەوە بوو کە زۆربەی بازرگانانی کوردستان و شارەکانی عێراقیش لە ڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە کاڵا هاوردە بکەن، ئێستاش کە ڕەسمی گومرگی یەکخراوە، بەهۆی ئەو ئاسانکاریانەی لە خاڵە سنوورییەکانی کوردستان بۆ بازرگانان دەکرێت، هێشتا ئەم جموجۆڵە بازرگانییە بەتایبەتی لە ئیبراهیم خەلیل هەر ماوە.

> 51%ی کاڵای هەموو عێراق لەلایەن بازرگانانی کوردستانەوە دەهێنرێن

بەڵام ڕەنگە لە داهاتوودا جموجۆڵە بازرگانییەکە بکەوێتە شارەکانی عێراق. بۆ گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق، حکومەتی سعودیە داوای لە عێراق کردووە ڕەسمی گومرگی 891 ماددە لەنێوان ئەو دوو وڵاتە هەڵبگرێت یان کەمبکرێتەوە، هەروەها ئوردن لە هەوڵی کردنەوەی دەروازەی ترێبلە لەگەڵ عێراق کە بەهۆیەوە ڕەسمی گومرگی لەسەر نزیکەی 248 کاڵا هەڵدەگیرێت.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "ڕێککەوتنی بازرگانیی عێراق لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە و هەڵگرتنی ڕەسمی گومرگی لەسەر کاڵاکانیان کاریگەری ئەوتۆی لەسەر لاوازبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق نابێت، چونکە بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ڕەسمی گومرگی تەنیا لەسەر کاڵا دروستکراوەکانی ئەو وڵاتانە هەڵدەگیرێت نەک کاڵای هاوردەی بیانی".



عێراق لە سێ ساڵی ڕابردوودا بایی 142 ملیار دۆلار کاڵای لە دەرەوە هێناوە

(فۆتۆ: محەممەد شوانی)

# مانگانە 150 کۆمپانیای تازە لە کوردستان تۆمار دەکرێن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە سستبوون کرد، بەم هۆیەش تۆمارکردنی کۆمپانیا زۆر دابەزی و 400 کۆمپانیاش هەڵوەشانەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان، 25،499 کۆمپانیا (22،269 خۆماڵی، 3،180 بیانی) لە هەرێمی کوردستان هەن، تۆمارکردنی کۆمپانیای تازەش تا ساڵی 2013 بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە، بەڵام دواتر بەهۆی شەڕی داعشەوە زۆر کەمی کرد، بە جۆرێک ساڵی 2016 بەراورد بە 2013 بەڕێژەی 64% کەمی کرد.

دڵزار ئیسماعیل، بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "بەهۆی ئەو جموجۆڵە ئابووری و بازرگانییەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان هەبوو، تۆمارکردنی کۆمپانیای نوێ بەردەوام لەهەڵکشاندا بوو، بەجۆرێک لە ساڵی 2010 تاوەکو 2013 نزیکەی 8،727 کۆمپانیای خۆماڵی و 1،661 کۆمپانیای بیانی تۆمارکران، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و سستبوونی جووڵەی بازرگانی، لەسێ ساڵی ڕابردوودا تۆمارکردنی کۆمپانیای نوێ پاشەکشەی کرد".

سەبارەت بە ڕەوشی کۆمپانیاکان دوای نەمانی داعش و قەیرانی دارایی، دڵزار ئیسماعیل گوتی: "بەهۆی زیادبوونی باج و رسومات، ئێستا پوچەڵکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا زیادی کردووە، نزیکەی 400 کۆمپانیا هەڵوەشاونەتەوە، بەشێک لەو کۆمپانیایانەش کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتین کە پێشتر سوودی ئابووریی زۆریان بۆ هەرێمی کوردستان هەبوو".

> بەهۆی قەیرانی دارایی و زیادکردنی باجەوە 400 کۆمپانیا هەڵوەشاونەتەوە

بەپێی ئامارەکە، ساڵی 2013 تۆمارکردنی کۆمپانیای نوێی خۆماڵی گەیشتووەتە لوتکە و 2.980 کۆمپانیا تۆمارکراون، بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا بیانییەکانیش ساڵی 2011 ساڵی زێڕین بووە کە 478 کۆمپانیا تۆمارکراون.

دڵزار ئیسماعیل دەڵێت: "پێشتر کە بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان باش بوو، قەبارەی سەرمایە و جۆری کۆمپانیا تۆمارکراوەکانیش لەوەی ئێستا جیاواز بوو، ئەوکات کۆمپانیا تۆمارکراوە بیانی و ناوخۆییەکان زیاتر کۆمپانیای بواری وەبەرهێنان بوون، بەڵام ئێستا کۆمپانیای خاوەن سەرمایەی بچووکن و زیاتر لە بواری بازرگانی گشتی سنووردار کار دەکەن".

بە گوتەی دڵزار ئیسماعیل، ئێستا ڕۆژانە نزیکەی 5 کۆمپانیای نوێ تۆمار دەکرێن "زۆربەیان بۆ مەبەستی بازرگانیی کاتی تۆمار دەکرێن، بۆ نموونە بەشێکیان بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو، هێنانی کەلوپەل و پێویستیی ئاوارەکان، یان خزمەتگوزاریی نەوتی تۆمار دەکرێن کە ئێستا جووڵەیەکی بازرگانی لەم بوارانە هەیە".

لە هەرێمی کوردستان 3،180 کۆمپانیای بیانی هەن کە 44%یان لقی کۆمپانیای تورکین، 11% لقی کۆمپانیای ئێرانین، 6% لقی کۆمپانیای لوبنانین، 5% کۆمپانیای ئیماراتی و وڵاتانی دیکەی کەنداون، بەڕێژەیەکی کەمیش لقی کۆمپانیا ئەورووپی و ئەمەریکییەکان لەکوردستان هەن.

دڵزار ئیسماعیل دەڵێت: "لە کردنەوەی لق و تۆماری کۆمپانیا بیانییەکانیش پاشەکشەکی زۆر ڕوویداوە، بۆ نموونە لە ساڵی ڕابردوو تەنیا 50 کۆمپانیای بیانی نوێمان تۆمار کردووە، ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر ساڵانە نزیکەی 300 تاوەکو 400 کۆمپانیای بیانیمان تۆمار دەکرد".

نزیکەی 67%ی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون لە سنووری پارێزگای هەولێرن. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێر، سەرەڕای قەیرانی دارایی لە سێ ساڵی ڕابردوودا 3،392 کۆمپانیای خۆماڵی و 341 کۆمپانیای بیانی لەو پارێزگایە تۆمارکراون، لەبەرامبەریشدا 127 کۆمپانیای خۆماڵی و 50 کۆمپانیای بیانی هەڵوەشاونەتەوە.

ناسر عەزیز ڕەشید، جێگری بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر، دەڵێت: "لە سێ ساڵی ڕابردوودا پاشەکشەی زۆر لە تۆمارکردنی کۆمپانیای نوێ هەبوو، بەڵام ئەمساڵ گەشەیەک بەرچاو دەکەوێت و لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 252 کۆمپانیا تۆمارکراون کە شەشیان بیانین".

> داواکاری بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیای خزمەتگوزاریی بواری وزە زیادی کردووە
>
> بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان

بە گوتەی ناسر عەزیز، زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی ئێستا تۆمار دەکرێن، کۆمپانیای بازرگانین و بۆ هاوردەکردنی کاڵا، خۆراک، دەرمان و ئاژەڵن. هەندێک کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی تۆمار کراون، بەڵام کۆمپانیای وەبەرهێن زۆر بە کەمی تۆمارکراون.

پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە 88ی ساڵی 2016ی ئەنجوومەنی وەزیران و نووسراوی ژمارە 228ی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان ڕەسم و کرێی تۆمار و نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی کۆمپانیاکانی بۆ چەند بەرامبەر زیاد کردووە، بۆ نموونە پێشتر ڕەسم و کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیایەکی خۆماڵی 78 هەزار دینار بوو. بۆ هەر ملیۆنێک دینار سەرمایەش 4.500 دینار وەردەگیرا، بەڵام ڕەسم و کرێی تۆمارکردن بووەتە 400 هەزار دینار و بۆ هەر ملیۆنێک سەرمایەش 7.500 دینار وەردەگیرێ، بەهەمانشێوە ڕەسم و تۆمارکردنی کۆمپانیای بیانی لە 290 هەزارەوە بۆ 600 هەزار ینار زیاد کراوە، بۆ هەر هەزار دۆلار سەرمایەش 7.500 دینار ڕەسم وەردەگرن، بەهەمانشێوە کرێی نوێکردنەوەی کۆمپانیاکانیش چوار بەرامبەر زیاد بووە.

ناسر عەزیز دەڵێت :"زیادبوونی ڕەسم و کرێی نوێکردنەوەی و تۆمارکردن، بووەتە هۆی ئەوەی تۆماری کۆمپانیاکان پاشەکشێ بکات و پاکتاوکردن و هەڵوەشانەوەی کۆمپانیاکانیش زیاد بێت".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا 400 کۆمپانیا داخراون کە 177 کۆمپانیایان لەهەولێر بوون.

پارێزەر ئەحمەد عوزێری کە لە هەڵوەشانەوەی زیاتر لە 10 کۆمپانیادا لە هەولێر بریکار بووە، دەڵێت :"پێشتر بەشێکی زۆر لە بازرگانان و سەرمایەداران بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا سەردانی نووسینگەکەیان دەکردین، بەڵام ئێستا بەهۆی سستبوونی جووڵەی بازرگانی و بێ بازاڕی و زیادبوونی باج و ڕەسم و کرێی نوێکردنەوە، خاوەن کۆمپانیاکان زیاتر بۆ پاکتاوکردن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکان سەردانمان دەکەن".

### پێویستمان بە 200 هەزار کۆمپانیایە

لە دوایین کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان پاڵپشت بە بڕگەیەکی یاسای تۆماری کۆمپانیاکانی عێراق، پێشنیازیان کرد ئەو پرۆژە و یەکە بازرگانیانەی کە سەرمایەکانیان لە سەرووی 10 ملیۆن دینارە، بکرێنە کۆمپانیا، بۆ ئەوەی هەم ببنە سەرچاوەی داهات بۆ حکومەت، هەمیش مافی ئەو شوێنانە لەڕووی یاساییەوە پارێزراو بێت.

دڵزار ئیسماعیل دەڵێت: "پێشنیازمان کردووە تۆمارکردنی کۆمپانیا بکرێتە ئەلیکترۆنی و تێچووی تۆمارکردن بەڕێژەی 90% کەمبکرێتەوە، لەجیاتی وەرگرتنی باجی ساڵانە و زیادکردنی، جەخت لەسەر وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی بکرێت لە خاڵە سنوورییەکان و کۆمەڵگا پیشەسازییە بچووک و مامناوەندەکان کە سەرمایەکەیان لەسەرووی 10 ملیۆن دینارە، هانیان بدەین خۆیان وەک کۆمپانیا تۆمار بکەن".

گوتیشی: "بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان، هەرێمی کوردستان پێویستی بە 200 هەزار کۆمپانیایە، بۆیە ئەگەر ئەو پرۆژە و یەکە بازرگانییە بچووکانە لەچوارچێوەی کۆمپانیا ڕێکبخرێن و تۆمار بکرێن، دەرفەتی کار زیاد دەبێت و حکومەت داهاتێکی دەست دەکەوێت، یەکە بازرگانییەکانش چالاکییان زیاد دەبێت و مافەکانیان پارێزراو دەبێت".

برێت مەکگۆرک ڕاستییەکان لەبارەی سووریا دەدرکێنێ:

# ئەمریکا دەبێ ئەوە قەبووڵ بکات کە تورکیا هاوبەشێکی کاریگەری نییە

رووداو- هەولێر



کۆتایی ساڵی رابردوو، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری دا هەموو هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا بکێشێتەوە، بەڵام دواتر بە بڕیارەکەیدا چووەوە و ڕێی بە هێشتنەوەی 400 سەربازی ئەمریکی لە سووریا دا. برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی پێشووی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانان، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریکی، هۆشداری دەدات کە پلانی نوێی ئەمریکا مەترسی گەورەتری بەدواوەیە و ئەستەمە ئەو ژمارە کەمەی هێز لە سووریا پلانێکی هێندە بەرفراوانیان پێ جێبەجێ بکرێ.

هاوینی 2014، کاتێک داعش لە عێراق پێشڕەویی دەکرد، مەکگۆرک لە عێراقەوە چاودێریی دۆخەکەی دەکرد. ئەوکات ستافی باڵیۆزخانەی ئەمریکا ئامادەکارییان بۆ چۆڵکردنی باڵەخانەکە دەکرد، دیپلۆماتە ئەمریکییەکانیش دەیانویست بە هەر جۆرێک بێ یارمەتی عێراق بدەن بەرپەرچی هێرشەکان بداتەوە. چەند مانگ دواتر هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێکهات.

مەکگۆرک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر لە سەرەتاوە "دیپلۆماتە ئەمریکییەکان ئەوەیان روونکردەوە، ئەو هەڵمەتە نێودەوڵەتییە شەڕێکی بێسنوور نابێ بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و گۆڕینی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست" بەڵکو ئامانجەکە "تێکشکاندنی داعش و هاریکاریکردنی خەڵک بوو بۆ رێکخستنەوەی ژیانی خۆیان لەدوای شەڕەکە". جیا لەمە پلانی هەڵمەتەکە بە جۆرێک بوو کە هێزەکانی ئەمریکا لە بەشداریی بەرفراوان دوور رابگیرێن "چونکە عێراقییەکان و سوورییەکان زۆربەی شەڕەکەیان دەکرد".

## تورکیا وایکرد کە واشنتن ببێتە هاوبەشی یەپەگە

بەگوێرەی وتارەکە، لە ئیدارەی ئەمریکیدا لەبارەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا مشتومڕ هەبوو، هەندێک لە بەرپرسانی ئەمریکی، بەتایبەتیش ئەوانەی لە پێنتاگۆن بوون، فۆکەسیان لەسەر ئەرکە بنچینەییەکەی خۆیان بوو، واتە "تێکشکاندنی داعش بۆ ماوەیەکی درێژ". ئەوەش واتە رووخاندنی خەلافەت و هێشتنەوەی هێزەکان بۆ ئەوەی یارمەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بدەن سەقامگیری بۆ ناوچەکان بگەڕێننەوە و رێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعش بگرن.

بۆچوونێکی دیکەش کە جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی پشتگیریی دەکرد، پێیوابوو دەبێ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بمێننەوە هەتا ئەو کاتەی "ئێران سووریا جێدەهێڵێ و شەڕی نێوخۆی سووریا چارەسەر دەبێ". مەکگۆرک پێیوایە ئەم داواکارییە ئەرکی هێزەکانی ئەمریکای بەشێوەکی بەرچاو فراوان دەکرد و داوای بەشدارییەکی بێکۆتایی هێزەکانی ئەمریکای دەکرد کە "دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا دژی بوو".

هەسەدە ٪30ی خاکی سووریای لەژێر کۆنترۆڵدایە و دوای ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی رژێم گەورەترین زۆنی دەسەڵاتی سووریایان هەیە. هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا لە پاڵ دەیان هەزار شەڕڤانی هەسەدە لەو ناوچەیە جێگیرن. بە بۆچوونی مەکگۆرک، لەگەڵ نیشتنەوەی ئاگری شەڕی داعش "سنووری نێوان زۆنەکانی دەسەڵات لە سووریا تۆختر دەبنەوە، ئەوەش زلهێزەکان پەلکێشی مێزی دانوستاندنی دیپلۆماسی دەکات".

### دیپلۆماسییەتی زلهێزەکانی رۆژئاڤا

رووسیا لە چارەکی کۆتایی 2015 وە بەشێوەی راستەوخۆ لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارە. لەو کاتەوە دانوستاندنەکانی ئەمریکا و رووسیا دەستیان پێکردووە کە لە سەرەتادا بۆ رێگری لە پێکدادانی فڕۆکە رووسی و ئەمریکییەکان بوو، بەڵام بەرەبەرە لە

## جڵەوکردنی ئێران لە سووریا بە دروستکردنی ناکۆکی دەبێ لە نێوان تاران و مۆسکۆ

## ئەمریکا دژی گەڕانەوەی سووریایە بۆ کۆمکاری عەرەبی

دانوستاندنەکاندا ئەمریکا ئەو سنوورانەی دیاری کرد کە رووسیا و سووریا و میلیشیاکانی سەر بە ئێران نەدەبوو بیبەزێنن.

مەکگۆرک دەڵێت ئەمریکا لە پاییزی 2018 وە ئامادەکاری بۆ زنجیرەیەک دانوستاندنی بەهێز لەگەڵ رووسەکان دەکرد کە دوو ئامانجی جیاوازیان هەبوو، بەڵام بەدوای یەکدیدا دەهاتن. ئامانجی یەکەمیان ئەوە بوو واشنتن هانی رووسەکان بدات دەسەڵاتی خۆیان بەسەر رژێمی سووریاوە بەکاربهێنن و ناچاری بکەن پرۆسەی چارەسەری بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان قەبووڵ بکات کە بە پرۆسەی جنێڤ ناسراوە.

ئەگەر ئەو هەنگاوە سەری نەگرتبا و پرۆسەی جنێڤ هیچ چارەسەرێکی نەخستبایەڕوو، ئەمریکا کاری بۆ ئامانجی دووەم دەکرد کە بریتی بوو لە دانوستاندنی راستەوخۆ لەگەڵ رووسەکان، بۆ ئەوەی رێککەوتنێک لە نێوان هەسەدە و رژێمی سووریا بێتە ئاراوە. بەگوێرەی رێککەوتنەکەش بەشێک لە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی سووریا دەگەڕانەوە ناوچەکانی هەسەدە، لەوانەش قوتابخانە و نەخۆشخانەکان، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ناوچەکە خاوەنی کۆمەڵێک "مافی سیاسی سەرەتایی" دەبوون.

نێردە تایبەتەکەی پێشووی ئەمریکا بۆ ناوچەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو هەنگاوە حاشاهەڵنەگر بوو، مەگەر ئەوەی "ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەنیازی ئەوە بوونایە کە زەمینە بۆ دەوڵەتێکی بچووک لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا خۆشبکەن"، ئەمریکییەکان بیریان لەوە دەکردەوە لە هەموو رێککەوتنێکدا دەبوو رێ بە واشنتن بدەن سنووری ئاسمانیی ناوچەکە بەکاربهێنێ و بنکەی سەربازیی بچووکی لەو زۆنە هەبێ، بۆ ئەوەی گوشارەکان لەسەر داعش بەردەوام بن و رێگە بە سەرهەڵدانەوەی نەدرێ".

### بەستنەوەی ئێران

بنکەی تەنف لە باشووری رۆژهەڵاتی سووریا کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی ئێران لە سووریا دانراوە، بەگوێرەی بڕیارە نوێیەکەی ترەمپ 200 سەربازی ئەمریکی لەوێ دەمێننەوە. مەکگۆرک پێیوایە راگەیەندراوەکەی بۆڵتن، سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا هەتا ئەو کاتەی هەموو هێزەکانی ئێران لە سووریا دەردەچن، واقیعبینانە نەبوو، بەڵام وجوودی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا کاریگەری لەسەر نفووزی ئێران دادەنێ.

بەگوێرەی وتارەکە، ئەگەر ئەمریکا سەرچاوەی بێسنووریش بۆ ئەو ئامانجە تەرخان بکات، ناتوانێ ئێران بە تەواوەتی لە سووریا دەربکات، چونکە "هاوبەشیی سەربازیی نێوان ئێران و سووریا بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەڕێتەوە، تاران ئەو وڵاتە بە یەکێک لە گرنگترین هاوپەیمانەکانی خۆی دەزانێ و ئامادەیە باجی گەورە بدات بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەو وڵاتە بپارێزێ".

برێت مەکگۆرک پێیوایە ئامانجی واقیعبینانەی ئەمریکا لەبارەی نفووزی ئێران لە سووریا بریتییە لە "جڵەوکردنی ئێران لە سووریا، پێشگیری لە هەڕەشەی ئێران لە ئیسرائیل و بەکارهێنانی دیپلۆماسی بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان تاران و مۆسکۆ".

جەختیش دەکاتەوە لەوەی "ئەمریکا هیچکات بەنیاز نەبووە هەموو ئێرانییەکان لە سووریا دەربکات، بەڵام بە کارکردن لەگەڵ ئیسرائیلییەکان و بەکارهێنانی نفووزی خۆی لە سووریا دەیتوانی ئاستێک لە هاوکاریی رووسیا بۆ رێگری لە فراوانخوازیی ئێران مسۆگەر بکات، چونکە پوتینیش پەیوەندی ئیسرائیل و رووسیا وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی ستراتیژی وڵاتەکەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبینێ.

### خەونە عوسمانییەکان

هەر لە 2015 وە، هاوکاریی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و هەسەدە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی واشنتن و ئەنقەرە داناوە کە مەکگۆرک بە "هاوبەشێکی کێشەساز" لە شەڕی دژی داعش وەسفی دەکات، ئەوەش دەدرکێنێ کە ناکۆکییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی کۆشکی سپی ببێتە هاوبەشێکی نزیکی یەپەگە.

دیپلۆماتە کۆنەکارەکەی ئەمریکا هەروەها دەڵێت: "واشنتن هەرگیز یەک نموونەشی نەدۆزییەوە کە ئەندامانی یەپەگە سنوور ببڕن و بچنە خاکی تورکیاوە، یان بەڵگەیەک کە بڵێ پەکەکە کۆنترۆڵی چالاکییەکانی یەپەگە دەکات، یان چەکەکانی ئەمریکا بۆ تورکیا دەگوازرێنەوە (واتە بۆ گەریلاکانی پەکەکە)" بەو حاڵەشەوە "سیاسەتدانەرانی ئەمریکا هەوڵی چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانی تورکیایان داوە".

بەگوێرەی وتارەکە، ئەمریکا بۆ رەواندنەوەی نیگەرانیی تورکیا "هاوکارییە سەربازییەکانی خۆی بۆ هەسەدە کەمکردەوە"، بە جۆرێک "شەڕڤانانی هەسەدە دەچوونە شەڕ بێ ئەوەی جلی دژەگوللە و کڵاوی سەربازییان پێبێ و تەنیا ژمارەیەکی سنووردار کەرەستەی دژەمینیان پێبوو" دەشگێڕێتەوە "لە یەکێک لە سەردانەکانم بۆ رەققە بە گوێم گەیشتەوە کە شەڕڤانانی هەسەدە بۆ دۆزینەوە و تەقاندنەوەی مینەکانی داعش، رانە مەڕیان کڕیوەتەوە".

مەکگۆرک نایشارێتەوە کە ئەمریکا بۆ رەواندنەوەی تووڕەیی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، ئۆپەراسیۆنی هەسەدەی بۆ سەر مەنبج دواخست، دواتریش واشنتن باشترین شارەزایانی ستراتیژی سەربازی خۆی رەوانەی ئەنقەرە کرد بۆ ئەوەی لەوێ پلانێک بۆ رزگارکردنی رەققە دابنێن، بۆ ئەو پلانەش بیر لە بەشداركردنی ئۆپۆزیسیۆنی سووریی نزیک لە تورکیا کرایەوە، بەڵام دواجار بۆیان دەرکەوت کە "پلانە هاوبەشەکە لەگەڵ تورکیا

## شەڕڤانانی هەسەدە رانە مەڕیان بەکارهێنا بۆ تەقاندنەوەی مینەکانی داعش

پێویستی بە 20 هەزار هێزی پیادەی ئەمریکی هەیە. هەم ئۆباما و هەم ترەمپ ئەو بژارەیەیان رەتکردەوە". دواجاریش هەردوو شارەکە لەلایەن شەڕڤانانی هەسەدە و یەپەگەوە رزگارکران.

تورکیا هێزەکانی یەپەگە و هەسەدە بە باڵی سەربازیی پەکەکە لە سووریا دەزانێ، رۆژئاڤای کوردستانیش بە قووڵایی ستراتیژی پەکەکە لە قەڵەم دەدات، هەر بۆیە چەندینجار جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەو هەڕەشەیە لەناودەبەن. مەکگۆرک پێیوایە وجوودی هێزەکانی ئەمریکا دەیتوانی دڵنیایی بە تورکەکان بدات، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "ئەمریکا بەردەوام بانگهێشتی بەرپرسانی تورکیای کردووە سەردانی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا بکەن، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان رەوشەکە ببینن، بەڵام بەرپرسانی تورکیا داواکەیان رەتکردووەتەوە".

هێزەکانی تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریا لە کانوونی دووەمی 2018 هێرشیان کردە سەر عەفرین. نێردەکەی پێشووی حکومەتی ئەمریکا دەڵێت لەو هێرشەدا سوپای تورکیا بە هاوکاریی "هاوپەیمانە ئیسلامییەکانی لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هێرشیان کردە سەر یەپەگە و 150 هەزار کوردیان ئاوارە کرد و عەرەب و تورکمانی ناوچەکانی دیکەی سووریایان لەو پارێزگایە نیشتەجێ کرد".

## هێرشەکەی سەر عەفرین بەرهەمی تموحی ئەردۆغان بوو بۆ فراوانکردنی سنوورەکانی تورکیا

مەکگۆرک رەتیدەکاتەوە هێرشەکەی عەفرین لە وەڵامی "هەڕەشەیەکی راستەقینە" بووبێ، بەڵکو "بەرهەمی تموحی ئەردۆغان بوو بۆ فراوانکردنەوەی سنوورەکانی تورکیا کە ئەو پێیوابوو بەهۆی پەیماننامەی لۆزانەوە بە ناڕەوا بچووککراوەتەوە، من لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەردۆغان دانیشتووم و گوێم لێبووە سنوورە 400 میلییەکەی نێوان مووسڵ و حەلەبی بە زۆنی ئەمنی تورکیا وەسف کردووە"، بۆیەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بکشێنەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هێرشی هاوشێوەی هێرشەکەی عەفرین هەیە.

لە سێ ساڵی رابردوودا دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە دانوستاندنی بەردەوامدا بوون لەگەڵ هاوتا تورکەکانیان، تاوەکو رێگەچارەیەک بۆ رەواندنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا بدۆزنەوە. بەگوێرەی وتارەکە، وجوودی سەربازیی ئەمریکا کاتی بە دیپلۆماتە ئەمریکییەکان دەدا، بۆ ئەوەی لەسەر رێوشوێنێک رێکبکەون کە هەم تورکیا رازی بکات و هەمیش شەڕڤانانی هەسەدە بپارێزێ، لە کاتێکدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێش دۆزینەوەی ئەو رێوشوێنە "مەترسی کارەسات دەهێنێتە ئاراوە، چونکە هێرشی تورکیا ئاوارەبوونی مەدەنییەکان، هەڵوەشانەوەی هەسەدە و دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لێدەکەوێتەوە". ئەمەش لە درێژخایەندا رێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش خۆشدەکات.

### کۆمکاری عەرەبی و دیمەشق

لە چەند مانگی رابردوودا ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبی، وەکو ئوردن، میسر، ئیمارات و سعودیە هەنگاویان ناوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی سووریا ئاسایی بکەنەوە، هەوڵیش هەیە بۆ ئەوەی سووریا بهێنرێتەوە ناو کۆمکاری عەرەبی. وەک برێت مەکگۆرک ئاماژەی بۆ دەکات ئەمریکا دژی ئەو هەوڵەی وڵاتانی عەرەبییە، چونکە ئەوە "گوشارەکانی سەر ئەسەد بۆ بەشداری لە پرۆسەی چارەسەریی جنێڤ کەمدەکاتەوە".

وەک چۆن ئەمریکا دژی نزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئەسەدن، هەر ئاوهاش وڵاتانی عەرەبی دژی بڕیاری کشانەوە و کەمکردنەوەی ژێرخان و ستافی سەربازیی ئەمریکا لە سووریان، بەڵام دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکە جەخت دەکاتەوە کە وجوودی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا دەسەڵاتی ئەوە بە دیپلۆماتەکانی واشنتن دەدات داوا لە وڵاتانی عەرەبی بکەن لەگەڵ ئەسەد تێکەڵاوی نەکەن، چونکە هێزەکانی ئەمریکا وەک چاودێرێکە بۆ "فراوانبوونەوەی نفووزی تورکیا و ئێران کە ترسی خستووەتە دڵی دەوڵەتە عەرەبییەکان".

بەگوێرەی وتارەکە پاش بڕیاری کشانەوەی هێزەکان، ئیدی زەحمەتییەکی زۆری دەوێ هەتا قەناعەت بە هاوپەیمانە عەرەبەکان بهێنرێ کە "ئەمریکا یاریکەرێکی پابەندە لە سووریا"، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە "ئێران و تورکیا ئەجێندای خۆیان لە سووریا بەرەوپێش دەبەن". کە زۆر جیاوازە لە ئەجێندای وڵاتانی عەرەبی، لە دۆخێکی ئاواشدا ئەمریکا ناتوانێ بە هاوبەشە عەرەبەکانی بڵێ "شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆتان مەکەون" کە یەکێک لەوانە هاوکاریکردنی رژێمی ئەسەدە.

### حەقیقەتە قورسەکان

لە سێ مانگی رابردوودا بەرپرسانی پێنتاگۆن ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە هێشتنەوەی 400 سەربازەکەی ئەمریکا لە باکووری رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات ئەو مەترسییانە دەرەوێنێتەوە کە پلانی کشانەوەکە دروستی دەکردن. مەکگۆرک بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێیوایە ئەمریکا هێزەکانی کەمدەکاتەوە بێ ئەوەی دڵنیا بێ هێزی وڵاتانی دیکەی هاوپەیمان شوێنی ئەوان دەگرنەوە "ئەوەش وادەکات دانانی پلان کارێکی سەخت بێ".

بەپێی وتارەکە ئەمریکا لە عێراق 22 هاوبەشی سەربازی هەیە، لەکاتێکدا لە سووریا تەنیا 3 هاوبەشی لەو جۆرەی هەیە و بەشدارییە سەربازییەکەشیان زۆر کەمە و ئەو ئەرکەش کە ئەمریکا بۆ هێزەکانی داناوە جگە لە رێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش، کۆنترۆڵکرنی فراوانخوازییەکانی ئێران و پاراستنی ناوچەی ئارامی نزیک سنووری تورکیاشی تێکەوتووە، بۆیەش باشترین بژارە ئەوەیە بڕیاری کشاندنەوە یان کەمکردنەوەی هێزەکان هەڵوەشێنێتەوە، یان ئەوەتا بە ستراتیژی خۆیدا بچێتەوە.

مەکگۆرک ئاماژە بە کۆمەڵێک هەقیقەتی قورس دەدات کە واشنتن لە سیاسەتی خۆی بۆ سووریا و ناوچەکە دەبێ لەبەرچاوی بگرێ کە یەکەمیان ئەوەیە کە "نە ئەمریکا و نە هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێ ئەسەد لەسەر دەسەڵات لابدات". لە دۆخێکی ئاوهاش تاکە چەکێکی کاریگەری کە بە دەست ئەمریکاوە مابێ

## ئەمریکا لە سووریا بکشێتەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هێرشی هاوشێوەی عەفرین هەیە

"سەپاندنی سزایە" بۆ کۆمەڵێک ئامانجی سنووردار، لەوانەش دڵنیابوون لەوەی پەنابەرە سوورییەکان دەتوانن بگەڕێنەوە و مۆڵەتی کارکردن بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو سووریا بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدەشەوە دەدرێ.

راستی دووەم ئەوەیە تێکەڵاوی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ دیمەشق دەستیپێکردووەتەوە، رێگریی ئەمریکا تەنیا "بێزاری" ئەو وڵاتانەی لێدەکەوەتەوە کە لە ئاکامدا دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی هەوڵەکانیان لە ئەمریکا بشارنەوە، باشترین بژارەش لە رەوشێکی ئاوهادا ئەوەیە داوا لە وڵاتانی عەرەبی بکرێ هەوڵەکانیان لەگەڵ ئەسەد مەرجدار بکەن بەوەی ئەسەد رازی بێ بە کۆمەڵێک هەنگاو بۆ بنیاتنانەوەی متمانە لە کۆمەڵگای سووریدا کە راگەیاندنی لێبوردنی گشتی بۆ فەرماندەکانی پێشووی سوپای سووریا یەکێک لە خاڵەکانی بێ.

راستی سێیەم بریتییە لەوەی "ئەمریکا دەبێ ئەوە قەبووڵبکات کە تورکیا هاوبەشێکی کاریگەری نییە"، هەروەها ئەمریکا نابێ بەشدار بێ "لە پرۆژەی تورکیا بۆ فراوانکردنەوەی سنووری خۆی بە قووڵایی 20 میل لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا". بەپێچەوانەوە واشنتن دەبێ بۆ تورکیای روونبکاتەوە کە "تەنانەت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش، هێرشی تورکیا بۆ سەر هەسەدە ئاکامی جیدی بۆ پەیوەندییەکانی

## نە ئەمریکا و نە هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێ ئەسەد لە دەسەڵات لابدات

ئەمریکا و تورکیا دەبێ".

دوایین راستی قورسیش کە ئەمریکا دەبێ دانی پێدا بنێ ئەوەیە کە "رووسیا نێوبژیوانی سەرەکیی هێزە لە سووریا"، ئینجا بەو پێیەی واشنتن هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دیمەشق تاران نییە "بۆیە دەبێ لەگەڵ مۆسکۆ کار بکات ئەگەر بیەوێ شتێک بکات".

مەکگۆرک جەخت دەکاتەوە لەوەی "بەبێ پەیوەندیی راستەوخۆی مۆسکۆ و واشنتن قەیرانی سووریا چارەسەر نابێ، ئەمریکا دەبێ کێشەی سووریا لەلایەنە پڕکێشە و ناتەباکانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا جیابکاتەوە".

برێت مەکگۆرک جەخت لەوە دەکاتەوە کە "سیاسەتدارانی ئەمریکا دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەن کە نفووزی ئەمریکا لە سووریا کاڵ بووەتەوە و بەو پێیەش دەبێ بە ئامانجەکانی خۆیان لەو وڵاتەدا بچنەوە" و فۆکەسیان لەسەر ئەوە بێ کە لە سووریا بۆ واشنتن گرنگە، واتە "رێگری لەوەی کە سووریا ببێ بەشوێنێک بۆ ئەوەی لەوێوە هێرش بکرێتە سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. ئەمە ئامانجێکی گرنگە و دەستیش دەخرێ، تاکە رێگر لەبەردەم وەدیهاتنی ئەم ئامانجە رەتکردنەوەیەتی.

## بڕیارێک هەڕەشە لە کەبابچیانی کورد دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی پلانێکی حکومەتی بەریتانیا چێشتخانە سەفەرییەکان دەبێ لەمەودوا کالۆری خواردنەکان لە مێنۆکاندا بنووسن، بڕیارەکە کە ئامانجەکەی کەمکردنەوەی قەڵەوییە. چێشتخانە کوردییەکانی نیگەران کردووە. ئەم بڕیارە هەڕەشە لە کەبابخانە کوردی و تورکییەکانی ئەو وڵاتە دەکات، چونکە خواردنەکانیان چەوری و کالۆری زۆری تێدایە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (سان)، ڕێستورانتەکان پێیانوایە ئەو بڕیارە دژی بزنسە بچووکەکانە و داوایانکردووە ئەو بڕیارە ئەو چێشتخانانە نەگرێتەوە کە تەنیا پێنج جۆرە خواردن پێشکەش بە مشتەرییەکانیان دەکەن.

# پۆڵەندییەکان خۆیان فێری کوردی دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**


20 قوتابی بەرەگەز پۆڵەندی داوایان لە ڕێباز نانەکەلی کردووە فێری کوردیان بکات

فێرخوازەکان داوا دەکەن جگە لە زمان، فێری داونەریت و مێژووی کوردیش بکرێن

ڕێباز نانەکەلی

# بڕیاری دادگایەکی بەریتانی هەڕەشە لە پەناخوازان دەکات

**ڕووداو- هەولێر**



بڕیارەکە هۆکاری لەبارچوونی منداڵەکەمە

ئافرەتێکی کورد


پەناخوازان خانووەکانی کۆمپانیای سێرکۆ چۆڵ ناکەن



## ڕۆژین گۆرانی بۆ بەساڵاچوان دەڵێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژین، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، لەگەڵ کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆ لە هەولێر پڕۆژەیەکی خێرخوازی ڕاگەیاند. ڕۆژین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماوەی چەند مانگێکە سەرقاڵی پڕۆژەیەکی خێرخوازین، بۆ خانەی بەساڵاچوان کە هاوکاری وەکو خواردن و جلوبەرگیان پێشکەش دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەفتانە کۆمەڵێک لە خوێندکاران چیرۆکیان بۆ دەخوێننەوە و ئێمەش گۆرانیان بۆ دەڵێین، بۆ ئەوەی بتوانین دڵی ئەم بەساڵاچوانانە خۆش بکەین، پڕۆژەکەش بەردەوام دەبێت و ڕاناوەستێت". ڕۆژین هەروەها گوتی: "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانیم کە گۆرانی کوردی و تورکی تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو کلیپم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، کە بە زمانی تورکین"..



### هونەرمەند سیاوەش کامکار بۆ (ڕووداو):

# لە زۆر وڵات کەمانچە وەک ئامێرێکی کوردی ناسراوە

سیاوەش کامکار، ژەنیاری سەنتوور و ئاوازدانەر، ساڵی 1989 لە تاران لەنێو بنەماڵەی هونەردۆستی کامکارەکاندا لەدایکبووە. کوڕی پەشەنگ کامکارە و دایکیشی میوزیکژەنە. لە منداڵییەوە سەرقاڵی میوزیکە. سەرەتا بە ئامێری تەپڵ لەلای مامۆستا ئەرژەنگ کامکار دەستیپێکرد. پاشان لەلای باوکی و مامی بچووکی ئەردەوان کامکار، فێری ژەنینی سەنتوور بووە. دوای ئەوەش لای ئەرسەلان و هۆشەنگ کامکار بنەماکانی ئاوازدانان فێر بووە. ئێستا زۆرجار بەتەنیا بەشداری لە گرووپی میوزیک و چالاکییە هونەرییەکاندا دەکات. سیاوەش لەم هەڤپەیڤینەدا باسی ڕۆڵی گرووپی کامکارەکان لەسەر میوزیک و گۆرانی کوردی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەوەی لە 100 ساڵی ڕابردوودا میوزیکی کوردی پێشخستووە، حەسەن کامکار بووە

لە 14 ساڵییەوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ خەریکی میوزیکم

### کەتایون، خانمە گۆرانیبێژی فارس بۆ (ڕووداو):

# گۆرانیی کوردی باشتر دەڵێمەوە تاوەکو فارسی

خانمە گۆرانیبێژی فارس، کەتایون، لەڕێی گۆرانیگوتن بە زمانی کوردی، لەنێو هەوادارانی میوزیک و گۆرانیی کوردیدا ناسراوە. کەتایون ئەندازیارە و مامۆستای زانکۆیە، تا ئێستا چەندین گۆرانی بە زمانی کوردی گوتووە. کەتایون بەهۆی ئەوەی هاوژینەکەی کوردە، فێری زمانی کوردی بووە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**



میوزیکی کوردی پڕە لە وزە

ژنانی کورد زۆر بە هەستەوە گۆرانی دەچڕن

هاوژینەکەم کوردە، بۆیە بە کلتووری کورد ئاشنام



## پۆلیس گومانی لە مردنی ژنێک هەیە

**ڕووداو – هەولێر**

لە قەڵادزێ تەرمی ژنێک لە نێو ماڵەکەیدا دۆزرایەوە و پۆلیسیش گومانی لە هۆکاری مردنەکەی هەیە، بۆیە تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە.
ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەوی 2019/4/17 تەرمی ژنێک بەناوی (ت.ب.ع) لە دایکبووی 1990 کە ژنی ماڵ بوو، دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی قەڵادزێ، گەیەنرایە نەخۆشخانەی قەڵادزێ". لەبارەی هۆکاری مردنەکەش، ڕائید شۆڕش دەڵێت: "هەرچەندە هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەیەوە دیار نەبووە، بەڵام ئێمە وو نەخۆشخانەش گومانمان لە مردنی ژنەکە هەبووە، بۆیە تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی کرا، بۆ ئەوەی هۆکاری مردنەکەیمان بۆ دیاری بکەین".

### پزیشکان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆشداری دەدەن

# سناپچات کچانی عەوداڵی جوانکاری کردووە



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاڵوودەبوون بە سناپچات و سێڵفی گرتن بووە بە خوو لەنێو زۆربەی گەنجاندا و بازاڕی سەنتەرەکانی جوانکاری و نەشتەرگەریشی گەرم کردووە. پزیشک و توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە خەریکە کاریگەرییە نەرێنییەکانی سناپ لەسەر ئەو گەنجانە دەردەکەوێت کە خەون بە ڕوخسارێکی فیلتەرکراوی نێو سناپچاتەوە دەبینن.

سەنا، تەمەن 22 ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە، زۆربەی کاتەکانی بە چرکاندنی وێنەی سێڵفی و سناپچات بەسەردەبات. سەنا دەڵێت: "شەو و ڕۆژ مۆبایلەکەمم بەدەستەوەیە و سەرقاڵی سناپم. هەرچی بخۆم و بچمە هەر شوێنێک سناپێک دەکەم، چونکە پێستت ماندوو ناکات و هەر خۆی ماکیاژێکی تەواوت بۆ دەکات. سناپ دەروونم هێور دەکاتەوە و هەست بە بوونی خۆم دەکەم".

مۆبایلەکەی سەنا پڕیەتی لە وێنە و ڤیدیۆ: "بە هەزاران وێنە لەنێو مۆبایلەکەمدایە، زۆریشم خستووەتە سەر هاردێک. بەردەوامیش ترسم لە نەمانی فلتەری پەپوولەکەیە، چونکە بەبێ ئەو ناتوانم وێنە بگرم، شەش مانگ جارێکیش فیلەر بۆ لێوم دەکەم، برژانگیش بەردەوام دادەنێم تا وەک هاوشێوەی فلتەرەکەی سناپ جوان بم".

> بەشێک لەوانەی داوای جوانکاری دەکەن، دوای وێنەی خەیاڵیی نێو فلتەرەکانی سناپچات کەوتوون
>
> پزیشکێک

بەشێک لە گەنجان بۆ جوان دەرکەوتنی ڕوخساریان لە سناپ چات، پەنا بۆ نەشتەرگەریی جوانکاری دەبەن. کازیوە کە تەمەنی 26 ساڵە، چوار نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ بچووککردنەوەی لووتی کردووە. کازیوە بە (ڕووداو)ی گوت: "سێڵفی و فلتەرەکانی سناپچات ڕوخسارێکی بریقەدار و جوانی پێدەبەخشیم، بۆیە حەزم لێیبوو، بەڵام سێڵفی ڕوخسارت زیاتر دێنێتە پێشەوە، بۆیە لووتم گەورەتر دەردەکەوت".

کازیوە سیڤییەکی ناردووە بۆ کۆمپانیایەک، مەرجی وەرگرتنی لە کۆمپانیاکە جوانیی ڕوخساری بووە وەک وێنەکانی لە سناپچاتدا. ئەو دەڵێت: "بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆمپانیاکە گوتی دەبێت ڕوخسارت وەکو وێنەی نێو سیڤییەکەت بێت، منیش تێگەیشتم کە مەبەستی لووتمە، بۆیە نەشتەرگەری جوانکاریم بۆ لووتم کرد، تاوەکو ئێستا چوار نەشتەرگەریم کردووە، بەڵام هێشتا نەبووم بە خاوەنی ئەو لووتەی لەنێو سناپچاتەکە دەرکەوتووم".

> لووتم هێندە بچووک کردووەتەوە بە زەحمەت هەناسەم بۆ دەدرێت
>
> کچێک

ئەم کچە بەهۆی نەشتەرگەرییەکانی لووتی کێشەی هەناسەدانی بۆ دروست بووە، کازیوە گوتی: "شەوانە هەناسەم توند دەبێت و زۆر کێشەی بۆ دروستکردووم. داپیرم هەمیشە دەیگوت زۆر مەچنە بەر ئاوێنە شێت دەبن، ئێستا تێدەگەم کە مەبەستی لە شێتبوون ناڕازیبوون لە ڕوخساری خۆمان و دڵەڕاوکێی دەروونیمان بوو".

کازیوە دەڵێت چەندین کچ دەناسێ لە ڕوخساری سادەی خۆیان ناڕازین، بۆیە ڕوو لە سەنتەرەکانی جوانکاری دەکەن و بەبێ جوانکاری ناتوانن ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان پیشان بدەن، وەک چۆن گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان لەکاتی گۆرانی و نواندندا ڕوخسارێکی شووشەییان هەیە، بەڵام کە دەچنە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بۆ شاردنەوەی ڕوخساریان و نەناسینەوەیان لەلایەن خەڵکەوە، چاویلکەیەکی ڕەشی گەورە لەچاو دەکەن.

دەرکەوتنی لووتیان بە قەبارەیەکی بچووکتر لەنێو سناپچاتدا، زۆربەی کچانی ناچار کردووە پەنا ببەنە بەر نەشتەرگەریی جوانکاری. دکتۆر ئالان فەرهاد، کە پزیشکێکی جوانکارییە لە هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژانە بەدەیان ئافرەت سەردانمان دەکەن و داوای نەشتەگەری جوانکاریمان لێدەکەن، بە تایبەتی لووت، سینگ و سمت".

بەشێک لە پزیشکان داواکاریی خانمان بۆ گۆڕینی ڕوخسار و وێکچواندنیان بە کەسانێکی دیکە بە گرفت بۆ خۆیان و خانمەکانیش دەزانن. دکتۆر شێرکۆ وەیس، پزیشکی پێست و جوانکاری لە سلێمانی دەڵێت: "بەشێک لەو خانمانەی سەردانمان دەکەن، دوای وێنەی خەیاڵیی نێو فیلتەری سناپچات کەوتوون و داوای ڕوخسارێکمان لێدەکەن کە لەگەڵ ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان ناگونجێ. دوای نەشتەرگەریش هێشتا ناڕازین و نایانەوێت لە خۆیان بچن".

> ئەوانەی بەردەوام بەدوای دەمامکەکانی سناپچاتەوەن، دەروونیان تێکچووە
>
> توێژەرێکی کۆمەڵایەتی

بەبڕوای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، سناپچات بۆ هەندێک کەس بووە بە نەخۆشی و ئاڵوودەبوونیان بەرەو ڕووخاندنی کەسایەتیان دەبات، سەیران سەباح دەڵێت: "وێنەگرتنی بەردەوام و ئاڵوودەبوون بە سناپچات بەشێکی زۆری بۆ دەستبەتاڵی دەگەڕێتەوە. ئێستا خەریکە ئەو گەنجانە بەرەو دەروونێکی نەخۆش و ڕووخانی کەسایەتییان هەنگاو دەنێن، بۆیە ئەرکی حکومەت و ڕێکخراوەکانە پێش بەو ئاڵوودەبوونە مەترسیدارەی گەنجەکان بگرن".

سەیران سەلاح گوتیشی: "ئەوە بووە بە دیاردە لەنێو گەنجان و بەتایبەت کچان کە چیدی ڕوخساری خۆیان پێ قبوڵ نییە و دەبنە کەسێک کە لەڕێگەی دەمامکی سناپەوە بەدوای ڕوخسار و کەسایەتییەکی دیکەدا دەگەڕێن، ئەمەش وردە وردە بەرەو کەسایەتی شڵەژاو و تێکچوونی دەروونیان دەبات تاوەکو وایان لێدێت نەتوانن بەبێ کەڤەر و فلتەر تێکەڵی کۆمەڵگە ببن".

# پاش دەمەقاڵەیەکی لەگەڵ مێردەکەی، خۆی سووتاند


پیرۆز لە سەرەمەرگدا تکای لە مێردەکەی کرد ژن نەهێنێتەوە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر ئەوەی کە نانی ئێوارەی ئامادە نەکردووە، لەگەڵ مێردەکەی تووشی دەمەقاڵە دەبێ و دواتر لە حەوشەی ماڵەکەیاندا ئاگر لە خۆی بەردەدا، ڕۆژی دواتر بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی، گیانی دەردەچێ.

پیرۆز خەلیل، تەمەن 28 ساڵ، دانیشتووی گوندی حاجی وسووی سەر بە ناحیەی دێگەڵەی قەزای کۆیە، ئێوارەی ڕۆژی 2019/4/13 ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، دوای شەوێک مانەوە لە نەخۆشخانە، گیانی دەرچوو.

ڕائید ئیدریس حەسەن، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی دێگەڵە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئافرەتەکە بەهۆی دەمەقاڵەیەک لەگەڵ مێردەکەی ئاگری لە خۆی بەردا، دوای ڕووداوەکە مێردەکەی خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد و ئێستا لەلای ئێمە دەستبەسەرە تاوەکو لێکۆڵینەوە تەواو دەبێ".

هاوژینەکەی پیرۆز پۆلیسە، ڕائید ئیدریس دەڵێت: "ئەو پیاوە لە ئیفادەی سەرەتایی گوتی پێشتر هیچ کێشەیەکم لەگەڵ هاوژینەکەم نەبووە، ئەو ڕۆژە دەمەقاڵەیەکی بچووکمان بووە، ئەویش لە داخان ئاگری لە خۆی بەردا".

پیرۆز بەرلەوەی خۆی بسووتێنێ لەگەڵ کەسوکارەکەی لە پرسەی خزمێکیان بووە، ڕۆژی دواتر پرسە بۆ ئەویش دانرا.

محەممەد خەلیل کە برا گەورەی پیرۆزە، بە (ڕووداو)ی گوت "خوشکەکەم شووی بە ئامۆزایەکی خۆم کردبوو، ئەوان هەشت ساڵ بوو بە یەکەوە بوون، دوو منداڵیان هەبوو. پیرۆز لە ئامۆزاکەم گەورەتر بوو، بەڵام قەت نەمانزانیوە کێشەیان هەبووبێ، یەکتریان زۆر خۆشدەویست. بۆیە کە گوتیان خۆی سووتاندووە، تووشی شۆک بووین".

محەممەد باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە پیرۆز خۆی سووتاند و دەڵێت: "خزمێکمان مردبوو، من بەیانییەکەی چووم بۆ ماڵی پیرۆز، پێمگوت دوای نیوەڕۆ خۆت حازر بکە دەچین بۆ پرسەی ئەو خزمە، دوای نیوەڕۆ چووینە پرسەکە. بەهۆی ئەوەی پرسەکە لە گوندێکی دیکە بوو، تا گەڕاینەوە بوو بە ئێوارە".

محەممەد پیرۆز لەبەردەگای ماڵەکەی دادەنێ و لەگەڵ دایک و باوکی دەچێتەوە ماڵەوە. وەک کەسوکارەکەی باسی دەکەن، پیرۆز خەریکی منداڵە بچووکەکەی بووە و کاتی نەبووە زوو نانی ئێوارە بۆ مێردەکەی ئامادە بکات، کاتێکیش مێردەکەی گەڕاوەتەوە و بینیویەتی نان ئامادە نییە، دەمەقاڵەی لەگەڵ کردووە.

بە گوتەی محەممەد، خوشکەکەی قسەکانی مێردەکەی پێ قبوڵ نەکراوە، منداڵەکانی بردووەتە ژووری نووستن و دەرگای هۆڵەکەشی داخستووە، پاشان دەچێتە حەوشە و دەبەیەک نەوت بە خۆیدا دەکات و ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات.

محەممەد دەڵێت: "کاتێک زاواکەمان دەبینێ پیرۆز ئاگری تێبەربووە، ڕادەکاتە دەرەوە، بەڵام دەبینێ دەرگا داخراوە. بۆیە پەنجەرە دەشکێنێ و دەچێتە دەرەوە. بە بەتانییەک ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە. دواتر هاواری بۆ ئێمە هێنا. ئێمەش گەیاندمانە نەخۆشخانە".

ئەو کاتەی پیرۆز لە نەخۆشخانە بووە، محەممەد بە تەنیا قسەی لەگەڵ کردووە بۆ ئەوەی بزانێ بێجگە لەو دەمەقاڵەیە هیچ کێشەیەکی دیکە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام پیرۆز گوتوویەتی جگە لەوە هیچ کێشەیەکی دیکەیان نەبووە، داواشی لە محەممەد کردووە بانگی هاوژینەکەی بکات. کاتێکیش هاوژینەکەی هاتووە پێیگوتووە: "من ئیدی دەمرم، ئاگات لە منداڵەکان بێ".

هەروەها داواکارییەکی دیکەشی هەبووە و پێیگوتووە "هەرگیز دوای من ژن نەهێنیتەوە، گەردنت ئازاد ناکەم، نامەوێ منداڵەکانم بکەونە دەست زڕدایک".

پیرۆز کە ڕێژەی سووتانەکەی 85% بوو، تەنیا 18 سەعات لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد. دوای ئەوەش مێردەکەی خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، بەڵام محەممەد دەڵێت ئەوان سکاڵایان لەسەر زاواکەیان نییە و لەبەر دوو منداڵەکەی نایانەوێ سزا بدرێ.

محەممەد گوتی: "ئەو ئامۆزای ئێمەیە و باوکی دوو منداڵە، لە هەموو ماڵێک بایی ئەوەندە کێشە هەیە. کێشەکەش هێندە گەورە نەبووە کە پیرۆز پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە. ئێمە بڕیارمان داوە دوای تەواوبوونی پرسەکە، بچینە دادگا و لە مافی خۆمان خۆش بین، چونکە ئامۆزاکەم تاوانێکی وای نەکردووە، پیرۆزی خوشکیشم پێش ئەوەی بمرێت سکاڵای لەسەر نەبووە، تەنیا داوای ئەوەی لە مێردەکەی کردووە کە لەبەر منداڵەکانی ژن نەهێنێتەوە".

## لە شارێکی عێراق دەستدرێژی دەکرێتە سەر 80 منداڵ



ڕووداو – هەولێر

هۆبەی ئامار لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە لە بابل ئاشکرایکرد کە: لە یەک ساڵدا 80 منداڵی (نێر و مێ) لە پارێزگاکە دەستدرێژی سێکسییان کراوەتەسەر، بەو هۆیەوە 65 سکاڵا لە دادگاکانی پارێزگاکە تۆمارکراون. هۆبەی ئامار دەشڵێ: لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان بەردەوامە کە دابەشکراون بەسەر دادگاکانی نەوجەوانان و سزادان و تاوان و دادگای نەوجەوانان لەو تۆمەتبارانە دەکۆڵێتەوە کە تەمەنیان خوار 18 ساڵە و "ساڵی رابردوو 16 سکاڵای تایبەت بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵانی لا تۆمارکراون".

# بیلال لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا دەکوژرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

سەعات حەوتی ئێوارە، شاناز تەلەفۆن بۆ هاوژینەکەی دەکات بۆ ئەوەی نانی ئێوارە لەسەر یەک سفرە بخۆن، بیلال پێیدەڵێت کەمێکی تر دەگەڕێتەوە، بەڵام بە زیندوویی نەگەڕایەوە ماڵەکەی و ڕۆژی دواتر تەرمەکەی لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرایەوە.

بیلال عەبدولڕەحمان، تەمەن 28 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی زانکۆ بوو لە قەزای کۆیە، ڕۆژی 2018/4/12 تەرمەکەی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا لە شاری هەولێر دۆزرایەوە. بکوژەکەشی دەڵێت لەسەر "کێشەیەکی کۆمەڵایەتی" کوشتم.

بیلال دەرچووی کۆلیژی شەریعە بوو، شەش ساڵ لەمەوبەر ژنی هێناوە و باوکی دوو منداڵ بوو. بیلال مەندووبی کۆمپانیایەکی خواردنەوە گازییەکان بوو. براکەی دەڵێ کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە.

شیمال کە برای بیلالە، دەڵێت ئەوان لەلایەن شانازی هاوژینی بیلالەوە ئاگادارکراونەتەوە کە بیلال بەڵێنی دابوو سەعات حەوتی ئێوارە بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە و مۆبایلەکەشی داخراوە.

شیمال دەڵێت: "برازنەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم کە بیلال نەگەڕاوەتەوە و مۆبایلەکەشی داخراوە، منیش باوکم و براکانم ئاگادارکردەوە، پاشان چووین لە بنکەی پۆلیس سکاڵامان تۆمار کرد".

پۆلیس بەڵێنیان پێدەدات هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی بیلال، ئەوانیش لەلای خۆیان دەست دەکەن بە سۆراغی، بەڵام ڕۆژی دواتر پۆلیس هەواڵە ناخۆشەکەیان دەداتێ.

شیمال دەڵێت: "ئێمە چاوەڕێ بووین پۆلیس هەواڵێکی خۆشمان بداتی، بەڵام سەعات 12ی نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر کەسێک کە لەگەڵ براکەم لە کۆمپانیا کاری دەکرد، تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: پۆلیسی کەسنەزان دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات، پۆلیسەکە گوتی: براکەتان لەلای ئێمە دەستبەسەرە وەرن بیبەنەوە".

شیمال پێی سەیر بووە، براکەی بۆچی گەیشتووەتە هەولێر و چی دەکات لەوێ. لەگەڵ باوکی و براکانی و هاوڕێیەکی بە پەلە لە کۆیەوە بەڕێدەکەون بۆ کەسنەزان. شیمال دەڵێت: "لە بنکەی پۆلیسی کەسنەزان چەند پرسیارێکیان دەربارەی براکەم کرد، پرسیمان چی بووە، چی بەسەرهاتووە؟ گوتیان بە داخەوە خۆتان خۆشبن".

پۆلیس پێیان گوتبوون کە تەرمەکەیان لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزیوەتەوە، بەڵام لەوە زیاتریان پێناڵێن و دەتوانن دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، ئەنجامەکەی وەربگرنەوە.

تەنانەت پۆلیس پێیان ناڵێت بە چی کوژراوە؟ کاتێکیش دەچن بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر بۆ ئەوەی تەرمی بیلال وەربگرنەوە، پزیشکەکانی ئەوێش هیچ زانیارییەکیان نادەنێ و پێیاندەڵێن چاوەڕێی تەواوبوونی ڕاپۆرتی پزیشکی بکەن.

ئەوانەی ئەو کوڕە دەناسن، سەریان لە ڕووداوەکە سوڕماوە. یەکێک لەوانە ئەمین بۆتانییە کە هاوڕێیەکی نزیکی بیلال بووە.

ئەمین باسی دوایین پەیوەندی نێوان خۆی و هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت: "سێ ڕۆژ پێش ئەوەی بکوژرێ، نامەی بۆ ناردم و داوای 500 دۆلاری کرد، لێم پرسی ئەو پارەیەت بۆچییە؟ گوتی: پرۆژەیەکم بە دەستەوەیە. منیش پێمگوت ئێستا پارەم بەدەستەوە نییە، بەڵام دەتوانم تاوەکو 16ی مانگ بۆت ئامادە بکەم، کەچی ئەو گوتی: کێشە نییە، نامەوێ".

کەسوکاری بیلال گومانیان لە کێیە؟

شیمال دەڵێت: "گومانمان لە کەس نییە، چونکە بیلال کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە تاوەکو گومان بکەین، نامانەوێت هیچ کەسێک تۆمەتبار بکەین، چاوەڕێی تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی کۆیە و هەولێر دەکەین".

هەفتەیەک دوای کوژرانی بیلال، پۆلیس بکوژەکەی دۆزییەوە و دەستگیری کرد.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەهەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی کۆیە توانیمان تاوانبارەکە دەستگیر بکەین کە ناوی (ع. ئا)یە و تەمەنی 47 ساڵە. سەرەتا نکۆڵی کرد، بەڵام دواتر دانی بە تاوانەکەدا نا".

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنەکەش، وەک ڕائید هۆگر گوتی "تۆمەتبار لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان من و بیلالدا هەبووە، پەیوەندیم پێوەکرد، ڕێککەوتین لە کەسنەزان یەکدی ببینین، لەوێ بوو بە دەمەقاڵەمان. بیلال وای زانی دەڕۆم، چوومە نێو ئۆتۆمبێلەکەم ئاسنێکم هێنا و کە گەڕامەوە بیلال پشتی لە من بوو، لە دواوە چەند جارێک بە ئاسنەکە کێشام بە سەریدا، کە دڵنیابووم مردووە، خستمەوە ناو ئۆتۆمبێلەکەی و ڕۆشتم".

بەڵام کەسوکاری بیلال دەڵێن ئێمە ئەو پیاوە ناناسین و نازانین چ کێشەیەکی لەگەڵ بیلالدا هەبووە.



بکوژ دەڵێت لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، بیلالم کوشت

# لەسەر قەرزی ئۆتۆمبێلەکەی کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

جەزا قەرزداری کەسێک بووە کە ئەو شەوەی کوژرا، پێکەوە لە کافتریایەک بوونە، کە لە کافتریاکە هاتوونەتە دەرەوە، بووەتە دەماقەڵەیان، خاوەن قەرزەکە دەمانچەی دەرهێناوە و چوار گوللەی لە جەزا داوە و هەڵاتووە.

جەزا سەعید، تەمەن 47 ساڵ، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/4/10 لە بەردەم کافتریایەک لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی، تەقەی لێکرا و کوژرا. جەزا کە باوکی چوار منداڵ بوو، ئیشی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی دەکرد.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی دوو کەس لە بەردەم کافتریایەک دەبێتە دەمەقاڵەیان، یەکێکیان تەقە لەوەی دیکە دەکات و دەیکوژێت، دوای ئەوەی پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، چەند هاوڕێیەکی کوژراوەکەی دەستبەسەر کرد، بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە چی بووە".

سەرکەوت ئەحمەد ئاماژەی بە ناوەڕۆکی ئیفادەی دەستبەسەرکراوەکان دا و گوتی: "ئەوان دەڵێن ئەو پیاوەی تەقەی کردووە، پێشتر ئۆتۆمبێلێکی بە جەزا فرۆشتووە، بەڵام جەزا هەموو پارەکەی نەداوەتێ، بەنیاز بووە 16ی مانگ هەموو پارەکەی بداتێ".

هاوڕێکانی جەزا دوای ئەوەی ئیفادەیان لێوەرگیراوە ئازاد کراون. ئەوان وەکو بۆ پۆلیسیان باسکردووە، دەڵێن جەزا و بکوژەکە لە نێو کافتریاکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی 16ی مانگ جەزا قەرزەکە بداتەوە، بەڵام کاتێک لە کافتریاکە هاتوونەتە دەرێ، هەندێ قسەی تریان کردووە و لەناکاو کابرا دەمانچەی دەرهێناوە و چوار گوللەی لە جەزا داوە.

(س. ئا) شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە، باسی ئەو کاتە دەکات کە جەزا و هاوڕێکانی لەناو کافتریاکە بوون، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوان چوار کەس بوون ناو کافتریاکە دانیشتبوون، هەر باسی قەرز و مامەڵەی ئۆتۆمبێلیان دەکرد، دەنگیان دەگەیشتە لای من، دواتر هەر چواریان بەیەکەوە چوونە دەرەوە. گوێم لە کوژراوەکە بوو هەر دەیگوت خەمت نەبێت، لە کاتی خۆیدا بۆت دەهێنمەوە، لە ناکاو گوێم لە دەنگی چەند گوللەیەک بوو.. کە چوومە دەرەوە بینیم ئەو کابرایەی هەر دەیگوت خەمت نەبێ پارەکەت دەدەمەوە لەسەر زەوی لە نێو خوێندا کەوتبوو، تەقەکەرەکەش هەڵات".

باوکی جەزا بەهۆی گریانەوە نەیتوانی زۆر قسە بکات، تەنیا گوتی "کوڕەکەی من بە غەدر کوژرا، چوار منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشت".

لەتیف حەمەئەمین، مامی جەزا، دوای تەواوبوونی پرسەی برازاکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "کوڕەکەی ئێمە بەبێ تاوان کوژرا، زۆر بێ کێشە بوو، تەنیا خەریکی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بوو".

سەبارەت بە کێشەی نێوان جەزا و بکوژەکەش، گوتی "ئێمە ئەو پیاوە ناناسین، پێشتر جەزای برازام ئۆتۆمبێلێکی لەو پیاوە کڕیوە و بەشێک لە پارەکەی دابوو، وا ڕێکەوتبوون 16ی مانگیش ئەو پارەیەی ماوە بیداتێ، پارەکەشی ئامادەکردبوو، بەڵام چاوەڕێی مەوعیدەکەی دەکرد. جەزا دەمێک بوو خەریکی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بوو، کێشەی لەگەڵ کەس بۆ دروست نەبووە".

لەتیف باسی ساتی کوژرانی برازاکەی کرد و گوتی "ئەو ڕۆژە جەزا لەگەڵ هاوڕێکانی چووەتە کافتریا، ئەو پیاوەشیان لەگەڵ بووە. دیارە بۆ ئەوە چوون تا قسە لەسەر پارەکە بکەن، ئەوەی هاوڕێکانی جەزا لە پرسەکەی بۆیان باسکردین، تاوانبارەکە هەر قسەیەکی کردبێت جەزا گوتوویەتی باشە. هەر چەندە ئەو پیاوە قسەی ناشرینی کردبوو، بەڵام جەزا دانی بەخۆیدا گرتبوو بۆ ئەوەی تووشی دەمەقاڵێ نەبن، وادیارە لە کۆتاییدا ئەوەی جەزا نەیدەویست ڕووبدات، ڕووی دا".

نزیکەی دوو هەفتە بەسەر کوژرانی جەزادا تێپەڕیوە و هێشتا پۆلیس بکوژەکەی دەستگیر نەکردووە. کەسوکارەکەشی لەوە نیگەرانن. لەتیف دەڵێت: "تا ئەو کاتەی پۆلیس تاوانبارەکە دەستگیر دەکات، ئێمە ئاسوودە نابین، تاکە هیوامان بە پۆلیسە بکوژ دەستگیر بکات و سزا بدرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا پۆلیس نازانێت ئەو پیاوە بۆ کوێ ڕۆیشتووە".



جەزا سەعید لەبەردەم کافتریایەکی سلێمانی تەقەی لێکرا و کوژرا

## هەردوو شوفێرەکە ئافرەتن

# ڕووداوێکی هاتوچۆ دوژمنداری لێدەکەوێتەوە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل کە شوفێری هەردووکیان ئافرەت بوون، کێشە دەکەوێتە نێوان دوو بنەماڵە، خەزووری یەکێک لە ژنەکان بنەماڵەکەی دیکە بە هەڵکوتانە سەر ماڵیان تۆمەتبار دەکات و باوکی ئەوەی دیکەشیان دەڵێت هەڕەشەی کوشتن و ڕفاندنیان لێکراوە.

ڕووداوێکی هاتوچۆ کە زیانێکی زۆر کەمی مادی لێکەوتووەتەوە، خەریکە دەبێتە کێشەیەکی گەورەی نێوان دوو بنەماڵە لە هەولێر. ئیدریس کەمال، کە کچەکەی بە ئۆتۆمبێل تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "شەش مانگ لەمەوبەر پێکدادانێکی بچووکی ئۆتۆمبێل لەنێوان کچەکەی من و ژنێکدا ڕوویدا. تەنیا دەعامی ئۆتۆمبێلەکان زیانی بەرکەوت، خەزووری ژنەکە گوتی هەردووکیان کچی منن و کێشەکە کۆتایی هات".

بەپێی قسەی ئیدریس، دوای چەند ڕۆژێک کێشەکە سەریهەڵداوەتەوە: "دوای چوار ڕۆژ هاوژینی ژنەکە براکەمی بینیبوو، داوای ژمارە مۆبایلی منی کردبوو، هەندێک تۆمەتیشی خستبووە پاڵ کچەکەم. کە تەلەفۆنیشی بۆ من کرد، چەند قسەیەکی ناشیرینی کرد و تەلەفۆنەکەی داخست، ئێمە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرین، چووینە ماڵیان بۆ ئەوەی بزانین چی دەوێت، بەڵام لەوێ هاوژینی ژنەکە هێرشی کردە سەرم و زلەیەکی لێدام، کوڕە 18 ساڵانەکەشم خۆی پێنەگیرا و لێیدایەوە".

کێشەی دوو بنەماڵەکە دەچێتە بنکەی پۆلیس و لە 2018/10/22 ئاشت دەبنەوە و کێشەکە کۆتایی دێت، بەڵام ئیدریس دەڵێ: "لەدوای پێکهاتنەکە ئەوان بەردەوام چاودێریمان دەکەن، ڕۆژێک دەچوومە مزگەوت، ئەوان بە ئۆتۆمبێل دوامکەوتن، خەزووری ژنەکە دەیگوت هەر دەتکوژم. دیسان جارێکی دیکەش دوامکەوتن. چەند جارێکیش هاتوونەتە بەردەم کۆمپانیاکەم و هەڕەشەیان کردووە، هەموو ئەو هەڕەشانەشمان بە ڤیدیۆ هەیە".

بەپێی قسەی ئیدریس، هەوڵی ڕفاندنی خوشکەزاکەشیان داوە، ئەو گوتی: "ڕۆژێک برازاکەم بەپێ دەچێتە دوکان، بەڵام هەمان ئەو سێ کەسەی بەدوای منەوە بوون لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا چاودێری دەکەن و دەیانەوێ بیرفێنن، برازاکەم دەزانێت و هەڵدێ، بۆیە ناچاربووین لە پۆلیس دوو سکاڵامان لەسەر هەرسێکیان تۆمار کرد، دادوەر بەپێی ماددەی 421ی ڕفاندن فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردن، بەڵام تەنیا هاوژین و شووبرای ژنەکە دەستگیرکران".

دوای چەند کاژێرێک هاوژینی ژنەکە ئازاد دەکرێت، ئیدریس کەمال دەڵێ: "دوای چەند کاژێرێک دادوەری ئێشکگر بە کەفالەتی یەک ملیۆن دینار یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ئازاد کرد کە مێردی ژنەکەیە، لەکاتێکدا ئەو ماددەیە تاوانێکی قورسە و بەڵگەی ڤیدیۆیی و شایەت هەیە، بۆیە دادوەری تایبەتمەند ماددەی 421ی بۆ دانابوو کە حوکمەکەی تاوەکو 10 ساڵ بەندکردن دەڕوات، هەر دوای ئازادکردنیشی هەڕەشەی لێکردین".

بەڵام ئیسماعیل ڕەحمان، خەزووری ئەو ژنەی کە لەگەڵ کچەکەی ئیدریس تووشی ئەو ڕووداوە هاتووە، کێشەکە بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەو کچەی خۆی بە ئۆتۆمبێلی بووکەکەی مندا کێشاوە مۆڵەتی شۆفێری نەبووە، پێکدادانێکی ئاسایی بوو، چاککردنەوەکەی 200 دۆلارێکی پێویست بوو، ئەوان گوتیان بۆتان چاکدەکەینەوە، بەڵام کوڕەکەم گوتی حەرامە، بۆیە خۆی چاکی کردەوە".

ئیسماعیل دەڵێت کێشەی نێوانیان بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان کوڕەکەی و باوکی کچەکە بووە و گوتی: "کوڕەکەم تەلەفۆنی بۆ باوکی کچەکە کردووە کە من بە هەڵەی دەزانم، پێیگوتووە کچەکەت چاک بکە و ڕێگە مەدە بەتەنیا بێتە دەرەوە و ئۆتۆمبێل لێبخورێت، بۆیە بووە بە دەمەقاڵێیان و قسەی نەشیاویان بەیەکدی گوتووە، دواتر باوکی کچەکە لەگەڵ پێنج کەسی دیکە بەسەر ماڵی کوڕەکەمیاندا داوە و لەبەرچاوی ژن و منداڵەکەی بە چوار کەس لێیانداوە".

ئیسماعیل دەشڵێت: "کوڕەکەم نەخۆشیی دەروونی هەیە و زۆر تووڕەیە، ئێمەش ناوێرین قسەی لەگەڵ بکەین. هەرچەندە چوونە سەر ماڵی خەڵک سەرپێچییەکی زۆر گەورەیە، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک ڕیشسپی و پیاوماقوڵ هاتنە نێوانمان، لێیان خۆشبووین".

ئیسماعیل قسەکانی ئیدریس ڕەتدەکاتەوە کە هەوڵی ڕفاندنی خۆی و برازاکەیان دابێت و گوتی: "ئەوان لە هەر شوێنێک بمانبینن دەچنە بنکەی پۆلیس، بەناوی هەڕەشە و هەوڵی ڕفاندن تۆمەتبارمان دەکەن و سکاڵامان لەسەر تۆمار دەکەن، دوو کوڕی من لە 2019/4/16 دەستگیرکران، بەڵام یەکێکیان بە کەفالەت ئازادکراوە و ئەوەی دیکەش هێشتا دەستبەسەرە، بۆیە ئێمەش بڕیارمانداوە لێیان خۆش نەبین و دۆسیەکە دووبارە لە سەرەتاوە هەڵدەدەینەوە و سکاڵا لەسەر ئەو شەش کەسەی هەڵیانکوتابووە سەر ماڵی کوڕەکەم تۆمار دەکەین".



# ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی 21 یان 22ی نیسانە؟



حامد محەممەد عەلی

هەموو ساڵێک لە 30 ئاداردا مشتومڕێک لەسەر ڕۆژی لەسێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد سەرهەڵدەدا، لەکاتێکدا کە مێژووەکە زۆر کۆن نییە و هێشتا خەڵکانێکی ئەوسەردەمە لە ژیاندا ماون، بەڵام تائێستاش ساخ نەکراوەتەوە ئایا 30 یان 31ی ئاداری 1947 قازی و هاوڕێکانی لەسێدارە دراون! ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم، سەرهەڵدانی ناکۆکییە لەسەر مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) ی دایک لە قاهیرە.

لە ساڵی 1968 و 1969 وە، کۆچکردووان (د.مارف خەزنەدار و د.کەمال فوئاد) دوای ماندووبوونی باش، ڕۆژنامە ی (کوردستان) یان دۆزییەوە و ڕۆژی 22 ی نیسانیان بە ڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکە دیاری کرد و لە دوای ئەوەوە لە سەرەتای حەفتاکانەوە و پاش لەچاپدانی زۆربەی ژمارەکانی (کوردستان) لەلایەن د.کەمال فوئادەوە لە ساڵی 1972 لە بەغدا، ئیتر 22ی نیسان لای هەمووان کرا بە ڕۆژی ڕۆژنامە گەریی کوردی و ساڵانە لەو ڕۆژەدا بە چالاکی و شێوازی جۆراوجۆرلە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەش یاد دەکرێتەوە.

ماوە ی چەند ساڵێکە گومان لەسەر ڕۆژی دەرچوونی یەکە م ژمارەی (کوردستان) دروستبووە و هە ندێ لە توێژەر و ڕۆشنبیرانی کورد پێیانوایە 22ی نیسان نییە، بەڵکو 21ی نیسانی 1898 ئەو ڕۆژەیە کە یەکەمین ژمارە ی (کوردستان) ی تێدا دەرچووە. یەکێک لەوانە (د.فەرهاد شاکەلی) بوو کە یەکەمجار بەدواداچوونی بۆ ئەو پرسە کرد و لە ڕۆژنامە ی (ئاسۆ) لە ساڵی 2007 بابەتێکی لەوبارەوە بڵاوکردەوە و گوتی 22ی نیسان دروست نییە و 21ی نیسان تەواوە.

دیارە بە بەڵگەوە داکۆکی لە ئەنجامی توێژینەوەکەی خۆی دەکات. ئەوکات یەکەمجار ئەو قسەیە زۆر بەهەند وەرنەگیرا و بگرە لەلایەن هە ندێ کەسیشەوە ئەو بۆچوونە ڕەتکرایەوە و بەرهەڵستیش کرا.

یەکێک لەوانە (کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە) ی توێژەری بواری ڕۆژنامەنووسی بوو کە ئەویش لەوبارەوە ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەی خۆی هەیە و پێیوایە لە گۆڕینی مێژووی کۆچی بۆ زاینی، گرفت دروست دەبێ و چە ند کاژێرێک جیاوازی دروست دە بێ.. (جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لەسەر ڕۆژنامەکە تەنها ساڵنامە ی کۆچی و ڕۆمی نووسراوە).

ئێستا لە سەروبەندی یادی 121 ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامە گەریی کوردیدا، وا جارێکی تر ئەو پرسە سەریهەڵداوەتەوە و ئەمجارە (د.مەغدید سەپان) بە دواداچوونی کردووە و هەمان ئەنجامی توێژینەوەکەی د.فە رهاد شاکەلی بەدەستهێناوە و بەقسەی خۆی ، بە بەڵگە دەیسەلمێنێ کە 21ی نیسان تەواوە نەک 22ی نیسان.

کەوابوو ئێستا لەسەر ئەم پرسەش دوو ڕای جیاوازهەیە و هەرلایەکیش بەڵگە و لێکدانەوەی خۆی هەیە و داکۆکی لێدەکات.. بۆیە من پێشنیاز دەکە م هەردوولا لە هەولێر سیمینارێکی ڕووبەڕوو سازبکە ن و بەڵگە سەلمێنەرەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. دەکرێ ئەو سیمینارە لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە یان وەزارەتی ڕۆشنبیری یان سە ندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە سازبکرێ و خەڵکی پەیوەندیدار بەشداری تێدا بکەن.

هەروەها دەکرێ د.مەغدید لەگەڵ د.فەرهاد شاکەلی و هەر توێژەرێکی تر کە هەمان ئە نجامگیرییان کردووە، پێکەوە بەیاننامەیەکی هاوبەش دەربکەن بۆ ڕای گشتی کوردستان و بینێرن بۆ تێکڕای ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و ئەکادیمییەکان و بەڵگەکانی خۆیان لەسەر ساخکردنەوەی ئەو مێژووە، بە کورتی بڵاوبکەنەوە و داوای ئەو سیمینارە بکەن، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکی و جیاوازییە و سەلماندنی ڕاستییەکەی.



عدد ١
سالا عوْلى
دُوْيَر ١
كردستان
١٣١٥
بسم الله الرحمن الرحيم
( كردستان ) فى جريدەميدە آزى بحثا قيجيا علم ومعرفتا بكم

# گەندەڵی لە لاپەڕەکانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا



دلێر عەبدولخالق

بۆ یەکەمجار، وشەی کوردی لەسەر کاغەزی ڕۆژنامە لە قاهیرەی پایتەختی میسر چاپ دەکرێت، ڕۆژنامەکەش ناوی نیشتمانی کورد هەڵدەگرێت و بە ناوی "کوردستان"ەوە بڵاودەکرێتەوە. یەکەم ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی کوردیش، بەپێچەوانەی وڵاتانی دراوسێ، وەک پرۆژەیەکی ئەهلی و ئازاد دێتە بەرهەم و، خەم و خواستی نەتەوە و کێماسییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی و فەسادی دائیرەکانی بڵاودەکاتەوە.

سەرەتای پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی لە هەموو گەلێکدا مێژووی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو مێژووە بەستراوە بە گەلێک هۆکاری جیاوازەوە، ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیە. بە نیسبەت پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، جگە لە هۆکارەکانی ناوەوەی کۆمەڵ، چەند هۆیەکی دەرەوە ڕۆڵی زۆریان تێدا بینیوە، یەکێک لەو هۆیانە بریتییە لە پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی و پەرەسەندنی دەوری لە ژیانی ڕووناکبیری و سیاسیی گەلانی دراوسێی کورددا.

یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی، ناپلیۆن لە قاهیرە و، یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی تورکی لە ئیستەنبوڵ بابی عالی و، یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی فارسی لە ئێران دەرباری قاجار دەریانکردووە، بەڵام یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی کوردی، کوڕی بنەماڵەیەکی زۆرلێکراو، بەڵام شۆڕشگێڕ و گەورە، بە پارەی خۆی، لە وڵاتێکدا کە هی خۆی نەبووە، دەریکردووە. ژمارەی یەکەمی غەزەتەی "کوردستان" لە 22ی نیسانی 1898دا لە قاهیرە لەلایەن میقداد مەدحەت بەگی کوڕی بەدرخان پاشاوە دەرکراوە کە ئەم بەهۆی نەخۆشییەوە دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێ و عەبدولڕەحمان بەگی برای درێژە بە دەرکردنی دەدا و لەتاو تەنگپێهەڵچنینی پیاوەکانی سوڵتان عەبدولحەمید گواستوویەتییەوە بۆ جنێڤی سویسرا و فۆلکستۆن لە بەریتانیا، تا ساڵی 1902 بە هەمووی 31 ژمارەی لێ دەرچووە.

ئاشکرایە هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، ئەم هاوکێشەیە دەربارەی دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیش ڕاستە.. لە ڕەهەندی سیاسییەوە، ئەوکات کۆمەڵی کوردستان لە قۆناغی دوای شکستی میرنشینە کوردییەکاندا بوو، میرنشینی سۆران (1784-1836)، میرنشینی بادینان (1837)، میرنشینی بەدرخان (1847)، میرنشینی بابان (1851) و ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (1878-1882). دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی میرنشینەکان؛ کوردستان- یش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی و لە شوێنی میر و دەسەڵاتدارانی کورد، پاشا و موتەسەڕیف و قائیمقام و فەرمانبەری عوسمانی دانران و ئەزموونێکی خراپی ئیدارەکردنیان بەڕێوەبرد، هاوکاتیش هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیش بە دۆخێکی خراپدا تێدەپەڕی و نەخوێندەواری و نەزانی وەک پەتایەکی کوشندە بڵاوببووەوە.

سەرچاوە مێژوویییەکان، سەروبەندی بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی؛ بەساتەوەختی سانسۆری بڵاوکراوەکان و ڕۆژنامەکان دادەنێن لە سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانی و قاجاریدا، لەکاردانەوەی تەنگەهەڵچنین بە ڕۆژنامەنووسانیش، ژمارەیەکی بەرچاویان وڵاتەکانیان جێدەهێڵن و بەرەو قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز، لەوانە قاهیرەی پایتەختی میسر و کەلکەتا و بۆمبەی هیندوستان و وڵاتە ئەوروپییەکان کۆچ دەکەن.

بەتایبەت، کاتێک کە "سوڵتان عەبدولحەمید" هاتە سەر تەختی سەڵتەنەت، ئەو ئازادییە سنووردارەی کە ڕۆژنامەکان هەیانبوو، زیاتر کۆت و پێوەند کرا، گرتن و ڕاونان و کوشتن و دزی و بەرتیلخۆری زیادی کرد. لەو سەردەمەدا ناوبەناو هەندێ ڕێنمایی لە بابی عالیەوە دەنێردرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەکان کە بەتەواوی ئازادیی لێ زەوت دەکردن، لەوانە:

*** دەبێ بە باشی تەندروستی سوڵتان و پێشکەوتنی بەرووبومی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی لە مەملەکەتدا باس بکرێ.**

*** نابێ بەبێ ڕەزامەندی وەزیری مەعاریف هیچ بابەتێ بڵاوبکرێتەوە.**

*** نابێ ڕێ بدرێ بە تانەلێدان لە هیچ کەسایەتییەک و نابێ ڕێ بدرێ باسی دزی و بەرتیلخۆری و کوشتن بدرێتە پاڵ هیچ والی و موتەسەڕیفێ.**

*** قەدەغەیە زۆرلێکرانی کەس و کۆمەڵ لە ئەنجامی ڕەفتاری خراپی کاربەدەستانی دەوڵەتدا باس بکرێ.**

*** بۆئەوەی هەلپەرستەکان نەتوانن ئەم ڕێنماییانە بەکاربهێنن، نابێ لە ڕۆژنامەکاندا باس بکرێ و هیچی لەسەر بنووسرێ.**

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە سەرەتا خۆی بە دەستوورپەروەر دادەنا، لەڕاستیدا پیاوێکی غەداری ترسنۆک و فێڵباز بوو، لەگەڵ هاتنە سەرتەخت لە (1876)، کەوتە گیانی هەر شتێک کە بۆنی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی لێ دەهات. فەلسەفەی حوکمڕانی ئەم سوڵتانە دانانی وەزیر و کاربەدەستی گەورەی نیمچە خوێندەوار بوو، خۆی دەیگوت: "دەزانم دەوروبەرم بە دز تەنراوە... بەڵام من وای بە باش دەزانم ئەم پیرە دزانە لەسەر کار بهێڵمەوە، ئەمانە بۆ من دڵسۆزن".

حوکمڕانیی ئەم سوڵتانە کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، وەک تاریکترین سەردەمی ئازادی و کاری ڕۆژنامەنووسی دەناسرێت، کار دەگاتە ئەوەی دەگوترێت هەموو قوژبنێکی شارێکی گەورەی وەک ئیستانبوڵ بە پیاوی خۆی و فەرمانبەری دەوڵەتی دەخاتە ژێر چاودێرییەوە و "برا خەبەری لە برا داوە و پاداشتێکی چەوری وەرگرتووە".. ئەوەی پەیوەندیدارە بە بواری ڕۆژنامەگەریش، هەموو جۆرە بڵاوکردنەوەیەک کە بۆنی ڕەخنە، یان دەرخستنی خراپییەکانی دامودەزگای دەوڵەتی لێهاتووە، تەواو یاساغ و قەدەغە کراوە... ئەم جەور و ستەمە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لە تەواوی (33) ساڵەی دەسەڵاتی عەبدولحەمیدا بەردەوام بووە و تەنانەت دوای هێنانە خوارەوەی لەسەر تەختی خەلافەت لە (1909)، خۆزگەی خواستووە ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات بۆئەوەی "سەرلەبەری ڕۆژنامەنووسان بخاتە تەندوورەوە".

ئاماژەکردن بەم پاشخانە مێژووییە، تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی کورد و نەتەوەکانی تری ژێردەستی عوسمانی نەیانتوانیوە لە خاکی خۆیاندا ڕۆژنامە دەربکەن و ڕوویان لە ئاوارەیی کردووە، هەڵبژاردنی شاری قاهیرە لەلایەن سەرنووسەرەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی، پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە کورد لەو سەردەمەدا پایتەختی نەبووە و، هیچ هێزێکی سیاسی (حیزبی) یان هیچ دەسەڵات و ڕێکخراو و دەزگایەکی لە هیچ لە پایتەختەکاندا و لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا نەبووە، تەنانەت بەپێچەوانەوە ڕێگەشیان لە کورد گرتووە بتوانن چالاکییەکی لەم جۆرە بنوێنن. لەو سەردەمەشدا قاهیرە لاچەپ و دوورەدەست و کەمێک دوور بووە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی عوسمانی، نەک تەنیا ڕووناکبیرانی کورد، بەڵکو ڕووناکبیرانی ئۆپۆزسیۆنی فارس و ئەرمەن و تورکیش ڕوویان تێدەکرد. لەو واقیعە نەخوازراوەدا، میقداد مەدحەت یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەردەکا، هەربۆیە ئەو جگە لەوەی یەکەمین ڕۆژنامەنووسی کوردە کە یەکەمین ڕۆژنامە لە تاراوگە بڵاودەکاتەوە، هاوکات یەکەمین کوردیشە کە چاپخانە دادەمەزرێنێ و، ژمارە (4 و 5)ی ڕۆژنامەکە لە چاپخانەکەی خۆی کە هەر بە ناوی "کوردستان" بووە، چاپ دەکات.

لە 22\4\1898دا میقداد مەدحەت بەدرخان لەسەر ئەرکی خۆی یەکەمین ڕۆژنامە و یەکەمین چاپخانە بەناوی (کوردستان) لە قاهیرە دادەمەزرێنێ. میقداد مەدحەت، دەیویست سوڵتان تەنیا ئازاری کورد نەدات و لێیانگەڕێ بۆ خۆیان بە زمانی کوردی بنووسن. عەبدولڕەحمانی برای، لە ژمارە پێنجەمی هەمان ڕۆژنامەوە ستراتیژ و وتارەکانی خۆی لەهەمبەر سوڵتان توندوتیژتر کرد و داوای ڕیفۆرمی دەکرد.

لەو چوارچێوە مێژووییەوە، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت، ڕوانگەی دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ڕۆژنامەنووسی چەند سەرکوتکەر بووە و دەستبردن بۆ بابەتی خەمساردیی ئیداری و گەندەڵی-یش بەپێی ڕێنماییەکان یاساغ کراوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، بەتایبەت دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان بەدرخان لە ژمارە (6)ەوە دەبێتە سەرنووسەری، زۆر بابەتی کێماسی ئیداری بەرامبەر خەڵکی کورد و چەوساندنەوەی هاووڵاتیان و فەسادی دەرباری سوڵتان و دامەزراوە ئیدارییەکانی بڵاوکردووەتەوە.

(کوردستان) سەرەتا بە زمانێکی نەرم لەگەڵ سوڵتان و دەستوپێوەندەکانی دەدوێ و تکا دەکا و دەپاڕێتەوە، بەڵام کە ئەم زمانە سوودی نابێ، ژمارە لە دوای ژمارە زمانەکەی توندوتیژتر دەبێ و گۆڕینی سوڵتان و چارەسەری زوڵم و فەساد لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەبێتە ئامانجی سەرەکی. بەراوردکردنی تێکست و نووسراوەکانی ژمارەکانی (1 تا 5)ی ڕۆژنامەی کوردستان بە ژمارەکانی (6-31) ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە میقداد مەدحەت (سەرنووسەری یەکەم) زمانێکی نەرم و لیبراڵ و چارەسەرخوازانە و تەنانەت زۆرجار (تکا) و (پاڕانەوە)شی لەهەمبەر سوڵتان عەبدولحەمید بەکارهێناوە، ئەمە لەکاتێکدا کە عەبدولڕەحمان بەدرخان (سەرنووسەری دووەم) زمانێکی توند و شۆڕشگێڕانەی هەبووە و داوای فیدراڵیزمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی وەک کورد کردووە. لەو ژمارانەی میقداد سەرنووسەر بووە؛ خۆی لاداوە لە باسکردنی خراپییەکانی دارودەستە و ئیدارەی سوڵتان و ئەمەش بۆ پاراستنی ڕۆژنامەکە لە فشاری بەردەوامی دارودەستەکەی؛ تەنانەت لە ژمارە (5)ی ڕۆژنامەکەدا نامەیەکی (تاهیر بۆتانی) دانیشتووی شاری ئەدەنە هەیە کە باسی زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کۆڵهەڵگری کورد دەکا چۆن لەدەست باری سەخت و کاری نامرۆڤانەی دەزگاکان دەناڵێنن و داوادەکەن دەربارەی ژیانی کولەمەرگییان بنووسرێ و نیشانی لایەنی پەیوەندیدار بدرێ، لەو کاتەدا ئەگەرچی میقداد زانیویەتی هۆیەکەی بەدکرداریی فەرمانبەران و خراپیی ئیدارەیە، بەڵام ئامۆژگاری سکاڵاکارانی کردووە ڕوو لە سوڵتان بکەن.

ڕۆژنامەی (کوردستان) لە سەرەتاوە بەناوی زانست و هاندانی کورد بۆ خوێندەواری خۆی ناساند، هەتا لە میسریش مایەوە ڕێڕەوە ڕۆشنبیرییەکەی زاڵبوو بەسەر لایەنی سیاسی و لایەنەکانی دیکەیدا، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی عەبدولڕەحمان بەدرخان، ڕێڕەوی ڕۆژنامەکە زیاتر بەرەو سیاسەت چووە و بە ڕاشکاوی زوڵم و زۆری سوڵتانی دەستنیشان کردووە و دژی فەسادی ئیداری دەوڵەتی عوسمانی وتاری بڵاودەکردەوە.

سەردەمی عەبدولڕەحمان سەردەمی ڕەخنەگرتن و دەرخستنی گەندەڵییە و ڕەخنەی کاریگەری لە سوڵتان و دارودەستەکەی گرتووە. "عەبدولڕەحمان دەیزانی هۆی دواکەوتوویی کورد بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە کە ماڵ لە کورد دەستێنن و لە تورکەکانی سەرف دەکەن، ڕۆژنامەکە بەگوێرەی ڕووداوەکان دەیسەلمێنێ کە هۆی نەزانین و دواکەوتوویی کورد دەوڵەتی عوسمانییە؛ چونکە بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتە وادەخوازێ کورد بە نەزانی و دواکەوتوویی بمێنێتەوە".

لە سەروتاری ژمارە 11ی ساڵی 1899ی ڕۆژنامەی کوردستاندا، هاتووە "گەلی کوردان! ئەگەر ئێوە ئیتفاق نەکەن، لە ژێر زوڵمدا وڵات و دین و ناموسی خۆتان ون دەکەن. پێتان بڵێم ئەو کاربەدەستانەی خونکار (مەبەست سوڵتان عەبدولحەمیدە) دەیاننێرێتە کوردستان، چۆن تاعین دەکرێن و لە چ فکرێکدان و چی دەکەن: "خونکار بیست و سێ هەزار زێڕ بە بەرتیل لە وەزیرێک دەستێنێ و دەیکاتە سەدری ئەعزەم، دوای ئەوە سەدری ئەعزەم چەند هەزار زێڕێک بەرتیل دەستێنێ وەزیر دەکاتە نازر، پاشان پاشایەک هەزار زێڕێک بەرتیل دەداتە سەدری ئەعزەم دەبێتە مەسەلەن والی دیاربەکر. ئەو والییە بۆئەوەی ئەو پارەیەی داویەتیە سەدری ئەعزەم دەربهێنێتەوە، دەبێ بەرتیل بخوا. هەرچی بەرتیلی زۆر داوە دەیکا بە موتەسەڕیف، ئینجا موتەسەڕیف بۆئەوەی پارەکەی خۆی دەربهێنێتەوە ئەوەی پارەی زۆری بداتێ دەیکا بە قایمقام، قایمقامیش بۆئەوەی پارەکەی کە داوێتی بە موتەسەڕیف دەربهێنێتەوە، لە کوردی بەستەزمانی دەستێنێ". دواتر نموونە دەهێنێتەوە کە چۆن لە جزیرە قایمقام دەکاتە سەر کابرایەک ڕانەمەڕێکی هەبووە؛ دوای گرتن ئەوەندە دەیهێنن و دەیبەن و بەرتیلی لێ دەستێنن، نابووت دەبێ.

یەکێک لە بایەخەکانی ڕۆژنامە، پرسی ئەرشیفکردن وحسابکردنیەتی وەک سەرچاوەیەکی زیندووی مێژوویی. ئەو وتارانەی ڕۆژنامەی کوردستان و ناوەڕۆکی بەشێک لە بابەتەکانی تر، ئەوڕاستیە دەسەلمێنن کە گەندەڵی بە جومگەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوبووەتەوە و بەرتیلخۆری و گزیکردنی بەرپرسەکان بووەتە دیاردە و قوربانیی ئەو جۆرە خراپ بەکارهێنانەش؛ هاووڵاتی کورد و نەتەوەکانی تری ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوونە.

لە چەند وتارێکی تری ڕۆژنامەی کوردستاندا، سوڵتان عەبدولحەمید بە تاوانباری گەورە و چڵەپۆپەی فەساد ناوی براوە، هاوکات ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە عەرشی سوڵتان بۆگەنە و هەمووی بێ ڕەوشتیە و ئاماژە بە جۆری بەندایەتی ئافرەت دەکات، ڕۆژنامەکە دەڵێ: " لای گرنگ نییە لە کوێ و چۆن ماڵی دەستدەکەوێ و ئامادەیە لە یەک کاتژمێردا هەزار لیرەی ڕەشادی بۆ ڕابواردنێکی بچووک خەرج بکا. هاوکات باسی چەوساندنەوەی جووتیارانی کورد و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە ئیدارییەکانی سوڵتان لە کۆکردنەوەی باجدا دەکات کە بۆ سوودی دامەزراوەکانی دەوڵەت (دادگاکان، سوپا، بەندیخانەکان) ستێندراوە.

ڕۆژنامەی کوردستان، جگە لە گەندەڵیی سیاسی و دارایی دەوڵەتی عوسمانی، باسی گەندەڵیی ئەخلاقی سوڵتان و دەستوپێوەندەکەی دەکات، ئاماژە بە ژیانی کەنیزەک و کچەکانی ناو کۆشکی سوڵتان و دەسەڵاتداران دەکات، هەروەها ژیانی کولەمەرگیی خەڵک و خۆشگوزەرانیی بەرپرسان و چۆن داهاتەکان بۆ چەند کەسێک بەفیڕۆدەچێت و نەخوێندەواری و نەبوونی فێرگە و نەزانی پەرەی سەندووە.

ئەوەی لەبارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) ەوە جێی سەرنجە، وەک دەگوترێت لە مێژووی ڕۆژنامەوانی جیهانیشدا دەگمەنە؛ ڕۆژنامەی نەتەوەیەک، سەرباری ڕاکردنی لە نیشتمان و بڵاوکردنەوەی لە تاراوگە، لەوێش بەردەوام لەژێر گوشاردا بێت و (6) وڵاتی جیاواز بۆ دەرکردنی تەنیا (31) ژمارە بکات. ئەوەتا ژمارە (1-5) لە قاهیرە دەردەچێ و (6-19) لە جنێڤ و (20-23) دەگەڕێتەوە قاهیرە و ژمارە (24) لە لەندەن و ژمارە (25-29) لە فۆلکستۆن و ژمارە (30 و 31) جارێکی تر لە جنێڤ. سەرەڕای ئەو حاڵەش، ئەو ڕۆژنامەیە دەورێکی زۆر گرنگی بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد لەو قۆناغەدا گێڕاوە و هەردوو سەرنووسەر دوو کەسی منەوەری سەردەمی خۆیان بوون، بە زۆر ڕێگا لەگەڵ هاووڵاتی کورد دواون و باسی بایەخی خوێندەواری و زانینیان بۆ خەڵک و میر و ئاغاکانی کورد کردووە و بە پەیامی ئاینی و ئایەت و فەرموودە بەرپرسیارێتی دەستڕۆیشتووەکانی کوردیان ڕوون کردووەتەوە، کە پێویستە عیلم و سنعەت بەرەوپێش ببەن، بەگژ هەژاری و دەردەسەری و بێدەرەتانی و گەندەڵیدا بچنەوە.

کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، دوای دەرچوونی سێ خولی ڕۆژنامەی کوردستان (1898-1902-1917) دەیان و سەدان بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤاری بەدواداهات.. ئەم بزاوتە کوردییە، دوای شۆڕشی (1908)ی تورکیا و دواتر لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانی و سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود و دامەزراندنی کۆماری مهاباد و شۆڕشەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستان و کوردستانی عێراق بەتایبەتی؛ لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بووە و قۆناغی پڕ مەترسیداری شاخ و شاری تێپەڕاندووە ، ئەم زنجیرە تەقەلایانەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی کورد قۆناغەکانی مێژوو و ژیانی نەتەوەکەیان لەڕێی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە پێ نووسیوەتەوە، قۆناغ بە قۆناغ دەستاودەستی کردووە تا گەیشتووەتە ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان و لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لەو ئەزموونە کوردییەدا.



# گوشاری دەروونی دەبێتە هۆی تووشبوون بە شەکرە

**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی جەنجاڵیی ژیانی ئێستاوە، بەشێکی زۆری خەڵکی بەدەست گوشاری دەروونیی درێژخایەنەوە دەناڵێنن، ئەمەش بە نەرێنی کاردەکاتە سەر تەندروستییان، د.ستیفانی واتسۆن، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی لە بەریتانیا کاریگەرییەکانی گوشاری دەروونی بەم جۆرە دەخاتەڕوو:

### کۆئەندامی دەمار:

لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی نەخوازراودا، ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل لە جەستەدا بەرز دەبێتەوە، ئەمەش بە نەرێنی کار دەکاتە سەر کۆئەندامی دەمار کە سەرئێشە و کەمخەوی لێدەکەوێتەوە. گوشاری درێژخایەن مەترسیی لەبیرچوونەوە، خەمۆکی و ڕووکردن لە خووی نادروست زیاد دەکات.

### کۆئەندامی سووڕان:

هۆرمۆنەکانی گوشار دەبنە هۆی زیادبوونی لێدانی دڵ، لوولەکانی خوێن گرژ دەبنەوە، توێژینەوەکان دەریاخستووە ئەو کەسانەی گوشاری دەروونیی درێژخایەنیان لەسەرە، ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی دڵ زۆرە.

### کۆئەندامی هەرس:

لەکاتی گوشاری دەروونیدا، جگەر ڕێژەیەکی زیاتری شەکر دەردەدات، ئەنسۆلین لە پەنکریاس دەردەدرێت و وەڵامدانەوەی خانەکان بۆ ئەنسۆلین کەم دەکات، بۆیە مەترسیی شەکرە زیاد دەکات. هەروەها گوشاری دەروونی هۆکارە بۆ ئازاری گەدە و گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە.

### کۆئەندامی زاوزێ:

لە پیاواندا گوشاری دەروونی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن کە ئەمەش بە نەرێنی کاردەکاتە سەر ژمارە و کوالێتی تۆوەکان. لە خانمانیشدا گوشاری دەروونی هۆکارە بۆ تێکچوون و ناڕێکیی سووڕی مانگانە، ئەمە جگە لەوەی لە هەردوو ڕەگەزدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای سێکس.

### کۆئەندامی بەرگری:

هۆرمۆنەکانی گوشار، سیستەمی بەرگری لاواز دەکەن، بەمەش ئەو کەسانەی بەردەوام گوشاری دەروونییان لەسەرە زیاتر تووشی هەوکردن دەبن، جگە لەوەش پرۆسەی چاکبوونەوەشیان هێواشترە.



# شەش گۆڕانکاری دیاری ماوەی دووگیانی

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژانە لە جیهاندا 350 هەزار منداڵ لەدایکدەبن، لە کاتی دووگیانیدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر جەستەی خانمەکەدا دێت کە هەموو ئەو گۆڕانکارییە کاتین و دوای دووگیانی نامێنن. گۆڕانکارییەکانی ماوەی دووگیانی بریتین لە:

### 1 قەبارەی منداڵدان گەورە دەبێت:

قەبارەی منداڵدان لە خانمێکدا کە دووگیان نەبێت بەقەد هەرمێیەکە، بەڵام لەکاتی دووگیانی بەجۆرێک گەورە دەبێت کە دەگاتە قەبارەی شووتییەک.

### 2 پێیەکان گەورەتر دەبن:

ئاوسانی جەستە لەماوەی دووگیانی ئاساییە، ئەمەش چونکە قەبارەی خوێن و شلەکان زیاد دەکات، واتە جەستە دوو هێندە زیاتر شلەکان بەرهەمدەهێنێ، بۆ ئەوەی پێداویستی جەستەی خۆی و منداڵەکەی پڕبکاتەوە. ئاوسانی جەستە لە پەلەکاندا بەدی دەکرێت.

### 3 گەشەکردنی موو خێرا دەبێت:

بەهۆی گۆڕانی ئاستی هەندێ لە هۆرمۆنەکان، مووەکان خێراتر گەشە دەکەن، تەنانەت لەوانەیە لە هەندێک لە بەشەکانی جەستەدا مووی زیاتر دەربکەوێت کە بە ئاسایی موویان کەمە، لەوانەش ڕوخسار و سک.

### 4 ئارەزووی خواردن:

ئەو خۆراکەی خانمی دووگیان دەیخوات بۆ منداڵەکەی دەگوازرێنەوە، توێژینەوەکان دەریانخستووە دوای لەدایکبوون منداڵەکە ئارەزووی خواردنی ئەو خۆراکانە دەکات کە دایکی لەکاتی دووگیانیدا خواردوونی، واتە ئەو خۆراکانەی دایک حەزیان پێدەکات، منداڵەکەش ئارەزوویان دەکات.

### 5 گریانی منداڵ و شیردان:

لەو کاتەی دایکەکە گوێی لە گریانی منداڵەکەی دەبێت، هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین لە جەستەی دایکەکەدا دەردەدرێت، ئەم هۆرمۆنەش بەرپرسە لە دروستکردن و دەردانی شیر، جگە لەوەش بینین و بیرکردنەوە لە منداڵیش هۆکارە بۆ دەردانی هۆرمۆنەکە.

### 6 گۆڕانی دەنگ:

لە ماوەی دووگیانیدا بەهۆی بەرزیی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن، دەنگەژێیەکان هەڵدەئاوسێن، بەمەش گۆڕانکاری بەسەر دەنگی دایکدا دێت.

# ئەو خۆراکانەی تۆوی پیاو چالاک دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

نەزۆکی گرفتێکی گەورەیە جیهانییە، نزیکەی 35%ی هۆکارەکانی پەیوەستن بە ڕەگەزی نێرەوە، ئەو گرفتانەش کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توانای وەچە خستنەوە لای پیاوان، کەمیی ژمارە و خراپیی جۆری تۆوە. پسپۆڕانی خۆراک لە ئەمریکا ئەم خۆراکانە بەگرنگ دەزانن بۆ چالاکبوونی تۆوی پیاو.



### ئاڤۆکادۆ:

بەهۆی دەوڵەمەندی بە ترشە چەورییە بەسوودەکان و ڤیتامین E و C، ژمارەی تۆوەکان زیاد دەکات و کوالێتییان باشتر دەکات.



### هێلکە:

ڕێژەیەکی زۆری پرۆتین و ڤیتامین Eی تێدایە، جووڵەی تۆوەکان باشتر دەکات، هەروەها تۆوەکان لە زیانەکانی ماددە ژەهراوییەکان دەپارێزێت، بەمەش چانسی پیتاندنی هێلکە دوو هێندە دەبێت.



### نیسک:

بە ڤیتامین B9 دەوڵەمەندە، ناتەواوی تۆوەکان کەمدەکاتەوە، بەمەش مەترسیی شێواوییەکان لە کۆرپەدا کەمتر دەبێتەوە.



### مۆز:

هانی دروستبوونی تۆوەکان دەدات، چونکە مۆز دەوڵەمەندە بە مەگنیسیۆم، ڤیتامین B1 و C، جگە لەوەی پرۆسەی دروستکردنی تۆوەکان خێرادەکات، بەڵکو جووڵەشیان باشتر دەکات.



### چەرەسەکان:

ڕۆژانە خواردنی مشتێک لە چەرەسە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە باشترکردنی توانای بەپیتیی پیاوان، بەتایبەت خواردنی گوێز، چونکە بە ئۆمێگا سێ دەوڵەمەندە و ئەمەش کاریگەریی باشی لەسەر تۆوەکان هەیە.



### هەنار:

بە دژە ئۆکسیێنەکان دەوڵەمەندە، کار دەکاتە سەر کوالێتی تۆوەکان و هەروەها توانای سێکسی زیاد دەکات.



### تەماتە:

سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دژەئۆکسێنەکانە، شێواویی سپێرمەکان کەم دەکاتەوە بەتایبەتی شێواوی لە سەری سپێرمەکە، پزیشکان ڕێنمایی دەدەن تەماتە بە توێکڵەکەیەوە بخورێ، چونکە سوودی زیاترە.



### سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زینک:

ڕۆژانە 11 میلیگرام زینک یارمەتی دروستبوونی سپێرمەکان دەدات، شێواوی تۆوەکان کەمدەکاتەوە و توانای سێکسی پیاوان بەهێز دەکات، ئەو خۆراکانەی بە زینک دەوڵەمەندن بریتین لە گۆشت، بلوبێری، سپێناخ و قارچک.

# کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە سەر ژینگە

**دڵزار ڕەمەزان دۆسکی***

ئینتەرنێت بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەمان، هەریەکەمان بۆ مەبەستێک بەکاریدێنین، بەڵام ڕەنگە بەلاتەوە سەیربێ بەشێک لە گازی دوانۆکسیدی کاربۆن بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە بەرهەم دێ.

زۆربەی خەڵک بەوە ئاشنا نین کە ئینتەرنێت چۆن کاردەکات، ئینتەرنێت تۆڕێکی گەورەی جیهانییە پێکدێت لە کۆمەڵێک ئامێری وەک کۆمپیوتەر، سێرڤەر، ڕاوتەر و سویچ کە هەموویان بەستراونەتەوە بە شوێنێکەوە پێیدەوترێت "داتا سەنتەر". ئەم داتا سەنتەرانە کۆمەڵێکی زۆر سێرڤەر و هارد لە خۆدەگرن بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان. لە جیهاندا ژمارەیەکی زۆر "داتا سەنتەر" هەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر.

ئەم داتا سەنتەرانە دەبێ بە بەردەوامی کاربکەن، بۆ یەک چرکەش نابێ سیستەمەکەیان لەکار بکەوێت، ئەمانە گشت زانیارییەکانی خەڵکیان تێدا هەڵگیراون. ئەگەر فەیسبووک بە نموونە وەربگرین، هەر بەکارهێنەرێکی فەیسبووک گشت زانیارییەکانی لە داتا سەنتەری فەیسبووک هەڵگیراوە، هەر لەووێنە و ڤیدیۆیانەی پۆستیان دەکات، تاوەکو ئەولایکانەی بۆ هاوڕێکانی دەکات. بۆ ئەوەی زانیارییەکان بەردەوام بەردەست بن، پێویستە هەموو کات داتا سەنتەرەکان لەکاردا بن، ئەوەش پێویستی بە وزەی کارەبایە. لە کاتی کارکردنی سێرڤەرەکان، گەرماییەکی زۆر بەرهەم دێت کە دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی سیستەمەکە، بۆیە پێویستە بە بەردەوامی شوێنەکەیان سارد رابگیرێ، ئەمەش وزەیەکی زۆری کارەبای پێویستە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی، ساڵی 2016 بڕی بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن هەموو داتا سەنتەرەکانی جیهانەوە نزیکەی 416 تێرا وات بووە لە ساڵێکدا کە دەکاتە 3%ی گشت وزەی کارەبای جیهان، ئەم بڕە زۆر زیاترە لە بەکارهێنانی کارەبا لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە نزیکەی 300 تێراواتە لە ساڵێکدا. هەروەها پێشبینی دەکرێت ئەگەر خێرایی زیادبوونی زانیارییەکان وەکو ئێستا بێت، ئەوە لە ساڵی 2025 نزیکەی 20%ی کارەبای جیهان لە داتا سەنتەرەکان خەرج دەبێ.

> **هەر گەڕانێک لە گووگڵ 7 گرام گازی $CO_2$ بەرهەمدێنێ**

ئەم داتا سەنتەرانە چۆن کار لە ژینگە دەکەن؟ بەرهەمهێنانی ئەم هەموو وزەیە بۆ ساردکردنەوە و ئیشپێکردنی داتا سەنتەرەکان بە ناڕاستەوخۆ بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگە، چونکە زۆربەی کۆمپانیاکان بۆ کارپێکردنی وێستگەی کارەبا خەڵووز بەکاردێنن، یان مەولیدەی گەورەیان داناوە کە بە گازوایل کار دەکات.

بەپێی ئەو داتایانەی لەلایەن ڕادیکاتی گروپ کە کۆمپانیایەکی ئەمریکییە بۆ توێژینەوە، بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی بەکارهێنەرانی ئیمەیڵ لە ساڵی 2015 نزیکەی 2.5 ملیار بووە، ڕۆژانەش 205 ملیار ئیمەیل ئاڵوگۆڕ کراون. بۆ ناردنی هەر ئیمەیڵێک زیاتر لە سێ گرام $CO_2$ بەرهەم دێت، کەواتە ساڵانە زیاتر لە 22 ملیون تۆن $CO_2$ بڵاودەبێتەوە. کێشەیەکی دیکەی باو ئەوەیە کە ئەو ئیمەیڵە کۆنانەی لەناو ئینبۆکسی خۆماندا هەڵمانگرتوون، پێویستمان پێیان نییە و ڕەشیشیان ناکەینەوە، بەڵام ئەوانە پێویستیان بە وزەیەکی زۆری کارەبا هەیە بۆ هەڵگرتنیان لە داتا سەنتەرەکاندا.

جگە لە ئیمەیڵ، بەکارهێنانی گووگڵیش بڕێکی زۆر گازی دوانۆکسیدی کاربۆن بە زەویدا بڵاودەکاتەوە. هەر گەڕانێک لە گووگڵ نزیکەی 7 گرام $CO_2$ بەرهەم دێنێت. بە تێکڕا گشت داتا سەنتەرەکان هۆکاری بەرهەمهێنانی نزیکەی 2%ی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنن، ئەمەش یەکسانە بەهەمان ئەو ڕێژەیەی ئەو گازە کە بەهۆی گەشتی فڕۆکەکانەوە بەرهەمدێ.

بۆ پاراستنی ژینگە و جیهانی نەوەی ئایندەمان پێویستە شێواز و کاتی خۆمان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت ڕێکبخەین و بە چەند کلیکێک بەشدار بین لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە چەندین نەخۆشی.

*** شارەزا لە تەکنەلۆژیای زانیاری**



کەمپی ئەلهۆل دەبێتە (بووکا)یەکی نوێ

# 10 هەزار گیراوی بیانیی داعش لـــە کەمپی ئەلهۆلن

رووداو- هەولێر

شـەڕی دژی داعش پێنج ساڵی خایاند، بەڵام ئیدارەکردنی لێکەوتەکانی ئەو شەڕە هەم کاتێکی زۆر زیاتری دەوێ و هەم پڕۆسەیەکی ئاڵۆزتریشە. یەکێک لە مەترسیدارترین لێکەوتەکانی شەڕەکەش ئەو هەزاران چەکدارە بیانی و لۆکاڵییەن کە ئێستا لە گرتووخانەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سووریادان، ئەگەر چارەسـەرێکی گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە دەبنە سـەرچاوەی هەڕەشـەی ئەمنیـی گەورە لەسـەر هەموو ناوچەکە و جیهانیش. راپۆرتێکی مەیدانیـی گۆڤـاری (نیویۆرکـەر)ی ئەمریکـی قەبارەی مەترسییەکە دەردەخات.

لـە مـاوەی ئۆپەراسـیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باغـۆزدا، ژمارەی چەکدار، خێـزان و منداڵەکانی داعش لەو ناوچەیە تەنانەت دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و رۆژئاواشـی شـۆک کـرد. هەندێک لە سـەرچاوەکان باس لە خۆڕادەسـتکردنەوەی 63 هـەزار کـەس دەکـەن کـە زۆربەیان لـە کەمپی ئەلهۆل لە پارێزگای حەسەکە جێگیرکراون. پێش ئۆپەراسـیۆنی باغۆز کەمپەکە 10 هەزار ئاوارەی تێدابوو.

بەگوێـرەی راپۆرتەکـەی (نیویۆرکەر)، تەنیا لـە یەک مانگـی کۆتایی شـەڕی داعشـدا زیاتر لـە 5000 چەکـداری داعـش خۆیان رادەسـتی هێزەکانی سـووریای دیموکرات (هەسەدە) کرد، هەزارانی دیکەش لە قۆناغەکانی پێشتری شەڕی داعشـدا دەسـتگیرکرابوون، لە کاتێکدا هەسەدە سەرچاوەی دارایی، ستاف و ژێرخانی پێویست بۆ راگرتنیانی لەبەردەسـت نییە، بۆیەش گیراوەکان لـە کۆمەڵێـک باڵەخانـە دانراون کە پێشـتر بۆ مەبەسـتی دیکـە بەکاردەهێنـران، دیپلۆمـات و بەرپرسانی سـەربازیی ئەمریکیش پێیانوایە ئەو گرتووخانانە لەڕووی سیاسـییەوە مەترسیدارن و لەڕووی دروستکردنیشەوە لەرزۆکن.

گرتووخانەی دەشیشە لە باشووری رۆژهەڵاتی پارێزگای حەسەکە پێشتر ئەمباری نەوت بووە و ئێسـتا 1500 چەکداری داعشی تێدایە. چاودێری گرتووخانەکە بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کـە خەڵکی چوار کیشـوەر لـەو گرتووخانەیەدا هەن، لەوانەش خەڵکی لیبیا، مەغریب، فەرەنسا،

> هەتا ئێستاش بە بارهەڵگر خەڵک بۆ کەمپی ئەلهۆل دەگوازرێنەوە

> 217 کەس لە کەمپی ئەلهۆل مردوون

ئەمریکا، تورکیا، سعودیە، عێراق و رووسیا.

زانینـی ناوی راسـتەقینە و وڵاتی ژمارەیەکی زۆری چەکـدارەکان کێشـەیەکی گـەورەیـە، لەبـەر ئـەوەی زۆریان نـاوی خـوازراوی خۆیان بەکاردەهێنـن، ژمارەیەکی کەمیان پاسـپۆرت و بەڵگەنامەیان پێیە، هەندێکیشیان نایانەوێ ناوی راستەقینەی خۆیان بدرکێنن. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەوبارەوە دەڵێ: "هیچ شتێک نییە لە جیهاندا (لەڕووی مەترسییەوە شان لە شـانی ئەو دۆخە مرۆیـی و ئەمنییە بێوێنەیە بدات کـە لەڕووی یاسـاییەوە ئاڵـۆزە و لەڕووی سیاسییەوە مایەی نیگەرانییە".

گۆڤـاری (نیویۆرکەر) لەگەڵ سـێ چەکداری بیانی داعش و ئافرەتانی داعش قسەی کردووە کە یەکەم چەکداری بیانییان خەڵکی شاری شیگاکۆی ئەمریکایە، دووەمیان کەسێکی مەغریبییە کە لە داعشـدا ئەمیری ئەخلاق بـووە و بە چاوی خۆی سـووتاندنی چل ئافرەتی ئێزدی بینیوە، سێیەم چەکداریشـیان فاروق یاسری خەڵکی تورکیایە کە لە هێرشـی ئاسـمانیی هاوپەیمانادا یەکێک لە قاچەکانی پەڕیوە و ئێسـتا قاچی دەستکردی هەیـە. بـە گوتەی خۆی لە بنکەیەکی پۆلیسـی داعـش چێشـتلێنەر بـووە، بـەڵام چاودێـری گرتووخانەکە بە درۆی دەخاتەوە و دەڵێ یاسر لە یەکەم ئەو کەسـانەدا بووە کە ئەندامی بۆ داعش کۆکردووەتەوە و چەکدارەکانی ئەو ڕێکخراوەی لە تورکیاوە ئاودیوی سووریا کردووە.

ئەمریکییەکەیان ناوی لیریم سـولەیمانییە کە کەسـێکی رەقەڵـە و قژرووتاوەیـە و بە گوتەی خـۆی تەمەنی 43 سـاڵە، گومانـدەکات خێزان و سـێ منداڵەکەی لە کەمپی ئەلهـۆل بن، بەڵام دڵنیاش نییە. لیریم کە بە رەچەڵەک کۆسۆڤۆییە، سـەبارەت بە هۆکاری هاتنی بۆ ناو داعش دەڵێ "دەمویسـت هیجـرە بکـەم و لەژێر دەسـەڵاتی شەریعەدا بژیم".

بەگوێـرەی لێکۆڵینەوەیەکـی زانکـۆی جۆرج واشنتنی ئەمریکی، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا نزیـک 300 هاووڵاتـی ئەمریکـی هەوڵیانـداوە بچنە ریزەکانی داعشـەوە، دەیان کەسیان پێیان زانـراوە و رێگرییـان لێکـراوە و زیاتـر لە سـەد کەسـیان توانیویانە خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی ژێـر دەسـەڵاتی داعش. بەرپرسـانی ئەمریکیش بە (نیویۆرکەر)یـان راگەیاندووە کە زیاتر لە 20 ئەمریکی لەناو ئاوارەکانی شەڕی باغۆزدا هەبوون.

داعشـە ئەمریکییەکە بۆ مەشـقی سـەربازی رەوانەی عێراق کرابوو بەڵام وەک خۆی دەڵێ "لە ماوەی مەشقەکان نزیکەی بیست گوللەم تەقاند، جارێکیـش لـە نـاو خانووبەرەیـەک گوللەیەکم لەدەسـت دەرچـوو و بەر بنمیچەکە کەوت. ئەمە هەموو شـەڕی من بووە". بەڵام نایشـارێتەوە کە "لـەو کاتـەی هاتوومەتـە دارولئیسـلامییە هەتا جێهێشـتنی باغۆزیش بەردەوام چەکـم پێبوو". فەرماندەیەکیش ئەمریکیش لە سووریا ئاماژە بۆ ئـەوە دەکات زۆر لەو چەکدارانە لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی درۆ دەکەن.

ئەبووبەکـر بەغدادی، سـەرکردەی تەمەن 48 ساڵی داعش، لە کاتی راگەیاندنی خەلافەتەکەیەوە تەنیـا چەند تۆمارێکی دەنگـی بڵاوکردووەتەوە، چەکدارە ئەمریکییەکەش دەڵێ "پێویسـت ناکات ئەمە بنووسـیت، بـەڵام ئەگەر راسـتیت دەوێ، لای من دوو ساڵیشـە ئەو مردووە، من هیچم لێ نەبیستووە. ئەوە مایەی بێئومێدییە، ئەوە خیانەتە لەو کەسانەی کە داوایان لێکرا هیجرە بکەن".

لیریم ئێسـتاش حەز دەکات لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتێکـی دیکـەدا بـژی، چونکـە لای ئـەو "هەمـوو شـتێک پەیوەندی بە ئاییـنەوە هەیە". بەو حاڵەشـەوە ئامادە نەبووە لە ژێر دەسـەڵاتی خەلافەتـدا بمـرێ، چونکـە پێـی خۆشـە بژی. چەکدارەکە لەوبارەوە دەڵێ "خۆ من نەهاتمە ئێرە بۆ مردن، بەڵکو هاتم بۆ ئەوەی لە ژێر شەریعەدا بژیم". جەختیش دەکاتەوە لەوەی هەتا ئێستاش خەڵکانێکی زۆر ماون کە بڕوایان بە دروستکردنی خەلافەتێکی نوێ هەیە.

ئەلهۆل

ئامـادەکاری راپۆرتەکـە زیاتـر لە 40 سـاڵە رووماڵـی رووداوە جیاجیاکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاست دەکات و پێیوایە کەمپی ئەلهۆل یەکێک لە کاولترین ئەو شوێنانەیە کە لەو چوار دەیەیەدا بینیویەتی. زبڵ و بۆگەن کەمپەکەیان هەڵگرتووە و هەرچەند نەتەوە یەکگرتـووەکان رایگەیاندووە کەمپەکـە زیاتر لە توانای خۆی خەڵکی تێکراوە، بـەڵام هەتا ئێسـتاش بـە بارهەڵگـر خەڵک بۆ کەمپەکە دەگوازرێنەوە. قەبارەی کەمپەکە تەنیا چوار کیلۆمەتر چوارگۆشـەیە و 73 هەزار کەسی تێدا دەژی و بەسەر دوو گروپدا دابەشکراون.

بەگوێرەی راپۆرتێکی نەتـەوە یەکگرتووەکان (UN) هەتـا کۆتایی مانگـی ئادار 217 کەس لە کەمپەکەدا مردوون، لەو ژمارەیە 31 کەسـیان لە دوایین هەفتەی ئەو مانگەدا بوون.

راهیلە عوسمان، ئافرەتێکی ئویغوری چینی بە دوو منداڵـەوە، هاوار دەکات "ئەوە سـێ شـەوی رەبەقە لەو سەرمایەدا بێ بەتانی و بێ چادرین". هاوژینـی راهیلـە سـاڵی رابردوو لە هێرشـێکی ئاسـمانیی هاوپەیمانـان لـە هەجین کـوژراوە، خۆیشـی هەتا ئێستا بڕوای بە خەلافەتە و دەڵێ "دەمەوێ نیقابەکەم بە دەموچاومەوە بێ".

نەتـەوە یەکگرتـووەکان هۆشـداری دەدات ژمارەیەکـی زۆر ئافرەتـی مێرمنـداڵ لـە کەمپە هـەن کە دایکن یان دووگیانن. ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتەکانیش مێردەکانیان چەکداری داعش بووە و کوژراوە، بۆیە رەنگە ئێسـتا و لە داهاتووشـدا ئەرکـی بەڕێوەبردنی خێزانیان بکەوێتە ئەسـتۆ، لـە کاتێکدا ئاسـان نییە پەیوەندیـی نێوان ئەو ئافرەتانە و کۆمەڵگا ئاسایی بکرێتەوە.

بەگوێـرەی راپۆرتەکەی UN، لـە ناو کەمپی هۆلـدا ژمارەیەکی زۆر ئافرەتیش هەن کە گومان دەکرێ چەکـداری داعش بووبن. مەریەم ناسـر، ئافرەتێکـی 23 سـاڵانی خەڵکی ماڵدیـڤ، دان بەوەدا دەنێ کە مەشـقی سەربازی وەرگرتووە و بـە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا "هەموو پیاوێک و هەموو ژنێک چەکی پێبوو". هاوژینی یەکەمی مەریەم کوژراوە و هاوژینی دووەمی دەستگیرکراوە.

هەموو ئەو خەڵکەی کە گۆڤارە ئەمریکییەکە قسـەی لەگەڵ کـردوون جەخت لـەوە دەکەنەوە سەختی ژیانی کەمپەکان کاریگەری لە بڕواکانیان نەکردووە، یەکێک لەوانە سـەلیمە ئەسیلیابەیە، کە ئافرەتێکی تەمەن 22 ساڵی خەڵکی چیچانە و چـوار سـاڵ لەمەوبەر پەیوەندی بە داعشـەوە کـردووە. سـەلیمە لەترسـی بۆردومانەکانـی هاوپەیمانـان رایکردووە، بەو حاڵەشـەوە دەڵێ: "خەلافەت لە دڵمان دایە".

رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان بەدەسـت کەمـی هاوکارییـەکان لـە کەمپەکـە دەناڵێنن، هاوکاتیـش بەرپرسـانی ئەمریکـی کە قسـەیان بـۆ (نیویۆرکـەر) کـردووە هۆشـداری دەدەن ئەگـەر پلانێکی درێژخایـەن بۆ کەمپی ئەلهۆل و گرتووخانەکانی هەسەدە دانەنرێ، ئەوە کەمپەکە و گرتووخانەکانیـش وەکو بەندیخانەکانی عێراق، دەبنە بنکەی بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای داعش.

پێش دروستبوونی داعش، ئەبووبەکر بەغدادی و چەنـد سـەرکردەیەکی دیکـەی توندڕەو، لە گرتووخانەیەکی ئەمریکییەکان بوون لە عێراق کە بە گرتووخانەی بوکا ناسرابوو.

نەتەوە یەکگرتـووەکان لـە راپۆرتێکی رۆژی دووی نیسـانی خۆیـدا ئاشـکرای دەکات 65٪ی دانیشتووانی کەمپی ئەلهۆل منداڵی تەمەن خوار 18 ساڵن و 27٪ی دانیشتووانیش ئافرەتن. هەتا سەرەتای مانگی نیسـانیش هەفتانە 500 کەس روویـان لە کەمپەکە کـردووە. بەپێی راپۆرتەکە 45٪ی دانیشتووانی کەمپەکە خەڵکی سووریان، 42٪یان خەڵکـی عێراقن و 15٪کەی دیکەی کە دەکاتـە 10 هەزار کەس، خەڵکی وڵاتانی دیکەن و ژمارەیەکی زۆریان خێزانی چەکدارانی داعشن.

پرۆگرامەکەی مەزڵووم

ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی هەسـەدە هیچ دانپێدانانێکی نێوخـۆیی و نێودەوڵەتی نییە، بەو حاڵەشـەوە وەک مەزڵـوم کۆبانـێ، فەرماندەی گشـتیی هێزەکانی هەسـەدە، بۆ (نیویۆرکەر)ی باسـدەکات هەسـەدە 90٪ی خەرجی و سـتافی پاسەوانی و پاراستنی گرتووخانەکان و دابینکردنی پێداویسـتییەکانی گرتووخانەکەی لە ئەستۆیە. فەرماندە کوردەکە ئاشـکرای دەکات کە "ئێمە لە خەرجیی مووچەی شەڕڤانانی خۆمان دەگرینەوە بۆ ئەوەی خەرجییەکانی دیکە دابینبکەین". ئاماژە بۆ ئـەوەش دەکات کـە بۆ مامەڵەکـردن لەگەڵ هـەزاران ئەندام و لایەنگـری داعش پرۆگرامێکی چاکسازیی کاتییان دەستپێکردووە.

محەممـەد ئەلزیـب، سـەرۆکی یەکێـک لـە گەورەتریـن هۆزەکانـی رەققـە بەنـاوی هـۆزی ئەفازڵـە، پرۆگرامە چاکسـازییەکە لە ناوچەکەی خۆیـان لە ئەلکەرامە بەڕێوەدەبـات و بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ "ئەم ناوچەیە کشـتوکاڵییە، خێڵەکییە و زۆر پابەندی نەریتن، ئەگەر راشـکاو بـم لەگەڵـت، ئـەوە زۆربەی خەڵکـی ئێمە (لە ئەلکەرامە) لەگەڵ داعشـن". نزیک 400 کەس لە خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ داعش بوون.

خێڵەکیبوونـی ئـەو ناوچەیـە دەیتوانـی بەربەسـتی گـەورەش بـۆ ئۆپەراسـیۆنەکانی رزگارکردنـی ناوچـەکان لەدەسـت داعـش دروسـتبکات، بەتایبەتیـش لەبەر ئـەوەی هێزە کوردییەکان بڕبڕەی پشتی هێزەکانی هەسەدەن. سەرۆکهۆزەکانی ناوچەکە دەبوایە دڵنیا بکرێنەوە کـە دوای ئازادکردنی ناوچەکە گورز لە خۆیان و ئەندامانی هۆزەکەیان ناوەشێنرێ.

مەزڵـووم کۆبانـێ پێـش دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنەکان بەڵێنی دابوو هەموو چەکدارە سـوورییەکانی داعش بگەڕێنێتەوە ناو کۆمەڵگا، بەو مەرجەی کەسەکە تاوانێکی گەورەی نەکردبێ. ئـەو لەبـارەی هەوڵەکانی خۆیـەوە دەڵێ "پێش هەموو ئۆپەراسیۆنێکی رزگارکردن لەگەڵ هەموو هـۆزەکان کۆدەبوومەوە، داوام لێدەکردن خەڵکی خۆیان لە داعش دەربهێنن". جیا لەمە ژمارەیەکی زۆر چەکداریشـیان لە هـۆزەکان وەردەگرت و لە ئۆپەراسـیۆنەکاندا بەشـدارییان پێدەکـردن، بە جۆرێک 3000 شەڕڤانیان خەڵکی رەققەن.

ئەلکەرامە لە سـاڵی 2017 رزگارکـراوە، لەو کاتەشـەوە 100 چەکـداری پێشـووی داعش بە پڕۆسەی چاکسازیدا رۆیشتوون، 100 کەسیشیان لە ریزەکانی داعشدا کوژراون. بە گوتەی محەممەد ئەلزیـب زۆرینـەی کـوژراوەکان خۆکـوژ بوون. پرۆگرامەکە ماوەی یەک سـاڵ بۆ سـاڵ و نیوێک دەخایەنێ و تێیدا کەسەکان لەبارەی ئیسلامەوە پەروەردە دەکرێنەوە، چارەسـەری تەندروستی و دەروونییان بۆ دەکرێ و تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵایەتی دەکرێنەوە.

حەمـود ئەحمـەد خەلف، تەمەن 36 سـاڵ، لـە مانگی ئەیلولـی رابردووەوە لـە پرۆگرامەکە دەرچووە، لە سـەرەتاکانی شۆڕشـی سووریا لە درعـا خەریکـی خزمەتی سـەربازی بـوو، بەڵام کاتێـک رژێمی سـووریا فەرمانـی تەقەکردن لە خەڵکی دەرکرد، حەمود گەڕایەوە ئەلکەرامە و لە قائیمەقامییەتی ناوچەکە دەستبەکار بوو. داعش لـە 2014 ئەلکەرامەی گـرت و داوای بەیعەتیان لـە حەمود و خەڵکی ناوچەکەی کردبوو، ئەویش بەیعەتی دا و لە پۆلیسـی داعـش دامەزرا، بەڵام وەک خـۆی دەڵـێ ئەرکەکەی تەنیـا وەرگرتنی گازنـدەی خەڵک بـووە. حەمود دەڵـێ "هەموو دەسەڵاتەکە لای چەکدارە بیانییەکان بوو".

ئەیمـەن حوسـێن عیسـا، تەمەن 25 سـاڵ، دەرچوویەکـی دیکـەی پرۆگرامەکەیـە کە خۆی بـە گرتووخانە ناوی دەبات. ئەو ماوەی سـاڵ و نیوێک بە چاکسـازیدا رۆیشتووە و پەشیمانی لە چوونـە نـاو داعش دەربڕیوە، ئێسـتاش پێیوایە "ئێمە باجەکەمـان دا، ئێمە لە گرتووخانەبووین، بۆ ئەوەی گەرەنتی بدەین هەرچیش ببێت جارێکی دیکە نەگەڕێینەوە ناو داعش".

ئەیمـەن و حەمـود دوای دەرچوونیـان لـە پرۆگرامەکـە بێکارن. ئەیمەنیـش دەڵێ "هەموو ئەوانـەی ئازادکراون هەتا ئێستاشـی لەگەڵ بێ چاوەڕێـی هەلـی کارن، یانیـش چاوەڕێـی هەر هەلێکن بۆیان هەڵکەوێ".

بـەڵام پرۆگرامەکەی مەزڵووم لەسـەر هەموو کەسەکان کاریگەر نەبووە. بەگوێرەی راپۆرتەکە هەسـەدە هەزار کۆنەچەکدار و ئەندامی داعشـی ئازادکـردووە، بەڵام دەیان لەو کەسـانە جارێکی دیکـە بایانداوەتـەوە و گەڕاونەتـەوە ناو داعش. محەممـەد ئەلزیب دەڵێ "جـارێ تەنیا هەنگاوی یەکەممـان ناوە، یەکەم هەنگاویش دەبێ هەزاران هەنگاوی دیکەی بەدوادا بێ بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بێنەوە سەرڕێ". سالار مەلا، یاریدەدەری مەزڵووم کۆبانێ، گەشـبینترە و دەڵێ "ئێمە دوو شەڕمان لەسەرە، یەکێکیان سەربازییە و ئەوەی دیکەیان دەروونییـە. ئێسـتا خەریکە لە یەکێـک لەو دوو شەڕەدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنین".

چەکدارە بیانییەکان

داعـش زیاتر لـە 40 هەزار چەکـداری بیانی هەبـووە، کە خەڵکی زیاتر لە 80 وڵاتی جیهانن. ئێسـتا هەزاران لەو چەکدارانە لە گرتووخانەکانی هەسەدەدان. چارەنووسی ئەو چەکدارانە یەکێک لە تەحەدا گەورەکانی بەردەم هەسەدە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، لەبەری ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان ئامادەن ئەو چەکدارانە وەربگرنەوە.

بەرپرسـێکی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا بـە (نیویۆرکـەر)ی راگەیانـدووە: "ئەمریـکا بـەردەوام دەبێ لە وەرگرتنـەوە و دادگاییکردنی هاووڵاتیانـی خۆی". کازاخسـتان، ماسـیدۆنیا و مەغریب ئامادەییان بۆ وەرگرتنەوەی هەندێک لە هاووڵاتییەکانیان دەربڕیوە، هەسەدەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی عێراق بەڵێنی داوە 31 هەزار هاووڵاتییەکەی خۆی وەربگرێتەوە.

بەڵام وڵاتانی ئەوروپی کە لە شـەڕی داعشـدا هاوپەیمانـی ئەمریـکا بوون، بە سـاردی مامەڵە لەگـەڵ ئـەو کێشـەیەدا دەکـەن. حکومەتـی ئەڵمانیـا رایگەیاندووە بە مەرجێک چەکدارەکانی وەردەگرێتـەوە کـە دڵنیا بێ گومانلێکـراوەکان رووبەڕوو دادگا دەبنەوە، بۆ ئەوەش دەبێ بەڵگەی تەواویان لەبەر دەسـت بێ. بەریتانیا هەندێک لە چەکـداران و ئافرەتانـی چەکدارانی داعشـی لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەشـکردووە، فەرەنسـاش ناتوانـێ بـە زۆرەملێ ئافـرەت و منداڵانی داعش بگەڕێنێتەوە، چونکە ئافرەتەکان دەتوانن سکاڵا لەسـەر حکومـەت تۆمار بکـەن و بـە "رفاندن" تۆمەتباری بکەن.

لـە کاتێـکدا وڵاتـان لەسـەر وەرگرتنـەوە و وەرنەگرتنەوەی چەکدارەکانی داعش مشتومڕیانە، مەزڵووم کۆبانێ لە نزیک سنوورەکانی سووریا و عێـراق نیگەرانی ئاکامە نەخوازراوەکانی شـەڕی داعشە، یەکێک لەوانەش بیروباوەڕی ئەو خەڵکەیە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی داعـش رایانکردووەتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە.

فەرماندە کوردەکە لەو بـارەوە دەڵێ "هەموو ئەو خەڵکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ بڕوایان بە ئایدیۆلۆژیای داعشە. ئێمە هیچ چارمان نییە جگە لەوەی ئەو کێشەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بکەیـن کە ئەوانـی لێوە هاتوون، ئەگـەر نا ئەم دۆخەی ئێسـتا بـۆ هەموو داهاتـووی هەموومان مەترسیدارە".

> چەکدارێکی بیانیی داعش:
> ئەبووبەکر بەغدادی خیانەتی لێکردین

> بۆ دابینکردنی خەرجیی گرتووخانەکە لە مووچەی شەڕڤانان دەگرینەوە
> فەرماندەیەکی هەسەدە


داعش زیاتر لە 40 هەزار چەکداری بیانی هەبوو، کە خەڵکی زیاتر لە 80 وڵات بوون
(فۆتۆ: AFP)

حووسییەکانیان لەبیر کردووە

# داعش و قاعیدە لە یەمەن بەربوونەتە گیانی یەکدی

رووداو- هەولێر

چەکـداران و هۆزەکانـی لایەنگـری ئەلقاعیـدە و داعش لە یەمەن لە شـەڕێکی سـەختدان لەدژی یەکدی، ململانێی ئەو دوو رێکخراوە بۆ راکێشـانی ئەندام و قۆسـتنەوەی بۆشـایی ئەمنـی لە یەمەن توندتر بووە. ململانێی خێڵەکی و ناسـەقامگیریی ئەمنی و سیاسـیی یەمەن ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکـەن. لـە کاتێکـدا ململانێـی ئـەو دوو گروپە تەکفیرییە درزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی یەمەن قووڵتر دەکەنەوە.

ململانێکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگای بەیزائـن کە لە پێنج سـاڵی رابـردوودا بنکەیەکی سەرەکیی چالاکیی باڵی قاعیدە لە نیمچەدوورگەی عەرەبـی بـووە. ناوەنـدی پارێزگاکـە تەنیا 210 کیلۆمەتر لە باشووری سەنعای پایتەختی یەمەنەوە دوورە. سـەنعا لـە کۆتاییەکانـی 2014 وە لەژێـر دەسەڵاتی حووسییەکاندایە.

بەگوێـرەی راپۆرتێکـی (واشـنتن پۆسـت)ی ئەمریکی، لە چەند هەفتەی رابردوودا شەڕی نێوان هەردوو رێکخراوەکە قورستر بووە. داعش خۆکوژی سـۆماڵی رەوانـەی بنکەکانـی قاعیدە کـردووە و 10 چەکـدار و فەرماندەی قاعیـدە لە ئاکامی ئەو هێرشـانەدا کوژراون و بریندار بوون. قاعیدەش لە وەڵامی ئەو هێرشانەدا کۆمەڵێک هێرشی کردووەتە سـەر بنکەکانی داعش، لەو چوارچێوەیەدا هۆزێکی لایەنگـری قاعیدە 20 هـەزار دۆلاری بۆ گرتن یان کوشتنی سەرکردەیەکی داعش لە ناوچەکە داناوە.

لـە پێنج سـاڵی رابردوودا فۆکەسـی هەڵمەتی نێودەوڵەتـی و ناوچەیی لـە دژی داعش لە عێراق و سووریا بووە، ئەوەش دەرفەتی ئەوەی بە داعش داوە لە یەمەن، باکووری ئەفریقا و ئەفغانستان پەرە بە رێکخستنەکانی خۆی بدات، قەیرانی پێنج ساڵەی یەمـەن و ململانێی تایفی و خێڵەکیی یەمەنیش دۆخێکی لەباری بۆ تەشەنەسەندنی داعش و گروپە جیهادییەکانی دیکە رەخساندووە.

شـارەزایان، سـەرۆک هۆزەکانی یەمـەن و بەرپرسـانی ئەمریکیش پێیانوایـە ململانێی نێوان ئەو دوو گروپە دابەشـبوونێکی نوێ لە کۆمەڵگای یەمەنیدا دەهێنێتە ئاراوە، ئەمەش رەهەندێکی نوێ لە قەیران و شەڕی نێوخۆیی یەمەندا دروستدەکات.

فازڵ ئەبو سـورەیمە، جێگری پارێزگاری بەیزا، لەوبارەوە بە (واشنتن پۆست)ی راگەیاند "هەرکام لەو دوو گروپە هەوڵدەدات شکست بەوەی دیکەیان بهێنێ، بۆ ئەوەی هێزی خۆی پیشانی لایەنی دیکە بدات و بڵێت من لایەنی بەهێزم لە یەمەن".

قاعیدە مێژوویەکی زیاتر لە بیست ساڵەی لە یەمـەن هەیە، یەکەم هەڵمەتی گەورەی حکومەت لەدژی ئەو رێکخراوە لە ساڵی 2001 دەستپێکرد و لە ساڵی 2010 گەیشتە لوتکە، بەڵام داعشی یەمەن مێژووەکـەی بۆ کۆتایی 2014 دەگەڕێتەوە، کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی ویلایەتی یەمەنیان راگەیاند. بەگوێـرەی هەندێک لە مەزندەکان قاعیدە لە نێوان 6 بـۆ 7 هەزار چەکداری لە یەمەن هەیە و ژمارەی چەکدارانی داعش چەند سەت کەسێکە.

بـەو پێیـەی حووسـییەکان بـە بەربەسـتی سـەرەکیی بەردەم چارەسـەری قەیرانی یەمەن لە قەڵـەم دەدرێـن، هەوڵە نێودەوڵەتییـەکان لەدژی قاعیـدە و داعش لە یەمـەن کاڵ بوونەتـەوە، بە جۆرێک بە درێژایی 2019 هێزەکانی ئەمریکا تەنیا حەوت هێرشی ئاسمانییان لەدژی قاعیدەی یەمەن و یـەک هێرشـیان لەدژی داعش کـردووە. زۆربەی هێرشەکانیش لە پارێزگای بەیزا بوون.

ئێرڵ بـراون، گوتەبێـژی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا، لەوبـارەوە بـە رۆژنامـە ئەمریکییەکەی راگەیانـد هـەم قاعیـدە و هـەم داعشی یەمـەن کەمیی ژمارەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکایان قۆسـتووەتەوە، بـۆ ئـەوەی پیلانی هێرشـی نوێ لەدژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دابنێن.

هەتـا کەمتر لـە یەک سـاڵ لەمەوبـەر داعش و قاعیـدەی نیمچەدوورگـەی عەرەبـی هیچـکات میلـی تفەنگیان لە یەکدی نەهێنابـووەوە، چونکە فۆکەسیان لەسەر چەکدارە شیعەکانی حووسییەکان بوو، بەڵام ئەو دۆخە لە مانگی حوزەیرانی 2018ەوە گۆڕا. سـەرۆکهۆزەکان و شارەزایان هۆکاری جیاواز بۆ تێکچوونی نێوانی دوو گروپە دەخەنەڕوو.

ئەبـو سـورەیمە لەوبارەوە گوتی "لـە بنەڕەتدا کێشـەکە لەسـەر موڵـک بـوو و بەرژەوەنـدی و شوێنی بنکەکان بوو". بەڵام ژمارەیەک سەرکردەی هۆزەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کێشـەکە لەسـەر قەبـارەی ئـەو هاوکارییانە بووە کـە هاوپەیمانان پێشـکەش بە قاعیدە و داعشی دەکەن، بە گوتەی ئەو سـەرۆکهۆزانە کێشـەکە کاتێک قـووڵ بووەوە کـە هاوپەیمانێتـی عەرەبی هاوکارییەکـی زیاتری پێشکەش بە هۆزەکانی نزیک لە قاعیدە کرد.

سـەرۆکهۆزێکی ناوچـەی قەیفا لـە پارێزگای بەیـزا، بـە مەرجـی ئاشـکرانەکردنی ناوەکـەی، بـە (پۆسـت)ی راگەیانـدووە "هۆکاری سـەرەکی بـۆ هاوکاریکردنـی ئـەوان (قاعیـدە) ئەوەیە کە هاوپەیمانـان دەیانـەوێ مەیدانێکی نوێی شـەڕ لە دژی حووسـییەکان بکەنەوە". بەگوێرەی قسـەی سـەرۆکهۆزەکە دانیشـتووانی ناوچەکە بارهەڵگری چـەک و تەقەمەنیـان بینیوە کـە ناوچەی ماریبی ژێر دەسەڵاتی هاوپەیمانانەوە بۆ بنکەکانی قاعیدە گوازراونەتەوە و کاتێک داعشـەکان بەوەیان زانیوە تووڕە بوون.

ئێلیزابێس کێندڵ، شـارەزای یەمەن لە زانکۆی ئۆکسـفۆرد، پێیوایە دوژمنایەتی هەردوو رێکخراوە جیهادییەکە "پەیوەندی بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان و کێبڕکێی دەسەڵاتەوە هەیە"، بەدووریشی نەزانی هاوپەیمانێتیی عەرەبی بە سـەرۆکایەتی سـعودیە تـۆوی ناکۆکی لە نێـوان تەکفیرییەکانـی یەمەندا چاندبێ. بەگوتەی کێندڵ نزیک 60٪ی هێرشەکانی قاعیـدە لە یەمـەن لەدژی داعش بـووە، کەمتر لە 25٪ی دژی میلیشیاکانی سەر بە ئیماراتی عەرەبی و ئەوەی دیکەی لەدژی حووسییەکان بووە. رێژەی دەستوەشـاندنی داعـش لـە قاعیـدە زۆر لەوەش زیاترە.

ململانێکانی قاعیدە و داعش تەنیا لە مەیدانەکانی شـەڕدا نەمـاوە، بەڵکـو تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ژوورەکانـی چاتیشـی گرتووەتـەوە. سـەرەتای ئـەم مانگە ناوەندی ئەعمـاق، دەزگای راگەیاندنی داعش هەواڵی کوشـتنی "پێنج کەس لە ئەندامانی رێکخراوی قاعیدەی یەمـەن"ی بڵاوکردەوە. داعش رێکخراوی ئەلقاعیدەی یەمەن بەوە تۆمەتبار دەکات کـە پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی یەمەندا هەیـە. قاعیدەش لە وەڵامـی کوژرانی ئەندامەکانی بەدەسـتی داعش هەڕەشـەی "خوێـن لەبەرامبەر خوێن" دەکات.

سەرۆکهۆزەکان پێیانوایە داعش پاش شکستەکەی لـە سـووریا و عێراق دەیـەوێ کۆمەڵێک ناوچە لە یەمـەن کۆنترۆڵ بکات، بەڵام زۆربەی یەمەنییەکان پێیانوایە داعش لەوە توندوتیژترە متمانەی پێبکرێ. شارەزایان پێیوایە هەرچەند قاعیدەی یەمەن ئێستا زیاتر فۆکەسی لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانیەتی لە یەمەن هەتا بەشداری لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، بەڵام بەهێزبوونـی پێگەی ئەو رێکخراوە لە یەمەن زەمینە بـۆ بەهێزبوونـی باڵـە نێودەوڵەتییەکەی قاعیدەی یەمەن خۆشدەکات.

> شەڕی داعش و قاعیدە لە یەمەن لەسەر موڵکە
> بەرپرسێکی یەمەنی


قاعیدە حەوت هەزار چەکدار و داعشیش چەند سەت چەکدارێکی لە یەمەن هەیە



# تورکیا بۆ کڕینی S400 گرەو لەسەر هەڵوێستی نەرمی ترەمپ دەکات

رووداو- هەولێر

حکومەتـی تورکیا دەیەوێ لە رێگەی دۆناڵد ترەمپ، سـەرۆکی ئەمریکاوە خۆی لە سزاکانی ئەمریـکا بەدووربگـرێ کـە چاوەڕێ دەکـرێ واشنتن بەهۆی کڕینی سیستەمی دژەمووشەکی S400 لە رووسیا، بەسەر ئەنقەرەیدا بسەپێنێ، بـەڵام شـارەزایان و بەرپرسـانی ئەمریکـی پێیانوایە ترەمپ ناتوانێ بەرپەرچی هەموو ئەو ناڕەزایەتییانە بداتەوە کە لە واشـنتن بەرامبەر ئەنقەرە هەن.

هەفتـەی رابردوو ژمارەیـەک وەزیری تورکیا سـەردانی واشـنتنیان کـرد بـۆ ئـەوەی لـە گرژیـی پەیوەندییەکانـی نێوان هـەردوو وڵات کـەم بکەنـەوە. کۆبوونەوەکـە دوو مانگ پێش گواسـتنەوەی سیسـتەمە مووشـەکییەکە بـۆ تورکیـا هـات و تێیدا تیمـە تورکییەکە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکاش کۆبوونەوە.

بەرپرسـێکی بـاڵای حکومەتـی تورکیـا بە ئاژانسـی (رۆیتەرز)ی راگەیاند "سیگناڵەکان وا دەردەخـەن کە ترەمپ هەڵوێسـتێکی نەرمتری هەیـە لەچـاو کۆنگرێس. بێگومان پێویسـتە کۆمەڵێـک هەنـگاو بنێین، بـەڵام هەوڵەکان بۆ دۆزینـەوەی بۆچوونی هاوبـەش بەردەوامن". پاتریک شـەنەهان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا بـە وەکالـەت جەختی کردەوە لـەوەی هەردوو لایەن لە بڕیاری کۆتایی لەبارەی کێشەکە نزیک بوونەتەوە.

پێشـتر ئەمریکا هەڕەشـەی کردبوو کـە ئەگـەر تورکیـای ئەندامی ناتۆ سیسـتەمە دژەمووشـەکییەکە لـە رووسـیا بکڕێـت، ئەوە رووبەڕووی سـزا دەکرێتـەوە. ئامانـج لـە کۆبوونەوەکـەی هەفتـەی رابردوو ئـەوە بوو ترەمـپ قایـل بکەن دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی خۆی بەکاربهێنێ و تورکیا لە سزاکانی ئەمریکا بپارێزێ.

سزاکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی یاسایەکدان کـە سـاڵی 2017 دەرچـووە و بـە یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی دژبەرانی ئەمریکا لە رێگەی سـەپاندنی سزا ناسراوە. سـزاکان پیشەسازیی سـەربازی و بەرگریی رووسـیا و کڕیارەکانـی چەکی ئەو وڵاتە دەکاتە ئامانج. ئیبراهیم کالن، گوتەبێژی سـەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، رۆژی سێشـەممە لە واشنتن بە پەیامنێرانی راگەیاند: "ئەنقـەرە چـاوەڕێ دەکات ترەمپ دەسـەڵاتی خـۆی بەکاربهێنێ" تاوەکو ئەو یاسایە تورکیا نەگرێتەوە.

ترەمـپ خۆی کەیفی بە یاساکە نایەت و دوو سـاڵ لەمەوبەریش بە نابەدڵـی واژۆی کردووە. کۆنگرێس سـاڵی رابردوو لەسەر داوای وەزیری پێشـووی بەرگریی ئەمریکا رەزامەندی دەربڕی هەندێک وڵات بەهۆی کڕینی چەک لە رووسیاوە سـزایان بەسـەردا نەسـەپێنرێ، لەوانـەش هیندوسـتان، ڤێتنـام و ئیندۆنیسـیا، ئەو کات وەزارەتـی بەرگری رایگەیاندبـوو ئـەو وڵاتانە دەیانـەوێ بەرەبەرە مامەڵە سـەربازییەکانیان لەگەڵ رووسیا کەمبکەنەوە.

میدیای تورکیا لەسەر زاری بەرات ئالبایراک، زاوای ئەردۆغـان و وەزیـری دارایـی تورکیاوە ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە "تێگەیشـتنێکی ئەرێنی لەبارەی پێویستی تورکیا بە سیستەمی S400 لـەلای ترەمـپ دروسـتبووە". وەزیـری بەرگـری تورکیـا، گوتەبێـژی رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆکی تورکیـا و راوێـژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەنقەرەش جەختیان لەوە کردووەتـەوە کۆبوونەوەکەی واشـنتن بۆ ئەوە بووە تێگەیشـتنێکی باشـتر لەبـارەی روانگەی تورکیاوە لای ئەمریکییەکان دروست ببێ.

نەیل باتیە، شـارەزای سزاکانی ئەمریکا لە ناوەنـدی ئاسایشـی نوێی ئەمریـکا (CNAS) لـە لێدوانێک بۆ ماڵپـەڕی (ئەلمۆنیتەر) ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکات کاتێـک کۆنگرێس باسـی لێخۆشبوونی بۆ هەندێک وڵات دەکرد "هیچکەس ناوی تورکیای وەک ئەوە نەهێنا کە کاندیدێکی باش بێ بۆ ئەوەی نیازپاکی پیشان بدرێ".

هیندوسـتان یەکێکە لەو وڵاتانـەی ئەمریکا چاوپۆشـی لێکردووە، بەڵام حکومەتی نیودلهی وەکـو هاوپەیمانێکـی ئەمریـکا لـە رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی چین سەیر دەکرێ. ئەمریکا چین بە گەورەترین مەترسـی لەسـەر ئاسایشی نیشتمانی و ئابووری خۆی دەزانێ.

چـاوەڕێ دەکـرێ ئەنقـەرە لـە مانگـی حوزەیران سیستەمە مووشەکییەکەی رووسیای بەدەستبگات، بەرپرسێکی بەرگریی ئەمریکاش بە ماڵپەڕەکـەی راگەیاندووە ئەگەر تورکیا ئەو چەکـە رووسـییە وەربگـرێ، دەبـێ چاوەڕێی وەڵامی ئەمریکاش بکات.

تورکیـا بڕیـارە سیسـتەمێکی بەرگریـی ئەمریکیـش بکـڕێ، کـە بـە سیسـتەمی دژەمووشـەکی پاتریـۆت نـاوی دەرکـردووە. کاربەدەستەکەی پێنتاگۆنیش ئاشکرای کردووە بـە رێککەوتنـی نێـوان هەردوو لایـەن تورکیا لـە نێـوان 2020 بـۆ 2024 کۆی سیسـتەمە ئەمریکییەکـەی بەدەسـت دەگات، بـەڵام چارەنووسـی ئەو رێککەوتنەش بەستراوەتەوە بە چارەنووسی گرێبەستەکەی S400 لە نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە.

سـەرەتای ئـەم مانگـە مایـک پۆمپیـۆ لەبـەردەم لیژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی ئەنجوومەنـی پیرانـدا رایگەیاند کـە تورکیای ئـاگادار کردووەتەوە لەوەی ئەگەر سیسـتەمە رووسـییەکە بکڕن، ئەوە لە پرۆگرامی فڕۆکەی جەنگی ئێـف 35 دەردەکرێـن. حکومەتەکەی ئەردۆغـان بـە نیـازە 100 دانە لـەو فڕۆکەیە بکڕێ و 1.25 ملیار دۆلاریشی لە بەرهەمهێنانی ئەو فڕۆکەیەدا وەبەرهێنان کردووە.

پۆمپیـۆ لـە گوتارەکـەی خۆی لەبـەردەم ئەنجوومەنـی پیران باسـی لە جـۆری وەڵامی ئەمریکا نەکـرد، بەڵام کۆنگرێس جەختی لەوە کردووەتـەوە ئەگـەر تورکیا لە پلانـی کڕینی سیستەمە دژەمووشەکییەکەی رووسیا بەردەوام بـێ، رووبەڕووی سـزا دەبێتەوە. بەرپرسـێکی ئەمریکیـش بـە (رۆیتـەرز)ی راگەیانـدووە "ئەمریـکا بە روونی لایەنی تورکی تێگەیاندووە کە مەترسی سزاکان راستەقینەن".

هەڕەشـەی سـزاکانی ئەمریکا لە کاتێکدایە کـە ئابووریی تورکیا بە یەکێک لە سـەختترین قۆناغەکانـی خۆیدا تێدەپەڕێ، سـاڵی رابردوو نرخـی دراوی تورکیا بە رێـژەی 30٪ دابەزی، ئەمسـاڵیش بەهاکەی بە رێـژەی 10٪ی دیکە دابەزیوە. سـاڵی رابـردوو ئەمریـکا کۆمەڵێک سـزای بەسەر بەرپرسانی سیستەمی دادوەریی تورکیادا سەپاند، شارەزایانی ئابووریش گرژی پەیوەندییەکانـی نێوان هەردوو هاوپەیمانەکەی ناتۆ بە یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی ئابووری تورکیا دەزانن.

بەگوێـرەی راپۆرتێکی (رۆیتـەرز)، کالین ئامـاژەی بـۆ ئەوە کردووە کـە خۆی گوێی لێ بـووە ترەمـپ لـە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیدا بەڵێنی بە هاوتا تورکەکەی داوە چارەسـەرێک بۆ کێشـەکە بدۆزێتەوە. ژمارەیەک بەرپرسـی دیکـەش جەختیـان کردووەتـەوە لـەوەی لەو کێشـەیەدا ترەمپ هاوسـۆزییەکی بـۆ تورکیا هەیە.

بەرپرسـێکی بـاڵای تورکیـا بـە ئاژانسـە بەریتانییەکـەی گوتـووە کۆبوونەوەکـەی هەفتـەی رابـردوو "زۆر لـەوەی چاوەڕێمـان دەکـرد پۆزەتیڤتـر بـوون" و ئەمریکییـەکان "هەڵوێسـتێکی نەرمتریـان هەبـوو" لەچاو ئەو هەڵوێستەی لە میدیاکاندا پیشانی دەدەن.

شـارەزایان پێیانوایـە ئەرکـی ترەمـپ بۆ بەرگریکـردن لـە تورکیا ئاسـان نابـێ، لەبەر ئـەوەی دەبـێ بە کۆنگرێسـی بسـەلمێنێ کە کڕینـی S400 ئاڵوگۆڕێکـی سـەربازی گەورە نییـە، یەکڕیـزی ناتـۆ تێکنـادات و کاریگەری لەسـەر ئۆپەراسـیۆنەکانی ئەمریکا دانانـێ، هەروەهـا دەبـێ لـە نامەیـەک بـۆ کۆنگرێس پیشـانی بدات کە تورکیـا لە داهاتوودا هەنگاو دەنێ بۆ کەمکردنەوەی وابەسـتەیی سـەربازی خۆی بە رووسیا.

سـۆنەر جاگاپتای، لێکۆڵەر لـە پەیمانگای واشـنتن، بـە (رۆیتـەرز)ی راگەیانـدووە "بەمەحاڵی نازانم چاوپۆشـی لە تورکیا بکرێ، بـەڵام لە واشنتن هیچ کەسـێک دانی خێر بە تورکیادا ناهێنێ، بۆیەش هەوڵێکی سەختی لە پێشـە. یاسـای (CAATSA) بەو بیرۆکەیەوە نووسراوە کە هیچ کەلێنێکی تێدا نەبێ، بۆیەش ترەمپ دەبێ کەلێنێکی زۆرباش بدۆزێتەوە". بۆ ئەوەی بە هانای تورکیاوە بچێ.


ئەمریکا هۆشداری داوەتە تورکیا، ئەگەر سیستمە دژە مووشەکییەکەی رووسیا بکڕێ رووبەڕووی سزا دەبێتەوە



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# قۆناغی ململانێی هاوپەیمانەکانی سوپای پاسداران

هەموو ئەو سیاسەتانەی ئەمریکا وەک گەمارۆ یان وەک سزا پێشتر لەدژی ئێران گرتبوویە بەر، دەکرا بەجۆرێک سەیر بکرێت کە کاریگەرییەکانی تەنیا لەسەر ئێران دەبن، بەڵام دوای ئەوەی سوپای پاسدارانی خستە لیستی تیرۆرەوە، ئیتر دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کێشەکە تەنیا لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا نییە. چونکە لە داهاتوویەکی نزیکدا قۆناغی ململانێی هاوپەیمانەکانی سوپای پاسداران دێتە ئاراوە، بەمەش سنووری ململانێکە فراوانتر دەبێت.

هەرچەندە ئەمریکا دەیەوێ کێشەکە تەنیا لەگەڵ ئێراندا بێت و بازنەی نفووزی ئێران تەسک بکاتەوە بۆ جوگرافیاکەی خۆی، بەڵام ئێرانیش ئەوە دەزانێت کە چەندە جوگرافیای ململانێکە بەرتەسک ببێتەوە، لە بەرژەوەندیی ئەمریکایە و تا بازنەکە فراوانتر بێت ئاستەنگی زیاتر دێنێتە رێی پلانەکە. بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئێران بەهۆی هاوپەیمانەکانی سوپای پاسدارانەوە هاوکێشەکە بگۆڕێت. بەمەش لەلایەک ئەسڵی کێشەکە بۆ ئەمریکا کە سوپای پاسدارانە، لەبیر دەباتەوە و کێشە لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سوپای پاسداران دروست دەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئێران بە قازانجی خۆی گۆڕەپانەکە بەرفراوانتر دەکات.

کەواتە ئێستا ئەوەی بۆ هەردوولا چاوەڕوانکراوە، ئەوەیە کە ئێران دەیەوێ زیاتر پەل بهاوێ و ئاستی دەستڕاگەیشتنی لەناو کێشەی وڵاتانی ناوچەکە درێژتر بکات و ئەمریکاش دەیەوێ رایەڵەکانی پەیوەندی ئێران و ئەو وڵاتانەی ئێران بووە بە بەشێک لە کێشەکانی، ببچڕێت. لەم نێوەندەدا بەهۆی جوگرافیا و بەهۆی پاشکۆیەتی دەسەڵاتەکەی، عێراق دەبێتە ناوەندێکی گرنگی ململانێکە. ئێران پێویستی بەوەیە عێراق پرد و سەرچاوەی پەرینەوەی هەژموونی بێت بۆ شوێنگەلێکی دوورتر، ئەمریکاش دەخوازێت پردەکەی عێراق برووخێنێ بۆ ئەوەی پێویستی بە رووخاندنی پردی فراوانتر نەبێت.

دەستپێکی هەوڵەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستانەوە بوو، هەفتەی پێشوو لەسەر ئاستی باڵای ئەمریکا داوا لە هەرێمی کوردستان کرا کە نابێت رێگە بە فڕۆکەی هێڵەکانی ئێران بدات لە فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بنیشنەوە. کوردستان وەڵامێکی ئیحراجکەرانەی ئەمریکای دایەوە کە ناتوانین پابەندی ئەو خواستەی ئەمریکا بین و رێ لە هاتوچۆی خەڵک بگرین لە فڕۆکەخانەکانەوە، چونکە ساڵی رابردوو ئێوە گوشارتان خستە سەر هەرێمی کوردستان تا سەروەریی فڕۆکەخانەکانی تەسلیمی بەغدا بکات، ئێمەش بە ئامۆژگاریی ئێوەمان کرد و ئێستا فڕۆکەخانەکان لەلایەن بەغداوە سەرپەرشتی دەکرێن. بچن ئەو داوایە لە بەغدا بکەن نەک لە ئێمە.

ئەمریکا درک بەو هەڵانەی رابردووی خۆی دەکات کە بۆ رازیکردنی چەند لایەنێکی عێراقی چاوی لە هەموو ئەو تاوانکارییانەی بەغدا پۆشی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵام تازە درەنگە بۆ قەرەبووکردنەوەی. ئێستا ئیتر ئەمریکا ناچار دەبێت روو لە بەغدا خۆی بکاتەوە، هەرچەندە ئەگەری کردنەوەی دەرگاکانی بەغدا بەڕووی خواستەکانی ئەمریکادا زەحمەتە. چونکە ئێران لە دوای کشانەوەی ئەمریکاوە لە رێکەوتنە ئەتۆمییەکە، بایەخی عێراقی بۆ ئایندەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەمریکا باشتر لەبەرچاو گرتبوو، بەو هۆیەوە تەونی دەسەڵاتی عێراقی بە وردی چنیوە و هەروا بە ئاسانی ئەمریکا ناتوانێ ئەم دۆخەی ئێستای عێراق بە قازانجی خۆی هەڵبگێڕێتەوە. دەبێت ئەمریکا باجی ئەوە بدات کە چاوپۆشی لەوە کردووە تاران ئەندازیاری بیناکردنی بەغدا بێت.

بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەمریکا بەخۆداچوونەوەیەک بەسیاسەتەکانی بەرامبەر بەغدا بکات و بە جۆرێکی تر بێتەوە ناو هاوکێشەکان. چونکە بەغدای ئێستا گوێ لە هیچ داوایەکی ئەمریکا ناگرێت، بەسادەیی لەبەر ئەوەی دروستکراوی تارانە نەک واشنتن. کە لە رووکەشدا هەندێجار هەڵوێستێک دەنوێنن وەک ئەوەی نابنە بەشێک لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، بۆ ئەوەیە کە پابەندی خواستی ئەمریکا نەبن، چونکە لە واقیعدا دەسەڵات لە عێراق، دەسەڵاتێکی ئێرانییە.

هەموو لەبیرمانە ساڵی رابردوو لە مەتبەخی تاراندا قاسم سولەیمانی شێفی دروستکردنی خوانی ئەم سفرەیەی دەسەڵاتی بەغدا بوو. ئەمریکاش و هەموو دونیا ئەمە دەزانن، بۆیە کاتێک دەبیستین بەغدا باس لەوە دەکات کە نامانەوێ نە گوێ لە ئەمریکا بگرین و نە گوێ لە ئێران، قسەکە بۆ دوورخستنەوەی ئەمریکایە، چونکە لە بنەڕەتەوە بەغدای ئێستا گوێی لەمستی تاراندایە. ئێستا ئەرکی ئەمریکا لە ساڵانی رابردوو سەختترە، لەلایەک بەهۆی ئەوەی یارمەتیدەری ئەوە بوو کە بەغدا هەژموونی بەسەر کوردستاندا زاڵ بێت و رۆژێکی وەکوو ئەمڕۆی لەبەرچاو نەبوو، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی خۆدوورگرتن و چاوپۆشی لەوەی تاران حکومەت لە بەغدا پێکبهێنێ.

بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئیتر ئەمریکا کۆڵ بدات، یان نائومێد بێت لەوەی ئەو رۆڵەی پێویستە عێراق لە دژی ئێران بیگێڕێت، دەستبەرداری بێت. ئەوەی روویداوە تەنها ئەرکەکەی ئەمریکا قورستتر دەکات، بەڵام هەر ئامانجەکە دەپێکێت. رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەجۆرێک دەست لە عێراق وەربداتەوە کە پرسی ئاڵوگۆڕ لە هەرسێ دەستەی سەرۆکایەتییەکە بهێنێتە ئاراوە، کەشێک دروستبێت عێراقییەکان خۆیان داوای ئەوە بکەن کە دەبێت هەرسێ دەستەکە پێکەوە لابدرێن و بەشێوازێکی نوێ عێراق دابڕێژرێتەوە. بەتایبەتیش کە ئێران کارتەکانی لە رێگەی هاوپەیمانەکانی سوپای پاسدارانەوە، بۆ فراوانکردنی بازنەی ململانێ، یاخود بۆ دوورخستنەوەی قەیرانەکە لەخۆی، دەخاتە کار. بەو حوکمەش کە بەشێک لە هێزەکانی عێراق لە حەشدی شەعبی و گروپگەلی تر وابەستە و هاوپەیمانی سوپای پاسدارانن، بۆیە عێراق بەجۆرێکی چاوەڕواننەکراو بۆ ئەمریکا ناوەندێکی توندی دژ بە ئەمریکا دەبێت.

ئەمریکا سەرلەنوێ هاوشێوەی شەڕی کەنداو بۆ رووخانی سەدام، بۆ قۆناغەکانی داهاتووی ململانێی لەگەڵ ئێران، پێویستی بە جوگرافیای کوردستان دەبێتەوە. بەڵام کاتێتی کوردستان بۆ هەر داوایەکی ئەمریکا ئەوەیان بە رووادا بداتەوە کە ئێوە خواستی خەڵکی کوردستانتان بۆ سەربەخۆیی لەبەرچاو نەگرت تا لە رۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا سوود لەم دۆستەتان وەرگرن و بەزۆر ئێمەتان وابەستەی بەغدا کردەوە، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو گوشارەکانتان لەسەر بەغدابێت تەنانەت ئەگەر بتانەوێ بچوکترین کەڵک لە کوردستان ببینن. بەمەش لەلایەک کوردستان خۆی لە بوون بە بەشێکی ململانێی ئێران-ئەمریکا دووردەخاتەوە و لە بەرانبەریشدا بەرەیەکی تری ململانێ و گوشار لەسەر بەغدا دەکاتەوە کە ئەوەش مەعلومە تا بەغدا زیاتر لەژێر گوشاردا بێت، گوشارەکانی بەغداش لەسەر کوردستان کەم دەبنەوە.

خۆ ئەگەر لە حاڵێکدا ئەمریکا توانی مل بە بەغدا بدات بۆ هەر رێگەیەک تا عێراق و هەرێمی کوردستان دژ بە ئێران بەکاربهێنێ، ئەوکات دەسەڵات لە بەغدا رووبەڕووی کێشەیەکی دیکە دەبێتەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق هێزە وابەستەکانی سوپای پاسداران و هاوپەیمانەکانی بەگژ سیاسەتی بەغدادا دەچنەوە، عێراق بەرگەی دۆخێکی لەوجۆرە ناگرێ، هەر گوشارێکی ناوخۆیی یان گوشاری ئێران لەسەر بەغدا، بەقازانجی لاوازبوونی پێگە و هەژموونی ناوەند بەسەر کوردستانەوە دەکەوێتەوە.

کەواتە ئەوەی ئێستا چاوەڕوانکراوە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئێران خولێکی توندی ململانێ دەگوازنەوە ناو عێراق، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان خۆی لە کێشە و لێکەوتەکانی ئەو ململانێیە بەدوور بگرێت، وا باشە لەم دۆخەدا بۆ خواستی هەریەک لە ئێران و ئەمریکا وەڵامەکەی ئەوە بێت کە بریار لای بەغدایە.



زریان رۆژهەلاتی

# "لافاوەکەی ئێران" عێراقیش دەبات؟

لە تەنیشت ئەو لافاوەی کە بەشێک لە پارێزگاکانی ئێرانی گرتەوەو ماڵی هەزاران کەسی وێران کرد، لافاوی گوشارەکانی ئەمریکاش لەو وڵاتەی داوە و ئەگەر زۆرە کە ئەو لافاوە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بدات!

پابەندبوون بە گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەتوانێت پەلەپیتکەی چەندین کێشەی گرنگی ناوخۆیی بۆ عێراق راکێشێت و پابەندنەبوونیش دەتوانێت رێگا بۆ گوشارێکی چاوەڕواننەکراوی دەرەکی بکاتەوە. دانانی ناوی سوپای پاسدارانیش لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکان، ئەو گۆمەی بۆ بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش قووڵتر کردووە کە لە بەینی واشنتن و تاراندا تێیکەوتوون. چونکە زۆربەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران، بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی سوپای پاسدارانە و ئەمەش وایان لێدەکات لەمەودوا ناچاربن سەبارەت بە ئێران و ئەمریکا دووجار بیربکەنەوە!

## بۆچی سوپای پاسداران لە لیستی تیرۆر دانرا؟

لەبەرئەوەی:

1 – سوپای پاسداران تۆڕێکی سەربازی – ئەمنی – سیاسی و ئابووری بە یەکەوە بەستووە و هەندێکجاریش لە ئەدەبیاتی سیاسی ناوخۆی ئێراندا بە حکوومەتی هاوتەریب ، یان حکوومەتی چەکدار ناوبراوە، بۆیە هەربڕیارێک دەرهەق بەو سوپایە کاریگەری لەسەر تەواوی ئێران دادەنێت.

2– ئەمریکا دەیەوێت لەڕێی گەمارۆدان و بە تیرۆریست زانینی هەموو بەشەکانی سوپاوە، دەوڵەت و کۆمپانیا بیانییەکان بترسێنێ لەوەی کە نەکا ئەو کۆمپانیا ئێرانییەی کاری لەگەڵ دەکەن، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وابەستەی سوپا بن و لەبەرئەوەش تووشی سزای ئەمریکا بن.

3– لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە هەموو ئەو باڵیۆزانەی کە ئێران رەوانەی بەغدای کردوون یان ئەندامی سوپای پاسداران بوون یان تۆمەتباربوون بەوەی کە ئەندامی سوپای قودسن. ئەمەش تەنها نموونەیەکە بۆ ئەو رۆڵەی کە سوپای پاسداران لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەیەتی و ئەمریکا بەم بڕیارە بە تەمایە جموجۆڵەکانی ئێران لە ناوچەکە سنووردارتر بکات.

4– لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی بڕیارەکەی ترەمپ ئەوە بێت کە تەگەرە بۆ هاوکاریی سەربازی- ئەمنی لە بەینی هەریەک لە عێراق و ئێران و ئێران و تورکیا دروستبکات. ناوەناوە بەرپرسانی سەربازی ئێران و عێراق و سووریا کۆدەبنەوە و بەمدواییانەش، تەنها چەند رۆژ دوای گەیشتنی وەجبەیەکی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا کە بە عێراقی فرۆشتوون، سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران و عوسمان غانمی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بڕیاریان لەسەر دانوستاندن بۆ گەشەپێدانی بەرگری ئاسمانی داوە. دوای بڕیارەکەی ترەمپ، عێراق ناچاردەبێت دووجار بیربکاتەوە لە هاوکاریی سەربازی لەگەڵ گرووپێک کە ئەمریکا بە تیرۆریستی دەزانێت.

لەلایەکی تریشەوە و لەدوای گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە، بە دەستپێشخەری سوپای پاسداران، هاوکارییەکی ناوچەیی لە بەینی ئێران و تورکیا و عێراق دروستبوو کە ئەگەری دووبارەکردنەوەی ئەو مۆدێلی هاوکارییە سێقۆڵییە لە سووریاش هەیە. ئەمریکا لە رێگەی بە تیرۆریست ناساندنی سوپاوە دەیەوێت رێگا لە هاوکارییەکی گریمانەیی ئێران و تورکیا و سووریاش بگرێت. تورکیا هێشتا ئەندامی ناتۆیە و بەگوێرەی ئەوەش ناتوانێ هاوکاری لەگەڵ هێزێک بکات کە دوژمنداری لەگەڵ ئەندامێکی دیکەی ناتۆدا هەیە!

## کاریگەری بڕیارەکەی ترەمپ لەسەر عێراق

لەوانەیە هیچکام لە واشنتن و تاران لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا نەیانەوێت تووشی شەڕ بن، بەڵام دۆخی ئێستا بەجۆرێک هەستناک بووە کە رووداوێکی بچووکیش دەتوانێت پڵیتەی جەنگی ئەمریکا و ئێران داگیرسێنێ. بە لەبەرچاوگرتنی نەخشەی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە و هەروەها پێگەی سەربازیی ئێران و هاوپەیمانەکانی، لەگەڵ لێکنزیکبوونی ئەو هێزە نەیارانە لە کەنداو و عێراق و سووریا، ئەگەری پێکدادان زیاتر بووە و ئەگەر ئەمەش روویدات، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دادەنێت. بەلەبەرچاوگرتنی دابەشبوونە ناوخۆییەکان، لەوانەیە جەنگی گریمانەیی ئەمریکا و ئێران هەر بەزوویی، سروشتی خۆی بۆ ململانێیەکی ناوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بگۆڕێت و رێ بۆ شەپۆلێکی کۆچی پەنابەران لە ئێرانەوە بۆ عێراق، بە تایبەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە.

لەلایکی دیکەوە، گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و ئەمنی و سەربازییەکان لەگەڵ عێراق، دەتوانێت بۆ ئێران واتای رۆڵ پەیداکردنێکی زیاتری ناوچەیی بێت و دەرچەیەکیش بۆ دەربازبوون لە گەمارۆ بێت. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەمریکاییەکان بۆ خۆیان لە دوو قۆناغدا رێگەیان بۆ باڵادەستیی ئێران لە عێراق خۆشکرد. ئەو کاتەی کە سەدامیان رووخاند دەرگایەکیان بۆ تاران کردەوە، بەڵام ئەو وەختەی کە لە 2011دا بە پەلەپڕووزە عێراقیان جێهێشت، هەموو دەرگاکانیان بۆ ئێران کردەوە و ئێستا واشنتن بەتەمایە سنوورێک بۆ ئێران لە عێراق دابنێت.

تا ئێستا ئێران بەری دوو جەنگی 2003 و جەنگی 2014ی داعشی خواردووە و لە عێراقدا لە پێش ئەمریکاوەیە. بەراوردکردنی دیمەنی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆککۆماری ئێران لە عێراق گەواهییەکە بۆ ئەوەی کە ئێران لە عێراق پێشی ئەمریکا کەوتووە. دۆناڵد ترەمپ دوای چەندجار دواخستن، شەوێک بە نهێنی هاتە عێراق و بە زمانێکی گازندەکردنەوە گوتی: "ئێمە حەوت ملیارمان لێرە خەرج کردووە کەچی دەبێ بەدزییەوە سەردانی بکەین" ، بەڵام دیمەنی سەردانەکەی حەسەن روحانی بۆ بەغدا تەواو جیاواز بوو.

سەرۆکوەزیران و سەرۆککۆماری عێراق، تا ئەندازەیەکی زۆر بە دڵی ئەمریکا نا، بەڵکوو بە دڵی ئێران دەستنیشانکران. ژمارەیەکی زۆریش لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی و هێزە سیاسییەکانی نزیک لە ئێرانیش لە دامەزراوەی پەرلەماندا هەن. جگە لەوە، تاران خەریکی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی خۆیەتی لەگەڵ لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق.

لەبەرامبەر ئەوەشدا عێراقییەکان پێویستییەکی زۆریان بە ئەمریکا هەیە تا لەڕێی ئەوەوە تێکەڵاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بن. جگە لەوە، بۆ دابینکردنی ئەمنی وڵات و چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر و بنیاتنانەوەی هێزی سوپا پێویستی بە ئەمریکا هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییانەش دەتوانین گرنگترین کاریگەرییەکانی بڕیاری بە تیرۆریست ناساندنی سوپا لەسەر عێراق بەمجۆرە ببینین:

1– قۆناغەکە وردە وردە بەرەو ئەوە دەچێت کە ئیدی بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستان نەتوانن وەکو جاران هەم دڵی ئەمریکا رابگرن و هەمیش زیاتر بەلای ئێراندا بیشکێننەوە.

ئەمریکا لە ئەندازەی وابەستەییە ئابووری و سیاسییەکانی عێراق بە ئێران تێدەگات، بۆیە ماوەی بەخشینی عێراقی لە هەندێک لە گەمارۆکانی سەر ئێران بۆ سێ مانگی دیکەش درێژکردەوە. رەنگە لە ماوەی کورتخایەندا ئەو سیاسەتەی عێراق سەربگرێت، بەڵام ئەگەر هەروا بڕوات، لە درێژخایەندا بەناچاری دەبێ لە بەینی گوشاری ئەمریکا و درێژەدان بە یارمەتیدانی ئێران یەکیان هەڵبژێرن.

2 – چۆنیەتی جێبەجێبوونی بڕیارەکەی ترەمپ گرێکوێرەیەکی بۆ عێراقییەکان دروستکردووە. بۆ نموونە بەپێی هەواڵەکان ئیرەج مەسجدی باڵیۆزی ئێستای ئێران لە بەغدا راوێژکاری باڵای قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس بووە. ئەگەر وابێت، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم باڵیۆزەی ئێران لە عێراق لە چاوی ئەمریکاوە تیرۆریستە؟ ئەگەر وابێت و بەرپرسانی عێراقی درێژە بە قبوڵکردنی مەسجدی وەک باڵیۆزی ئێران بدەن، دواتر تووشی سزای ئەمریکا دەبن یان نا؟ ئەمریکا ڤیزەیان پێدەدات؟ داراییەکانیان بلۆک دەکات؟ یان دەستی شل دەگرێت و گوێی پێنادات؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن کە هێشتا بێ وەڵامن.

3–عێراقییەکان بەرچاویان لێڵە سەبارەت بەوەی کە چۆن بتوانن درێژە بەهاوکارییە ئابوورییەکان و تیجارەتیان لەگەڵ ئێران بدەن، بەبێ ئەوەی تووشی سزای ئەمریکا بن. بە پلەی یەکەم عێراق ئەو توانایەی نییە دەستبەجێ بزانێت ئەو کۆمپانیایەی کاری لەگەڵ دەکات راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەربە سوپایە یان نا. لەلایەکی دیکەش، عێراق بە تایبەتی لە کەرتی وزەدا، هێشتا پێویستی بە ئێرانە و تا ئێستاش پرۆژەی ئەمریکییەکان بۆ سەربەخۆیی وزەی عێراق لەڕێی هاوکاریکردن لەگەڵ سعودیە و ئوردن و دوو کۆمپانیای ئەڵمانی نەگەیشتووەتە ئاستێک کە بەغدا پێویستی بە ئێران نەمێنێت.

4– کێشەکانی ئەمریکا و ئێران دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی عێراق دانێت. پابەندبوون بە گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەکرێ کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی لێبکەوێتەوە، وەک ئەگەری رووخانی حکوومەت، دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانی جەماوەری و تەنانەت جەنگی ناوخۆیی و زیادبوونی کێشەی ئەمنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە مانگی 5ی ساڵی رابردوو لە رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران کشایەوە و رایگەیاند کە ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی لە مانگی 11ی هەمانساڵدا گەمارۆکانی ئێران بگەڕێنێتەوە. لەو بەینەدا حەیدەر عەبادی کە وادیاربوو کاندیدی خوازراوی ئەمریکییەکان بێت بۆ وەرگرتنەوەی سەرۆکایەتی وەزیران، رایگەیاند کە ئەوان لەبەر بەرژەوەندییەکانی عێراق ناتوانن پابەندی گەمارۆکانی سەر ئێران نەبن. لەوەبەدواش بەخشکەیی کاروباری بانکیی ئێرانییەکان لە عێراق سەختکرا و بەغدا نەیدەویست پارەی کەڵەکەبووی قەرزەکانی ئێران بە دۆلار بداتەوە. ئەمەش وای لە بەرپرسانی تاران کرد هەتا کارەبای بەسرە ببڕن و بەوەش شەپۆلێکی ناڕەزایی ناوخۆیی لە عێراق دەرکەوت. جگە لەوە دەرکەوتنی هەریەک لە هادی عامری و ئەبومەهدی موهەندیس لە پارێزگا لافاولێدراوەکانی ئێران لەگەڵ قاسم سولەیمانی، دەشێ پەیامی جەختکردنەوە لە کاریگەری سیاسی و سەربازیی ئێرانی لە عێراق بۆ ئەمریکا تێدابێت. ئەمانەش نیشانەیەکی ئاشکران بۆ ئەوەی کە چۆنچۆنی گرفتەکانی بەینی ئێران و ئەمریکا دەتوانێت زوو سرووشتی خۆی بگۆڕێت و وەک پرسێکی ناوخۆیی عێراقی لێبێت. بەهەمانشێوە، پابەندنەبوونیش بە گەمارۆکانی ئەمریکا دەتوانێت کێشەی ئابووری، سزادانی ئەمریکا و ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکانیش زیاتر بکات.

کێشەی ئێران و ئەمریکا گرێکوێرەیەکی سەختی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دروستکردووە. رەنگە دواجار ئێرانییەکان لەگەڵ ئەمریکا دەست بە دانوستاندن بکەن، یان رەنگە بە پێچەوانەوە دۆخەکە بەرەو جەنگ بڕوات. هەرچۆنێک بێت لافاوی ئەو گوشارەی کە ئێستا ئەمریکا لەسەر ئێرانی داناوە، دەگاتە عێراق و هەرێمی کوردستانیش!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# گۆڕان نەبووە گیسکی گوناه

## 1

دوای ڕێککەوتنی دوو هەفتە پێش ئێستای پارتی و یەکێتی (تا ڕاددەیەکیش ڕێککەوتنی ناو باڵەکانی یەکێتی)، ئیتر تۆپەکە کەوتەوە گۆڕەپانی پارتی و، یەکێتی لەو ماوەیەدا بێدەنگیی هەڵبژاردووە و بە قەولی خۆیان چاوەڕێی ئەوەن پارتی چۆن لەگەڵ گۆڕان ڕێکدەکەوێ، تا دوای ئەوە ڕێککەوتنی تەواوکاریی چواری ئادار لەگەڵ پارتی ئیمزا بکەن. هەفتەی ڕابردوو لەڕووی جموجوڵی سیاسییەوە هەفتەیەکی بێدەنگ بوو؛ پارتی هەوڵی دەدا قەناعەت بە گۆڕان بهێنێ و، گۆڕانیش داوای مۆڵەتێکی یەک هەفتەیی لە پارتی کرد بۆ تاوتوێکردنی ئەو داوایەی کە پارتی لە گۆڕانی هەیە، ئەویش بریتی بوو لە زیادکردنی جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان. پارتیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە و چاوەڕوانیی وەڵامی گۆڕان، داوای هەفتەیەک مۆڵەتی لە یەکێتی کرد تا دوا ئیمزا بخەنە سەر ڕێککەوتنەکەیان.

لە دانوستاندنەکانی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتدا، تەنها لایەنێک کە لەڕووی سیاسییەوە بێ هەڵە بووبێت گۆڕان بووە. گۆڕان لەو چوارچێوەیەی کە هەیبووە، داواکارییەکانی خۆی خستووەتە سەر مێز و لە 18ی شوباتدا، لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنی ئیمزا کردووە. سەرباری ئەوەش گۆڕان باش لەوە تێگەیشتووە کە بێ یەکێتی پرۆسەکە پەکی دەکەوێ و، ناکرێ پارتی لەسەر پۆستێک بخاتە هەڵوێستێکی موحریجەوە. بۆیە بەپێی زانیارییەکان گۆڕان و پارتی لەوبارەیەوە ڕێککەوتوون و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا تەکانێک بە پرۆسەکە دەدرێتەوە و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێککەوتنی گۆڕان، پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان دەخرێتە دەنگدانەوە، دوای ئەوەش ئیتر دەرگای خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات.

یەکێتی ئەگەرچی لەماوەی ڕابردوودا بە ڕواڵەت دژی ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتی نەبووە، بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەی نەشاردووەتەوە کە ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان لەسەر حیسابی ئەوان و بۆ کەمکردنەوە لە هێز و قورسایی یەکێتی بووە لە حوکمڕانیدا. بۆیە لە جیاتی ئەوەی بە ئاشکرا هێرش بکاتە سەر ڕێککەوتنەکە، لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ پارتیدا بێ ئەوەی داوای ئەو پۆستانە بکات کە پارتی بە گۆڕانی داون، گوشاری لەسەر پارتی دروووست کرد کە هاوتاکانی ئەو پۆستانەی دەستبکەوێت و ڕێگە نەدات گۆڕان و پارتی لە هیچ پێگەیەکدا بتوانن بەتەنها هەنگاو بنێن. بەڵکو گۆڕان بکشێتەوە!

ئەمجارەش گۆڕان بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی دوایین ئاستەنگی بەردەم پرۆسەکە لادەبات.

## دەسەڵاتەکانی سەرۆک

## 2

لەو ڕۆژەوەی کە مەسەلەی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان (لەڕووی قانوونی و فیعلییەوە) کەوتووەتە بەرباس و ئێستا لە دوایین قۆناغدایە، کەمترین نیقاش لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی داهاتوو دەکرێت. لە کاتێکدا، کێشەی شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک (لە ناو خەڵک یان پەرلەمان؟) لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا گەورەترین قەیرانی سیاسی لە کوردستان خولقاند و کوردستانی تا سەر لێواری شەڕی ناوخۆ برد و، یەکێک لە گەورەترین ڕێککەوتنە سیاسی و ستراتیژییەکانی هەڵوەشاندەوە.

لەو پرۆژە قانوونەی کە دوو جار خوێندنەوەی بۆ کراوە و ئیتر چاوەڕێی ئەوەیە دەنگی لەسەر بدرێت، شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک لەناو پەرلەمانە. بێ ئاماژە بەوەی چەند خول دەتوانێ سەرۆک بێت و ئەو باسە هەڵگیراوە بۆ نووسینەوەی دەستوور لەم خولەی پەرلەماندا. خۆ ئەگەر دەستوور لەم خولەشدا نەنووسرایەوە، ئەوا یان لەسەر ئەو قانوونەی ئێستا بەردەوام دەبن، یان ئەوەتا جارێکی دیکە هەمواری دەکەنەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، بزووتنەوەی گۆڕان لەو مەسەلەیەدا دوو ئامانجی پێکا کە یەکەمیان گۆڕینی سیستەمەکە بوو، دووەمیان توانی جێگەی خۆی وەکو جێگر لەو دامەزراوەیەدا مسۆگەر بکات. یەکێتیش کە دیتی بە هەر شێوەیەک بێت گۆڕان و پارتی توانای تێپەڕاندنی قانوونەکەیان هەیە (بە مەبەست) نەپەرژایە سەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پتر بە دوای پشکی خۆیەوە بوو لەو دامەزراوەیە.

بۆچوونێک هەیە کە پارتی بە ئەنقەست، مەسەلەی جێگرەکانی کردبێتە کێشە، تا گۆڕان و یەکێتی نەپەرژێنە سەر دەسەڵاتەکانی سەرۆک. بەڵام ڕاستییەکەی نە گۆڕان و نە یەکێتی لەم قۆناغە تازەیەدا و بە تایبەتیش لەسەردەمی سەرۆکایەتییەکی نوێ بۆ حکومەت (کە پێشتر ئەزموونیان لەگەڵی نەبووە) نایانەوێ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوە و ببێتە سەرۆکێکی تەشریفاتی، بە تایبەتیش کە لایان مسۆگەرە نێچیرڤان بارزانی دەبێتە سەرۆک.

## باڵە دەستڕۆیشتووەکەی کۆمەڵ!

## 3

ئەخیرەن کۆمەڵی ئیسلامیش تەققەی تێکەوت. کۆمەڵ کە خۆی بەرهەمی زنجیرەیەک لێکترازانی سیاسی و عەقیدەییە، سەرباری ئەوەی کە توانیویەتی لەم هەڵبژاردنانەی ڕابردوودا، لانیکەم پێگەی جەماوەریی خۆی بپارێزێ، بەڵام بەرەو هەڵوەرینێکی سیاسی دەڕوات. هاوپەیمانیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی ئارام قادر، زۆر بە هێمنی و بە خشکەیی ئیش لەسەر پێگەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکات. تەرحکردنی باڵی دەستڕۆیشتوو لەناو کۆمەڵی ئیسلامی کە حزبێکە بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی و مەرتەبەی شەرعی بەڕێوە دەچێت، بیانوویەکی موقنیع نییە. تۆ کە لە حزبەکەتدا باوەڕت بەوە هەبێ یەکێک لە خۆت بکەی بە ئەمیری ئەو موئمینانەی لێی کۆبوونەتەوە و بەیعەتت پێ دابێت، توانای لێپێچینەوە لە دەسەڵاتەکانیت نییە. پلەبەندیی حزبی و عەقیدەییت ڕێگەت پێ نادات هیچ یەک لە ئیجتیهادات و بۆچوونەکانی ببەیە ژێر پرسیارەوە! تەنانەت ئەمیر تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندا بێت هەر ئەمیرە و بۆشی هەیە بە حوکمی پێگەکەی جێگرەوە بۆ خۆی دابنێت و، شوێنکەوتووەکانیشی دەبێ بەپێی سوننەت بەیعەتی پێ بدەن. کەواتا دوای نەمانی داعش و شکستی ئیخوان، فۆڕمێکی دیکە لە موحافەزەکاریی موسڵمان (نەک ئیسلامی) لە کوردستان بەڕێوەیە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گۆڕان تەڵەکەی تەقاند

هەریەکە لە پارتی و گۆڕان لە ڕۆژی پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەیانەوە دەیانزانی ئەمە زۆر کەس و لایەن نیگەران دەکات و هەوڵی لەباربردنی دەدەن. ڕاستە یەکێتی بەزەقی ئەو هەوڵەی دا، بەڵام کۆمەڵ و جووڵانەوەکەی شاسوار و هەندێ لایەنی نێو پارتی و گۆڕان و تەنانەت یەکگرتووش گرەویان لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەوەی لەنێوان پارتی و گۆڕان هەیە مانگێکی هەنگوینی دەبێ و زوو کۆتایی دێت. پێداگیریش لەسەر مەسەلەی زیادکردنی جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەڵەیەکی یەکێتییانە بوو، بەڵام سەرکردایەتیی گۆڕان بە زیرەکانە لەگەڵ پارتی تەقاندیان.

ئەم هەفتەیە هیچ پاساوێک بۆ یەکێتی نەماوەتەوە تا لەوە زیاتر پرۆسە سیاسییەکە بە چەقیوی بهێڵێتەوە. پارتیش و گۆڕانیش دەزانن بۆ ئەم قۆناغە و بۆ ئایندەی درێژخایەنیش چەندە بۆ یەکدی پێویستن و چەندەش باشە کە لە هەفتەکانی ڕابردوودا هەردوولا متمانەیان بۆ یەکدی دروستکردووە لەبارەی ئەوەی ڕێککەوتنەکەیان پتەوە و درێژخایەن دەبێت. کاتێک مەسەلەی زیادکردنی جێگرەکە هاتەپێشەوە، گۆڕان دڵەڕاوکێی قووڵی هەبوو لەوەی کە پارتی ئەوان بە یەکێتی بگۆڕێتەوە و لەکۆتاییدا وەک کارتی گوشار بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی بەکاریانبهێنێ. بەڵام ئێستا بەو هەڵوێستەی لە هەفتەکانی ڕابردوودا لە ناوەندی بڕیاری پارتییەوە بینیویەتی، تێگەیشتووە کە هەرچەندە بۆ پارتی ڕێککەوتنێکی باش لەگەڵ یەکێتی پێویستە، بەڵام ڕێککەوتنێکی هاوشێوەش لەگەڵ گۆڕان (کە هەیە و وادیارە پارتی پەرۆشی جێبەجێکردنیەتی) پێویستییەکی گەورەی قۆناغە سیاسییە نوێکەیە لە کوردستان. وەک لە دۆستانی نێو گۆڕانەوە زانیومە، بەو تێگەیشتنەوە سەرکردایەتیی گۆڕان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو متمانەیەی لەنێوان ئەوان و پارتیدا دروست بووە و قازانجی کوردستان و هەردوو حیزبی تێدایە، زۆر لەوە گەورەترە لەسەر زیادکردنی جێگرەکە بۆ یەکێتی تێکیبدەن.

گۆڕان لەوەشدا زیرەکیی کرد کە هەر زوو لە پەیامی شەقام و دەنگدەری کوردستان تێگەیشت و ڕێگەی خۆی لەو حیزبانە جیاکردەوە کە پێیانوابوو لە قۆناغە نوێیەکەشدا پۆپوولیزم گەورەیان دەکات. بۆ زانیاریی خوێنەری ئەم گۆشەیە، لە زۆر شوێنی دنیا کێرڤی پۆپوولیستەکان رووی لە هەڵکشان کردووە و دوایین نموونەشی هۆڵەندایە. بەڵام لە کوردستان لە دوایین هەڵبژاردندا ئەو حیزبانەی پێشتر ئەو جۆرە خیتابەیان هەبوو، دەنگەکانیان لەسەر ئاستی کوردستان کەمیکرد و بەشێکی بۆ نەوەی نوێ ڕۆیشت، کە خاوەنی میدیایەکە لە سلێمانی تەماشای دەکرێت. بۆیە وێنەکە بەوشێوەیەیە کە ئەگەر حیزبێکی پۆپوولیست بیت، زۆربەی کوردستان دەنگت ناداتێ و دەبێ تەنیا ڕوو لە بازنەیەکی هەڵبژاردنی پڕ لە یاریزانی وەک سلێمانی بکەیت کە خەڵکەکەی بەهۆی پشتگوێخستن و خراپ ئیدارەکردنییەوە نیگەرانن و بەشێکیان حیزبەکانی دیکەی وەک یەکێتی و تەنانەت گۆڕانیش بە دەنگدان بە نەوەی نوێ و حیزبەکانی دیکە سزا دەدەن. بەڵام وەک لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەرکەوت، چەندە ڕێککەوتنەکەی پارتی و گۆڕان و دوای ئەو یەکێتیش پتەوتر بێت، هێندە دۆخی نێوخۆی حیزبە خاوەن خیتابە پۆپوولیستییەکان زۆرتر دەشڵەژێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە خەڵک لە قسەی زل تێربووە و کردەوەی دەوێت، کردەوەش بەوانە دەکرێت کە شتیان بەدەستە و ئیشیان پێدەکرێ. گۆڕان لەمە تێگەیشت و چاکیکرد کە هاتە نێو حوکمڕانییەوە، پارتیش چاکیکرد کە نەیهێشت گۆڕان تەڵەی یەکێتی و ئەوانیدیکەی پێدا بتەقێ و بەوهۆیەوە ژینگەی پۆپوولیزم لەبارتر بێت. چونکە بینیمان چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا یەکێتی سلێمانیی پشتگوێدەخست، کەچی تیری خیتابی پۆپوولیستی (لەسەرڕووی هەمووشیانەوە هی گۆڕان) ڕووی لە پارتی بوو.



ڕەفعەت سەلیمی

# لافاوی حەشدی شەعبی لە ئەهواز

وەک دەزانرێت، ماوەی زیاتر لە مانگێک دەبێت نزیکەی بیست پارێزگای ئێران لەگەڵ قەیرانی لافاو و ژێرئاوکەوتندا بەرەوڕوون و پێشناچێت بەم زووانە ئەم قەیرانە کۆتایی بێت. لەم نێوەندەدا چۆنێتی ئیدارەدانی قەیران لەلایەن بەرپرسەکانی ئێرانەوە مشتومڕی زۆری هەڵگرتووە و ئەم لافاوە توانای فەرمانگەی "دەستەی ئیدارەدانی قەیران"ی ئەو وڵاتەی بەشێوازێکی جددی مەحەک داوە. ئەمەش لەوانەیە پێویستی بە شرۆڤەی شارەزایەکی کاروباری فۆرس ماژۆر و ئیدارەدانی قەیرانی لەناکاو بێت. بەڵام خاڵێکی ئەم بابەتە کە دەکرێت لەلایەن شرۆڤەکارێکی سیاسییەوە ڕاڤە بکرێت، پرسی هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبیی عێراقیە بۆ یارمەتیی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ئێران کە تەنیا ئەهواز و ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێرانی گرتووەتەوە و هەرئەمەش چەندین پرسیار و بۆچوونی لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بە ئۆپۆزیسیۆن و بەرپرسانی حکومیشەوە لێکەوتووەتەوە. زۆرکەس بەگومانەوە لەم هەنگاوەی سوپای ئێران و عێراق دەڕوانن.

بۆ نموونە دەگوترێ:

1- کۆماری ئیسلامی دوای چل ساڵ لە حوکمکردنی وڵاتێکی لە هەموو ڕوویەکەوە دەوڵەمەندی وەک ئێران، ئایا بۆ ئیدارەدانی ڕووداوێکی سروشتیی پێشبینیکراوی وەک لافاو هێشتا بەڕاستی پێویستی بە یارمەتیی هێزی مرۆیی وڵاتانی دیکە هەیە؟

2- ئەگەر ئێران پێویستی بە هاتنی هێزی مرۆیی لە وڵاتێکی دراوسێوە هەبێت، ئایا ڕێکخراوی وەک مانگی سوور یان خاچی سوور کە ڕاهێنانی تایبەت بە ڕووداوی فۆرس ماژۆریان بینیوە، گونجاوترن بۆ یارمەتیدان یان هێزێکی سەربازیی وەک حەشدی شەعبی؟

3- ئەگەر هێزی حەشدی شەعبی عێراقی بەڕاستی ئامانجی یارمەتیدانی بەرکەوتووانی لافاوە، بۆچی لەو بیست پارێزگایەی ئێران تەنیا و تەنیا لە پارێزگای عەرەبنشینی ئەهواز هاوکاری پێشکەش دەکات؟

4- ئایا کۆماری ئیسلامی جگە لە حەشدی شەعبی ڕێگە بە هێزەکانی دیکەی سوپای عێراق یان هێزی سەربازیی وڵاتانی دیکە دەدات بۆ یارمەتیدانی مرۆیی بچنە نێو خاکی ئێرانەوە؟

ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری لۆژیکیی دیکەش وایانکردووە کە هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ یارمەتیی ناوچە عەرەبیە لافاولێدراوەکانی ئێران مشتومڕی زۆری لە ناوەندە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تەنانەت لە شەقامی ئێرانیشدا لێبکەوێتەوە. چەندین بۆچوون لەبارەی ئەم هەنگاوەی ئێران و عێراق لە ئارادان، هەر هەمووشیان لەو خاڵەدا هاوبەشن کە ئامانجی سەرەکی لەم هەنگاوە زیاتر لەوەی تەکنیکی و یارمەتیی مرۆیی بێت، سیاسیە.

کۆمەڵێک پێیانوایە بەهۆی ئەوەی کە چالاکییەکانی وەزارەتی نەوت و سامانە سروشتییەکانی ئێران لە ناوچەی فاو و بەتایبەتی زۆنگاوی (هورولعەزیم) مەترسیی ناڕەزایی گشتگیری خەڵکی عەرەبی ناوچەکەی لێدەکرێت، ئێران دەیەوێت بە هێنانی حەشدی شەعبی هۆشداریی توند بە خەڵکی لێقەوماوی ناوچەکە بدات کە هەرجۆرە ناڕەزاییەک ڕووبەڕووی توندترین ڕێوشوێن دەبێتەوە. جگە لەوە ئێران دەیەوێ ناڕاستەوخۆ عەرەبی شیعە و حەشدی شەعبی عێراقی کە بەتەواوی گوێڕایەڵی خۆیەتی، وەک تاقە خەمخۆر و فریادڕەسی خەڵکی عەرەبی ئێران پێناسە بکات بۆ ئەوەی کە چیتر ئەو خەڵکە، وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەی وەک سعودیە و ئیمارات و تەنانەت عومان و قەتەریش وەک جێگای هیوا و پشتپێبەستن یان سەرچاوەی ئیلهام وەرنەگرن. لەم ڕوانگەیەوە ئەم کارەی سوپای ئێران و عێراق زیاتر وەک مەسجیک بۆ وڵاتانی عەرەبیی کەنداویش دەبینرێت کە تموح و هیوایان لەسەر دانیشتووانی عەرەبی ناڕازیی ئێران هەڵچنیوە. واتە مەبەستی سەرەکیی ئەم هەنگاوە نەک یارمەتی مرۆیی، بەڵکوو وەک پەیامێکی سیاسی دەبینن. ئەم بۆچوونە زیاتر لەلایەن دژبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە، بەتایبەت عەرەبە ناڕازییەکانی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ناعەرەبیی تاراوگەوە دەدرکێت.

هەندێ کەسیش دەپرسن: بۆچی دەبێ هێزی تەنیا وڵاتێکی ناوچەکە کە خوێناویترین شەڕی سەردەمیان لەگەڵ ئێراندا کردووە، بتوانن وا بەئاسانی بێنە نێو خاکی ئێرانەوە و پێیانوایە ئەم کارە برینی پەترۆبەستووی هەزاران بنەماڵەی ئێرانی دەکولێنێتەوە کە ڕۆڵەکانیان لە شەڕی ئێران و عێراقدا وەک لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا دەگوترێت، بە دەستی سوپای عێراق شەهیدکراون. بەرهەڵستانی ئەم بۆچوونەش دەڵێن حەشدی شەعبی زیاتر ئەو بەشە لە ڕۆڵەکانی عێراق لەخۆدەگرێت کە بەدڵ ڕۆڵەی ئێرانن و لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا دژی سوپای سەدام شانبەشانی هێزە ئێرانییەکان جەنگاون و لە دێرزەمانەوە سەر و دڵیان بە ئێران و ئێرانییەکان سپاردووە، لەوانە ئەبومەهدی موهەندس و پیاوەکانی. تەنانەت کەسانێک دوورتر دەچن و دەڵێن عێراق لە ڕابردوویەکی نزیک و دووردا بەشێکی سەرەکی لە ئێران بووە و زۆرجار پایتەختی شارستانیەتی ئێرانیش بووە و بەئێستاشەوە لەنێو ئەم تاقمەدا وەک بەشێک لە ئێران سەیر دەکرێت.

وێنە ڕاستەقینەکە: ئامریکا و کێشەکانی نێوان ئێران و ئامریکا پاڵنەری سەرەکیی هەموو کردەوە هاوچەشنەکانی ئێرانە. وادەی کۆتاییهاتنی ماوەی درێژکراوی وڵاتانی بەخشراو لە گەمارۆ سەربازییەکانی ئێران وا خەریکە تەواو دەبێت و ئامریکا ڕایگەیاندووە کە ئەم ماوەیە جارێکی دیکە درێژ ناکرێتەوە. هەروەها بەتازەیی ئامریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە لیستی تیرۆرەوە کە ئەمەش بەبۆچوونی زۆرکەس بە قۆناغی ڕێخۆشکەری شەڕ پێناسە دەکرێت. ئەم دوو کردارەی ئامریکا پاڵنەری سەرەکیی ئێران بوو کە بە هێنانی حەشدی شەعبی لەژێرناوی یارمەتیی لافاولێدراوان دوو مەسجی سەرەکی بۆ ئامریکا و وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کە زۆربەیان هاوپەیمانی ئامریکان، بنێرێت. ئێران دەیەوێ بە ئامریکا بڵێت کە یەکەم: عێراق هەرگیز پابەندی گەمارۆکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران نابێت و ئێران دەتوانێت بە یارمەتیی بازاڕی عێراق ئەم قەیرانەش تێپەڕێنێ و، دووەم: دەیەوێ بەئامریکا و عەرەبە هاوپەیمانەکانی بڵێت دانانی سوپای پاسداران لە لیستی تیرۆر هیچ گۆڕانکارییەک لە چالاکی و باڵادەستیی ئێران و سوپاکەی لە وڵاتانی زۆرینە شیعەی ناوچەکەدا دروست ناکات و باڵەکانی سوپای پاسداران و لەوانە حەشدی شەعبی لە بناگوێی هێزەکانی ئامریکا و عەرەبە هاوپەیمانەکانیدا بەهێزەوە جیگیرکراون و لەئەگەری شەڕدا ئێران بۆ ئامریکا و ئەو وڵاتە عەرەبیانەی وەک سعودیە و ئیمارات کە لەوانەیە بچنە بەرەی ئامریکاوە، پاروویەکی ئاسان نابێت و دروستکردنی ناتۆیەکی عەرەبی لە دژی ئێران منداڵێکە بەمردوویی لەدایک دەبێت.

خاوەنی ئیمتیاز: تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر: سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر: ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی: بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

ریکلام

# 22 کۆمپانیای سعودی بەشداری لە (بەشی سعودی) لە پیشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ بیناسازی دەکەن

لەژێر چەتری بەشی شانشینی عەرەبی سعودیە بە رێبەرایەتی دەستەی پەرەپێدانی هەناردەکانی سعودیە، ئەمساڵ 22 کۆمپانیای سعودی بەشدار لە پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر، تایبەت بە بواری بیناسازی و بونیادنان و ئامێری و بەردی سروشتی دەکەن کە بڕیار وایە لە رۆژانی 22 تا 24ی نیسانی 2019 لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ. ئەمەش بۆ تەواوکردنی رۆڵی خۆی لە پاڵپشتیکردن و ریکلامکردن بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی سعودیە و زیادکردنی بەشی بازاڕیی لە بازاڕە جیهانییەکان، ئەمەش بۆ نیشاندەری دیدگای شانشینی سعودیە 2030 و ئامانجەکانی بۆ زیادکردنی رێژەی هەناردە نا نەوتییەکان لە 16 % بۆ 50%ی تێکڕای بەرهەمە ناوخۆییەکان.

ئەم بەشداریکردنە درێژەپێدەری پەیوەندییە مێژووییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە، چونکە هەناردەکاری سعودیە بۆ سێیەمجارە لەسەر یەک بەشداری دەکەن هەر لە پیشانگەی نێودەوڵەتیی بەغداد و حەوتەم پیشانگەی نێودەوڵەتی نەوت و گاز لە ساڵی 2017، ئەمڕۆش بەشداری دەکات لە بەشی شانشینی عەرەبی سعودی لە پیشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر تایبەت بە بیناسازی کە لە خولی پێشوویدا لە ساڵی 2016 زیاتر لە 300 کۆمپانیا لە 20 وڵات لە سەرتاسەری جیهان بەشدارییان تێدا کرد و زیاتر لە 21 هەزار کەس سەردانیان کرد.

ئامانج لەم هەموو بەشداریکردنە پتەوکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان و کردنەوەی کەناڵی هەناردەکردنی نوێیە بۆ کۆمپانیا سعودییەکان لە بازاڕە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لە عێراق، چونکە شانشینی عەرەبی سعودیە بەمدواییە بە پەرۆشە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی بازرگانیی نێوانیان و هەوڵدەدات بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی پەیوەندیی برایەتی مێژوویی نێوانمان. لەم رووەوە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پتەوکردن و ئاسانکاری پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق و بە نیازە لە رێگای دەستەی هەناردەکاری سعودیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەروازەیەکی نوێ لە خاڵی سنووری عەرعەر بەشێوەیەکی ئەزموونی بکاتەوە بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات دەدات. شایەنی ئاماژەپێکردنە هەناردەی سعودیە بۆ عێراق جگە لە بەرهەمە نەوتییەکان لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا گەیشتە 10 ملیار ریاڵی سعودی و لە ساڵی 2018 گەیشتە 2،4 ملیار ریاڵی سعودی.

(هەناردەکاری سعودیە) گشت تواناکانی دەخاتەگەڕ بۆ بەرەوپێشبردنی توانستی ژینگەی هەناردەکاری و نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانەی کە رەنگە رووبەڕووی ببنەوە و بەرزکردنەوەی زانیاری لە پرۆسەکانی هەناردەکردن و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان لە بواری هەناردەکردن. هەروەها کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی هەناردکردنی ئەو دەزگایانەی کە ئامانجن لە رێگای هەڵسەنگاندنی ئامادەیی هەناردەکردن و راوێژکردن بۆ باشترکردنی تواناکانی هەناردەکردن. هەروەها (هەناردەکاری سعودیە) ئاسانکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و بازاڕی گونجاو بۆ ئەو دەزگایانە، ئەویش بە دانانی بەڵگەکانی چوونە نێو بازاڕەکان و دیراسەتکردنی بازاڕەکان بەپێی خواست. بەشداری دەکات لە دەرخستنی بەرهەمەکانی سعودیە بەرامبەر بەو چینانەی کە ئامانجن لە رێگای بەشداری لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها خزمەتگوزاری ئاسانکاری پێکەوەبەستنی نێوان هەناردەکاران و کڕیاران و کۆمپانیا پێشبینیکراوەکان ئاسان دەکات لە رێگای نێردە بازرگانییەکان و چاوپێکەوتنی دوو قوڵی لە میانی پیشانگ نێودەوڵەتییەکان.

بەشداری (هەناردەکانی سعودیە) رەنگدانەوەی (دیدگای شانشینی سعودیە 2030)ە و بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی سەرکردایەتی حەکیمانەیە بەرەو هەمەجۆریی سەرچاوەکانی داهاتی ئابووریی نیشتمانی.

